# سەرەتایەک بۆ خوێندنەوەیەکی نوێی مێژووی چەپی کوردی(عیراق)

## - بەشی یەکەم -

**ئەمجەد شاکەلی**

تێبینییەکی پێویست:

خوێنەری هێژا، ئەم گوتارەی کە ئێستا دەیخوێنییەوە، ساڵی 1997 نووسیومە، بەڵام لەبەر ئەوەی دەرفەتی بڵاوبوونەوەی، بەسەریەکەوە و بە تەواوی و تا ئێستا بۆ نەڕەخساوە- دیارە لەبەر زۆر هۆ و لەپێش هەمووشیانەوە، نەڕەنجاندنی دڵی ئەم و ئەو، نەک لە لایەن خۆمەوە، بەڵکە لە لایەن ئەو بڵاوکراوە و گۆڤار و مانگنامە و شتانەوە، کە بۆم دەناردن، بۆ پەخشکردنەوە - ناچار بەش بەش و جار جار بڵاو کراوەتەوە. سەرەتا هاوڕێیانی بڵاوکراوەی(پەیام)، کە لە لەندەن دەردەچوو، چەند بەشێکیان لێ پەخش کردەوە. دواتر بەداخەوە (پەیام) داخرا. یەک بەشی دیکەی لە گۆڤاری(گزینگ)دا بڵاو کرایەوە و ئەویش ئیدی نەیتوانی درێژە بە بڵاوکردنەوەی بدات و بە گوێرەی تیۆری"ماڵی قەڵب سەر بە ساحێبێتی" گێڕدرایەوە بۆ خۆم. گۆڤاری(گوڵان)یش، کە لە کوردستان دەردەچێت، دوو بەشیان، لەوەی کە لە (پەیام)دا بڵاو کرابوونەوە، بڵاوکردەوە. ئەوانیش کە ئیدی زانییان بە قازانجیان نییە، دەستبەرداری بڵاوکردنەوەی بوون. دواتریش لە ماڵپەڕی (www.kurdistannet.org) دا و بە ماندووبوونی کاک عومەر فارسی بەرپرسیی، بوێرانە نۆ بەشی لێ بڵاو کرایەوە. لەگەڵ زۆر شوێنی دیکەشدا، گۆڤار و ڕۆژنامە، باسی بڵاوکردنەوەیم کردووە، وەلێ کەس، بۆ ئەوەی سەرێشە بۆ خۆی ساز نەکات، خۆی لەقەرە نەداوە. هەر جارەی، کە بەشێکیشی بڵاوکراوەتەوە، بەپێی توانست، گۆڕانگارییی تێدا کراوە، واتە لەگەڵ ئەوەی، کە لە 1997دا نووسراوە، گۆڕانی گەلێک بەسەردا هاتووە. هیوادارم بتوانم بە کاوەخۆ و هەرجارەی برێکی بگەیەنمە خزمەتتان.

**********************************************************

لەو لەتەی باشووری کوردستان-کە شوێنە گرنگ و پڕفەڕ و بەپیت و خێر و بەرەکەتەکانی وەک کەرکووک و خانەقین و شەنگار و زۆر شوێنی دیکە ناگرێتەوە- کە دەکرێ وەک ئەو ناوچە ئۆتۆنۆمییە قرتێندراو و هەڵپاچراو و نیوەچڵە



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

سەیر بکرێ، کە لە 1974دا حوکوومەتی بەعس بە کوردی ڕەوا بینی، چونکە هەر هەمان ناوچەیە و ئێستاش لەژێر چەکمەی چەکدار و میلیشیاکانی کۆمەڵێک حیزب و تاقمدا دەناڵێنێت، زووزوو هەواڵی شەڕ و پێکدادان، لە نێوان هێزە چەکدارەکانێ کورددا و بە تایبەت لە نێوان هێزەکانی پارتیی دیموکراتی کوردستان و یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستاندا، دەگاتە بەر گوێی هەموو مرۆڤێکی ئەم سەر زەوییە —ئەوەی کە کورد و ئەو دەڤەرە دەناسێت، دەنا خەڵک هەن لە کوولەکەی تەپیشدا ناوی کوردیان نەبیستووە- و ژیانی خەڵکی کوردی ئەو ناوچەیەش دەخاتە مەترسییەوە و گشت ئاواتێکیش لەگەڵ تەقاندنی هەموو فیشەکێکدا، گرتێبەردەدا. ئەو دەڤەرەی، کە پارتیی دیموکراتی کوردستان و یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، فەرمانڕەوایی دەکەن، بە کردەوە بووە بە دوو لەتەوە و هەر حیزبێک لەوانە فەرمانڕەوای لەتێکیانە. هەرچەندە ئەو حیزبانە بۆ خۆیان نایانەوێ و ناوێرن، نێوی دەوڵەتی لێ بنێن و پێیان خۆشە هەر بە پاشکۆی عیراقەوە بمێنێتەوە، بەڵام ئەو دوو لەتە دەکرێ وەک دوو دەوڵەتۆکەی بچووک، یا هیچ نەبێت وەک دوو شت، کە لە دەوڵەتۆکە دەچن، لە قەڵەم بدرێن. ئەو بارەی ئێستا تا ڕادەیەک لە سەردەمی میرنشینەکانی کورد دەچێ، کە هەر میرێک فەرمانڕەوایی ناوچەیەکی دەکرد، ئێستاش میر گۆڕدراوە بە سەرۆک حیزبێکی سیاسی. پەیدابوونی ئەو بارەی ئێستای ئەو ناوچەیە و بەو شێوەیەی، کە هەیە و ئەو شەڕ و پێکدادانانە، بێجگە لە هەڵپەی دەسەڵات، ئەنجامی بیر و تێڕوانینێکی ناوچەگەرییانە و ناکوردستانییانەی هێزە سیاسییە کوردییەکانن. گەلەک کەس لەوانەی، لەمەڕ ئەو شەڕ و پێکدادان و ملانێیانەوە دەنووسن و باس دەکەن، پتر دەیانگێڕنەوە بۆ کەرتبوونی پارتیی دیموکراتی کوردستان لە ساڵی 1964دا. جەرجیس فەتحوڵلا، لە بارەی ئەو شەڕەوە لە بەرسڤی ڕۆژنامەوانێکدا دەڵێ :"ئەو کوشتار و نەبەردانەی، ڕوویان داوە و ڕوو دەدەن، ناکرێ بە براکوژی باس بکرێن. ئەوە لەڕاستیدا شەڕێکە لە نێوان دوژمنانێکدا، کە هیچ هۆیەک بۆ دوژمنایەتییان نازانن(نییە)، بێجگە لەوەی، کە سەر بەم لایەنە یا سەرکردەیەتییەن، کە نەیار و ملانێکەری ئەو لایەنە یا سەرکردەیەتییەی دیکەیە. لەو شەڕەدا بێجگە لە سەپاندنی دەسەڵات و داگیرکردن و چەسپاندنی شوێن، هیچ نیازێکی دیکە نییە. چ مەسەلەیەکی نیشتمانی و ئارمانجێکی سیاسیی شەرەفمەندانە نییە. ئەم شەڕە وەنەبێ ئێستا سەری هەڵدابێت، یەکەم تۆوی ئەم شەڕە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کێشەیەی، کە لەسەر ئەوەی کێ خاوەنی مافی ئەوەیە بە ناوی گەلی کوردەوە لە عیراقدا قسان بکات، واتە لە پلەی یەکەمدا سەرکردەیەتی بکات. ئەم شەڕە لەوەوە پەیدا بوو. ڕەنگە ڕەگوڕیشەی ئەم شەڕە بگەڕێتەوە بۆ 30 ساڵی ڕەبەق، کاتێک کە دووبەرەکی کەوتە نێو بزاڤی نیشتمانیی چەکداریی کوردەوە"[1]. فەتحوڵلا، زۆر زیرەکانە بۆ مەسەلەکە چووە و بوێرانە و ڕاستگۆیانە لێی کۆڵیوەتەوە، بەڵام پێش دەستدانەچەک، شتگەلی دیکە لە ئارادا هەبوونە و دەبێ مرۆڤ خۆیان لێ نەبوێرێت. شەڕی نێوان پارتیی و یەکیەتیی، شەڕێکی دێرینە. ئەگەر بە شوێن سەرەتا و دەسپێکی ئەو شەڕەدا بگەڕێین، دەبێ ئاوڕێک لە مێژووی پارتیی دیموکراتی کوردستان، لە سەرەتای دامەزراندنییەوە تا ئەم دواییە، بدەینەوە. شەڕی نێوان پارتیی و یەکیەتیی، نە شەڕی براکوژی و نە شەڕی خوشککوژی و نە شەڕی خزمکوژییە، بەڵکە شەڕی دوو دوژمنی سەرسەخت و بە خوێنی یەک تینووە و ساڵانێکی دوور و درێژە لە ڕقەبەرایەتی و ملانێ و کوشتاردان و مەسەلەکەش ئەوەیە، کە کێ دەبێ دەمڕاست و خاوەن دەسەڵات بێت. ئەو شەڕە وەنەبێ کەفوکوڵێکی تازەبابەت و زادەی ئەوڕۆ و دوێنێ و پار و پێرار بێت، بەڵکە گەلێک لەوە کۆنترە و قووڵترە. ئەگەر ساڵی 1964، وەک جەرجیس فەتحوڵلا و گەلەک کەسی دی پێیانوایە، بە دەسپێکی ئەو شەڕە دانێین، ڕەنگە بە تەنێ بیرمان لە لایەنی سەربازی و چەکبازی

[1] فتح الله، جرجيس، آراء محظورة في شؤون عراقية معاصرة، دارالشمس للطباعة والنشر، ستۆكهولم، 1994، ص 206.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئەو مەسەلەیە کردبێتەوە. بێگومان هەموو شەڕێک چ لە نێوان دوو کەسدا یا دوو دەستە و تاقمدا یا دوو دەوڵەتدا بێت، پێش ئەوەی پەلاماری یەکدی بدەن و دەست بدەنە یەخەی یەکدی، دەبێ بڕێک گومان لەیەک بوون و بە خراپە لە پاشملە باسکردنی یەکدی و ناوزڕاندن و شەڕەقسە و جنێوبەیەکدان و دەمەقاڵە و هێرش و پڕۆپاگەندەی ڕادیۆیی و تەلەڤزیۆنی و نووسین و ڕاگەیاندنی دژی یەکدی و ئەو جۆرە شتانە ڕوو بدەن، ئەوجا کار لە کار بترازێ و توانستی گفتوگۆ و دەمەتەقە نەمێنێت، ئیدی زۆر و زەبر و تۆبزی و چەک دەبنە تاکەئامرازی چارەسەرکردنی کێشەی نێوان هەردوو لا. بێگومان زۆر و زەبر و تۆبز و چەک، ئامرازی چارەسەرکردنی هیچ کێشەیەک نین. زۆر و زەبر و تۆبز و چەک، کاردانەوەیەکی کرچ و کاڵ و نەڕەسیو و زارۆکانەیە و بۆ مرۆڤێکی خاوەنئاوەز و هۆشیار و پێگەیشتوو، کارێکی نەکردەنی و نابەجێیە، چونکە شەڕ نیشانەی خۆڕانەگرتن و خۆکۆنترۆڵنەکردنە و کۆتاییهاتنی ڕێز و بەها مرۆڤایەتییەکان دەگەیەنێت. ئەو شەڕە وەک شەڕی سارد، گەلێک پێش 1964 دەستیپێکردووە و لە 1964یشەوە بووە بە شەڕی گەرم. ئەو شەڕەی ئێستاکەش بەردەوامیی و درێژەپێدانی ئەو ملانێیەی نێو پارتیی دیموکراتی کوردستانە، کە هێڵی ئیبراهیم ئەحمەد-جەلال تاڵەبانی، لایەکی بووە و حەمزە(هەمزە) عەبدوڵڵا-بۆ ماوەیەک- و بارزانی لایەکی دیکەی. بەڵام ملانێی ئەو دوو هێڵە بە تێپەڕبوونی ساڵان، هەر لە نێوان پێڕەوانی ئیبراهیم ئەحمەد-جەلال تاڵەبانی و بارزانیدا نەمایەوە، بەڵکە بەرینتر بووەوە و بێجگە لە جەلالی و بارزانی، کەوتە نێوان جەلالی لە لایەک و کۆمۆنیست و چەپ و نەتەوەیی و ئیسلامیی کورد و عیراقی و...لە ئالییەکی دیکەوە. ئەو ملانێیە تا ئێستاش هەر بەردەوامە و لە ئارادایە و هەر یەکەش بە پێی تێڕوانین و بۆچوونی خۆی لێکی دەداتەوە و هەڵیدەسەنگێنێت. خەڵکانێک هەن، ئەو جەنگە درێژخایەنەی نێوان ئەو دوو بەرەبابە، نەک هەر بە زیانی کوردی نازانن، بەڵکە بەپێچەوانەشەوە پێیانوایە بە قازانجی کوردە. مەسعوود موحەممەد دەڵێ:"ئێمە لەم جیهانی سێیەمماندا(دوای سەد)، کە لە ئاستێکی(شارستانی)دا ماوینەتەوە، یەکێک لەو سەرتەڵانە[مەبەستی ئیبراهیم ئەحمەدە –شاکەلی] دەڵێ، شەڕی نێوان حیزبی یەکیەتی نیشتمانی و دیموکراتی کوردستان[پارتیی –شاکەلی]، ڕێگەیەکە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی، وەک چۆن جەنگی فرانکۆ لەگەڵ نەیارانیدا لە ئیسپانیا پێش جەنگیی دووەم، بوو بە هۆی دامەزراندنی دەوڵەت...ئەو[ئیبراهیم ئەحمەد –شاکەلی] ئەمە دەڵێ و ئەوە لە بیر خۆی دەباتەوە، کە ئیسپانیا دەوڵەتێکی کۆن و جێیخۆگرتوو و پتەوە و کوردیش سێبەری دەسەڵاتدارییەکی کارتۆنیشی نییە..خاوەنی ئەم فەتوایە، کوردێکی حەساوەی خۆشگوزەرانی دانیشتووی لەندەنە و فەرمانەکانی بە خائیناندنی فلان و فلان، ئەوانەی کە بڕێک ناویان هەیە و لە تاقمەکەی خۆی نین، دەپەخشێتەوە"[2]. هی واش هەیە بە ملانێی لادێیی و وەرزێر و دەرەبەگ لە لایەک و شاریی لە لایەکی دیکە دەداتە قەڵەم، جۆناتان ڕاندل دەڵێ:"لە ڕابوردوودا لە نێو هەندەک دەستە و نێوەندیی ئەکادیمیدا وایان پێ خۆش بوو، کە بارزانییەکان و پارتیی دیموکراتی کوردستان بە نوێنەری وەرزیر و هێزی دەرەبەگی شەڕخواز و، جەلال تاڵەبانی و یەکیەتی نیشتمانی کوردستان بە نوێنەری کۆمەڵانی شاریی نوێ و شەڕنەخواز، لە قەڵەم بدەن"[3]. هی واش هەن، جارێک بە ملانێی خێڵەکیەتی و شارستانیەتی و جارێک بە ملانێی ڕووناکبیری و نەخوێندەواری و جارێک بە ملانێی پێشکەوتنخواز و کۆنەپەرست و جارێک بە ملانێی سۆران و کرمانج و...چەندین جۆری دیکە نێوی لێ دەنێن[4]. یەکێک لەو لێکدانەوە و بۆچوونانەش،

---

[2] محمد، مسعود، المجتمع البشري..؟لماذا يشبه مستشفي المجانين؟، الجزء الاول، دار ئاراس للطباعة والنشر، أربيل 1999،ص29.

[3] راندل، جوناثان، أمة في شقاق دروب كردستان كما سلكتها، ترجمة فادي حمود، دارالنهارللنشر، بيروت 1997،ص46-47.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ملانێی سۆران و کرمانج و...چەندین جۆری دیکە نێوی لێ دەنێن[4]. یەکێک لەو لێکدانەوە و بۆچوونانەش، کە دەکەوێتە بازنەی ئەو جۆرە تێڕوانیناوە، گوتاری "صفحة من تاريخ اليسار الكردي(العراقي) – لاپەڕەیەک لە مێژووی چەپی کوردی(عیراق)"ی (سامی شۆڕش)ە، کە تەواوی ئەو ملانێیەی نێوان بارزانی و ئیبراهیم ئەحمەد- جەلال تاڵەبانی، بە ملانێی ڕاست و چەپ، لێکدەداتەوە و هێڵی ئیبراهیم ئەحمەد - جەلال تاڵەبانی و حیزبەکەیان بە سەرەتای چەپی کورد-لە عیراقدا- دادەنێ.

لە لاپەڕە 73-85ی ژمارە 8ی ساڵی1996ی گۆڤاری ئەبواب(ابو اب)دا، کە بە عەرەبی، لە لەندەن دەردەچێت، سامی شۆڕش، بە ناونیشانی"صفحة من تاريخ اليسار الكردي(العراقي)– لاپەڕەیەک لە مێژووی چەپی کوردی(عیراق)" گوتارێکی بە عەرەبی نووسیوە[5]. گوتارەکەی شۆڕش، بۆ سەرلێشێواندن و چەواشەکردنی خوێنەری عەرەبە. من پێموایە خوێنەرانێکی عەرەب، کە گوتارگەلی لەو جۆرە بخوێننەوە –ئەگەر هەشبن- دەگمەنن و ئەو دەگمەنەش هیچ جۆرە ئارەزوو و چێژێک لە وەها وتارگەلێک نابینن و بەلای ئەوانیشەوە لە بابەتێکی بێتام زێتر هیچی دی نییە، چونکە ئەگەر خوێنەری عەرەب، ئارەزووی ئەو بابەتانەی هەبووایە، ئەوا ئێستا و زۆر لەمێژ بوو، موناقەشە و گفتوگۆ و باس و ڕاگۆڕینەوەیەکی یەکجار فراوان، لەبارەی ئەو مەسەلانەوە، لەنێو عەرەب-عەرەب و عەرەب-کورددا، بۆ تێگەیشتن لە یەکدی و چارەسەرکردنی گیروگرفتەکان، دەهاتە کایەوە و گرێکوێرەکان دەکرانەوە. ئەو نووسینانە پتر لە لایەن کوردگەلێکەوە دەخوێندرێنەوە، کە بێجگە لە کوردی، بە عەرەبییش دەخوێننەوە یا هەر تەنێ بە عەرەبی دەخوێننەوە. لەو جۆرە گوتارانە، کە بۆ خوێنەری عەرەب دەنووسرێن، لە زۆر جێگەدا بەرچاو دەکەون. لە ژمارە 31 و 32ی نیومانگنامەی ئەلمەنار ئەلکوردی(المنار الكردي) تەمووز و ئابی 1997دا، کە یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان –بیرۆی دەرەوە- لە لەندەن و بە عەرەبی دەری دەکات، لە نووسینی فەرید ئەسەسەرد، گوتارێک بە ناونیشانی "قراءة جديدة في تاريخ الحزب الديموقراطي الكردستاني –خوێندنەوەیەکی نوێی مێژووی پارتیی دیموکراتی کوردستان" نووسراوە. ئەو نووسەرەش وێنەیەکی ناڕاست و ئاوەژووکراوەی بەشێکی مێژووی کورد بە خوێنەری عەرەب پێشکەش دەکات و بە چاویلکەیەکی ناڕوونی حیزبی، مێژووەکە دەخوێنێتەوە. سامی شۆڕش، سەرەتا باش بۆ مەسەلەکە چووە و هەوڵی داوە بە کورتی لە پێوەندی کورد لەتەک بیروباوەڕی مارکسایەتی و چەپ و کۆمۆنیستیدا بدوێ و، ئەوەی پێشان داوە، کە چۆن حیزبی

---

[4] کە یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان هەولێریان گرت و دەسەڵات بە تەنێ کەوتە دەستی خۆیان و پارتیی لە هەولێر وەدەرنرابوون، لەگەڵ برادەرێکدا، باسی ئەو مەسەلەیەمان دەکرد، ئەو برادەرە بە هەموو هۆش و بیر و کوردبوونی خۆیەوە دەیگوت:"جا هەولێر کەی گیراوە، هەولێر ڕزگار کراوە، هەولێر سۆرانە خۆ کرمانج نییە". دۆستێکی کەرکووکیم بۆی گێڕامەوە و گوتی:"کە پارتیی لە 31-8-1996دا، هەولێریان گرتەوە، ڕادیۆی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، بە هەموو دەنگیی خۆی هاواری دەکرد و دەیقیڕاند و دەیگوت:" وا هاتنەوە، وا جارێکی دی کرایەوە بە فەرەنسی، وا بووەوە بە فەرەنسی، خەڵکی سۆران ڕاپەڕن، بادینانی هەولێریان گرتەوە". دیارە مەبەستی لەو فرانسییەش کرمانجی بوو، واتە وا کرایەوە بە کرمانجی و بەوە دەیەویست هانی خەڵکی هەولێر بدات بۆ بەرەنگاربوونەوەی پارتیی، بە بیانووی ئەوەی کە کرمانجی پەیڤان هاتنەوە.

[5] ئەم گوتارە، یا ڕاستتر بڵێم سەردێڕی گوتارەکە، برادەرێکی وەبیر هێنامەوە. ئەو برادەرە خوالێخۆشبوو (کامەران دڵسۆز) بوو، کە پێش چەند ساڵێک لە لەندەن کۆچی دوایی کرد. لە ئێوارە پیاسەیەکی سەر جادەی سەعدوون و ئەبوونوواسی بەغدادا، لەگەڵ کاک کامەران دڵسۆز و کاک مەهدی کاکەیی، لە ساڵی 1970دا، باس لە چەپ و ڕاست و کورد و سیاسەت دەکرا، کاک کامەران گوتی، کە بەتەمایە کتێبێک لەسەر مێژوو و ڕۆڵی چەپی کورد بنووسێ. مەبەستی ئەویش لە چەپی کورد تاقمی ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی بوو، کە بە جەلالی دەناسران. موناقەشەیەکی درێژ کەوتە نێوانمانەوە و من پێم لەسەر ناچەپایەتی و ناشۆڕشگێڕی و جاشایەتی ئەو تاقمە و ئەویش پێی لەسەر چەپایەتی و شۆڕشگێڕی و نیشتمانپەروەرییان دادەگرت و کەسیشمان بە بیروڕای ئەوی دیمان قایل نەدەبووین. وەک بشزانم ئەو برادەرە ئەو کتێبەی هەر نەنووسی.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

کۆمۆنیستی عیراق لەنێو خەڵکی کورددا پەرەی سەندووە و کوردێکی فرەی لێ کۆبووەتەوە و ڕۆڵی بەرچاویشیان تێدا بینیوە. وەک نموونەش ناوی چەند کەسێکی ناسراوی ئەو بوارەی هێناوە. تا ئێرە بڕوا ناکەم کەس لاریی لەقسەکانی شۆڕش هەبێت، لێ دوایی باسەکە دەگۆڕێت و بەرەو لایەکی دیکەی ئاراستە دەکات. دوایی باس لە پێوەندی خۆی بە کۆمەڵەی مارکسی-لێنینی کوردستان و دواتریش، بە هۆی فازیل مەلا مەحموود[6]ەوە، لە ساڵی 1972دا بە حیزبی کۆمۆنیستی عیراق –سەرکردەیەتیی نێوەندی(القیادة المرکزیة)ەوە تا دەستبەردانی لەو ڕێکخراوە لە ساڵی 1979دا و چوونە ڕیزی بزاڤی کوردەوە لە ساڵی 1982دا، دەکات. ئاماژەش بۆ ڕوانگە و هەندێ دیتنی ترۆتسکیستانەی خۆی، حوسەین عارف و جەلالی میرزا کەریم دەکات. بۆ ئەوەی بە باشی لە باسەکە تێبگەین و بیروڕاکانی(شۆڕش)مان باشتر لا ڕوون ببێتەوە، پێمباشە چەند برگەیەکی نووسینەکەی، بە تایبەت ئەوەی پێوەندی بە کرۆکی باسەکە –واتە چەپایەتی ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی و پێڕۆیانیان- ەوە هەیە، بکەم بە کوردی. سامی شۆڕش دەڵێ:

"کوردە چەپەکان، لەوانیش بۆ نموونە ئیبراهیم ئەحمەد، ڕۆڵێکی دیاریان هەبوو لە تێکەڵکردنی بیری نەتەوایەتیی حیزبەکوردییەکان، بە بابەتی چەپایەتی و سۆسیالیزم و دیموکراسی"(ل74).

"ئەو چەپە، لە ڕێگەی پرۆسێسێکی سیاسیی ئاڵۆزەوە، بە شێوەیەکی ڕوونتر خۆی لە خەڵکانی دی جوێ کردەوە"

---

[6] فازیلی مەلا مەحموود، لە بنەماڵەیەکی مەلازادە، لە سلێمانی، لە سەرەتای ساڵی 1948دا لەدایک بووە. 1972 بەشی زانستی سیاسی لە زانستگەی بەغدا تەواو کردووە. تا سازکردنی کۆمەڵەی مارکسی-لێنینی کوردستان و هەڵوەشاندنەوەی یەکەم حیزبی جەلالی لە 1971دا، هەر سەر بە ڕێبازی جەلالی بوو. 1972 بەهۆی فاڕووقی مەلا مستەفاوە، کە ئامۆزای بوو و بەرپرسی هەرێمی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی عیراقی-سەرکردەیەتی نێوەندی(القیادة المرکزیة) بوو، پێوەندی بەو حیزبەوە کرد و بوو بە هەڵسووڕێنەرێکی ئەو حیزبە. پاش هەرەسی 1975، کە ئیبراهیم عەللاوی(ئەبوو لەیلا)ی سکرتێر و هەندێک لە سەرانی حیزبی کۆمۆنیستی عیراقی-سەرکردەیەتی نێوەندی(القیادة المرکزیة)، ڕێگەی ئەورووپایان گرتەبەر و فاڕووقی مەلا مستەفاش، چووەوە کن حوکوومەتی عیراق، فازیل کەوتە شام و بەیرووت و ئوتریش و لەگەڵ عادیل عەبدولمەهدی(عادل عبدالمهدي)دا، کە بە (ئەبووئەمەل) دەناسرا، ڕێکخراوی کۆمۆنیستی وەحدەتلقاعیدە(وحدة القاعدة)یان دروست کرد، کە بەشێکی جیابووەوە بوو لە حیزبی کۆمۆنیستی عیراقی-سەرکردەیەتی نێوەندی(القیادة المرکزیة). پاشترلە ئوتریش خوێندنی دوکتۆرای لە بواری زانستی سیاسەتدا تەواو کرد و تێزێکی بەهاداری بە نێوی "سۆڤییێت و بزووتنەوەی نیشتمانیی کورد" نووسی. لەگەڵ ئەحمەد بن بیللا(احمد بن بله) دا، گۆڤارێکی عەرەبی هزرییان، بە نێوی"منبر الحوار" دەردەکرد و پێوەندێکی گەلێک بەهێزیشی لەگەڵ ڕێکخراوە فەلەستینییەکاندا هەبوو. کە شۆڕشی گەلانی ئێران کرا، فازیلیش وەک زۆرینەی خەڵکانی چەپ، پێوەندی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێراندا ساز کرد. فازیل لاوێکی زۆر زیرەک و توانا بوو. نووسەرێکی سیاسی و هزریی زۆر باش بوو. کۆمەڵێک زمانی زۆر بە باشی دەزانی. لە سازکردنی پێوەند و کاری دیپلۆماسی و سیاسیدا لێزان و لێهاتوو بوو. مرۆڤێکی لەسەرخۆ و وردبین بوو. تاکە کێماسییەک-مخابن- کە فازیل هەیبوو، ئەوە بوو، کە هەر لە بازنەی جەلالییەتیدا دەخولایەوە و نەیدەتوانی لەو بازنەیە بێتە دەرێ.ئەو کاتەی کە فازیل لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێراندا نێوانی خۆش بوو، خەڵکانێک لەنێو یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستاندا هەبوون، گومانیان لێ دەکرد و فازیلیان بەوە تاوانبار دەکرد، کە "پیاوی ئێرانە و لە تاران بە ڕدێن و جوببە و عەباوە دەگەڕێ و تەزبێحی سەدویەک دانەیی بەدەستەوەیە و پاسداری بە دواوەیە و کتێبەکانی (کۆمەڵەی غەمخوارانی گەلی کورد)، لەگەڵ (هەڤاڵ جووجەڵە-خاڵەحاجی-حەمەڕەحیم)دا بڵاو دەکاتەوە" و هەر لەو کاتەشدا، سەرانی یەکیەتیی، بۆ ئەنجامدانی کارەکانی خۆیان لە ڕێگەی ئەوەوە، مەراییيان بۆ دەکرد. هەرچی فازیلیشە، لە هەموو قوناغەکانی ژیانی کۆمۆنیستی و پێوەندی ئێرانی ئیسلامی و پێوەندی فەلەستینییەکان و ژیانی ئەورووپاییشیدا، هەموو کارەکانی هەر بە قازانجی جەلالییەت بوو و تەنانەت لەبەینچوونیشی هەر پێوەندی بە نێوانخۆشیی خۆی و جەلال تاڵەبانییەوە هەبوو. 13/7/ 1989 ، لە میانگەریدا لە نێوان کۆماری ئیسلامی ئێران و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا، لە ڤییەن، لە ئوتریش، لەگەڵ دۆکتۆر عەبدوڕڕەحمانی قاسملوو و عەبدوڵڵای قادریدا، شەهید کرا. وا باوە، کە "حاجی مصطفوی" و "جعفری" پێوەندیان بە کوشتنی ئەوانەوە بووبێت. پاشتریش وا باو بوو، کە ئاغای (صحرارودی)، کە بە کوژەری ئەوان(قاسملوو و فازیل) دادەنرا، بانگهێشتی کۆنگرەی یەکیەتیی کراوە، لە سلێمانی.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

(ل74).

"ڕەگی بنەڕەتی یەکەم ناکۆکیی نێو پارتیی دیموکراتی کورد، کە لە 1946دا دامەزراوە، دەگەڕێتەوە بۆ ئارەزووی دامەزرێنەری پارتیی –مەلا مستەفا بارزانی- لە دانانی دوو سەرۆک هۆزی کورد(شێخ لەتیف بەرزنجی و کاکە زیاد غەفووری) وەک دوو جێگری خۆی، کە خەڵکانی چەپ دژی ئەوە بوون، بەلاّم هێزی ڕاستڕەوی زاڵ تەنێ دوو دەرفەتی لەبەردەم چەپدا هێشتەوە: قایلبوون بە ئارەزووی دامەزرێنەر، یا چوونە دەرەوە لە پارتیی. لە نێوان ئەو دوو حاڵەدا، هەندێ لە چەپەکان(حەمید عوسمان و نافیع یوونس و ساڵح حەیدەری) پارتییان بەجێ هێشت و چوونە نێو حیزبی کۆمۆنیستی عیراقەوە، وەلێ ئەوانی دی، لەوانەش ئیبراهیم ئەحمەد، لەبەر((بەرژەوەندی نەتەوەیی)) بە قسەی خۆیان مانەوەیان لەگەڵ ڕاستڕەویدا پێ باشتر بوو"(ل76).

"لەڕاستیدا چەپی کوردی دەرەوەی حیزبی کۆمۆنیست، تا کۆتایی ساڵانی شێستەکان، لە تێکەلاّوێکی ئایدیۆلۆژیی سەیر، نەتەوەیی و نێونەتەوەیی، پێک هاتبوو"(ل76).

"ئەو حیزبەی کە تاڵەبانی و ئیبراهیم ئەحمەد دوای جیابوونەوەیان لە مەلا مستەفا لە ساڵی 1966دا دایانمەزراندبوو، هیوا و خواستە نەتەوایەتییەکانی بە ڕۆڵی لاوان و بانگی دیموکراسی و چەپایەتی، تێکەڵ کردبوو"(77).

"ئایدیۆلۆژیی مارکسایەتی لەنێو پارتیدا{مەبەستی حیزبەکەی تاڵەبانییە-شاکەلی} بەرەو ڕەگداکوتان دەچوو"(ل77).

"ساڵانی هاوپەیمانیی تاڵەبانی 1967-1970 لەگەڵ حوکوومەتی عیراقدا کارێکی زۆری کردە سەر زێدەبوونی ڕۆڵی ئایدیۆلۆژیا لە ڕێڕۆی چەپی کوردی ئەو دەمەدا"(78).

"چەپی کورد بە تایبەتی دوای جیابوونەوەی تاڵەبانی لە بارزانی، ئیدی بەرەو دروستبوونێکی سەرنجڕاکێش دەچوو"(78).

"لەگەڵ حیزبە کۆمۆنیستە نەریتییەکەدا کە لەگەڵ ڕاستڕۆی کورددا هاوپەیمان بوو و ئێمە بە((لادەر)) و مەترسیی سەر پاکژیی مارکسایەتیمان دادەنا، دۆست نەبووین. ڕەخنەشمان لە سەرکردەیەتی نێوەندیی(القيادة المركزية) مەسەلەی بیری عیراقچییەتی و دانپیانانەکانی سەرکردەکانی (عەزیز ئەلحاج) لە یەکەم ڕووبەڕووبوونەوەدا لەگەڵ دەسگای ئاساییشی عیراقیدا، بوو"(ل78).

پوختەی بیرۆکەیەک، کە سامی شۆڕش گەرەکیەتی بە خوێنەری بگەیەنێت ئەوەیە کە:

- ئیبراهیم ئەحمەد و پێڕۆیانی بیروباوەڕ و هێڵی وی، چەپ بوون و ڕێبازی سۆسیالیزم و مارکسایەتی ڕێنیشاندەری ئەو چەپانە بووە.
- ئەو چەپە لە ساڵانی نێوەڕاستی شێستەکاندا، ڕێک لە سەردەمی جاشایەتییاندا، ڕەسی و خۆی لە ڕاستڕەوی کورد جوێ کردەوە و وەک بزاڤێک خۆی سەلماند.
- ئەو حیزبەی، کە ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی و هاوبیرانیان سازیان کرد و تا ئێستاش بەردەوامە، حیزبێکی چەپ بووە و چەپە.
- بارزانی ڕاستڕۆ و بزاڤەکەیشی قەلاّی ڕاستڕۆیەتی بووە.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

-هاوپەیمانیی جەلالی دەگەڵ حوکوومەتەکانی عیراقدا ڕۆڵێکی کاریگەری هەبوو لە گەشەسەندنی ئایدیۆلۆژیای چەپدا لەنێو کورددا.

- حیزبە کۆمۆنیستەکانی عیراق هێندەی جەلالی چەپ نەبوون.

بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی هاسان لە مەبەستەکان تێبگەین، چاکتر وایە باسەکە بکرێ بە چەند بەشێکەوە. بۆ ناسینی ئیبراهیم ئەحمەد و هاوبیرانی و تێگەیشتن لە بیروباوەڕیان، چاکتر وایە مرۆڤ پاشخانێکی مێژوویی ئەو دەستەیە بخوێنێتەوە و لە کۆمەڵێ لایەنی جیاوازەوە سەرنجی دیتن و هەڵوێست و ڕەوشتیان بدات.

## چەپ چییە و کێ چەپە؟

ئەگەر لە ڕوانگەیەکی زمانەوانەوانی و فەرهەنگی(قاموسي)یەوە بنۆڕینە واتای وشەی چەپ لە سیاسەتدا، ئەوەمان بۆ ساغ دەبێتەوە، کە چەپ دەکاتە ڕادیکالیزمی سیاسی و ڕادیکالیزمی سیاسیش دەکاتە گۆڕین و بیرازی زۆر بەرین و بنەڕەتی. مرۆڤی ڕادیکال کەسێکە، کە سازشکار نییە و بۆ گۆڕینی دەوروبەر و کۆمەڵگە، بە شێوەیەکی بنەڕەتی و لە ڕەگەوە، هەوڵ دەدات. مرۆڤی ڕادیکال مرۆڤێکی چەپە و مرۆڤی چەپ، مرۆڤێکی گەلێرە و بزاڤی چەپ بزاڤێکی گەلێرە. چەپ شۆڕشگێڕە و بڕوای بە گۆڕانی شۆڕشگێڕانەیە. چەپیش (بۆ مرۆڤێک) فرەتر بە واتای سۆسیالیست و کۆمۆنیست و مارکسیست(بە هەموو باڵەکانییەوە: لێنینیست، ستالینیست، ترۆتسکیست، ماویست، گیڤاریست و...)و ئەنارکیست، سەندیکالیست و....تەنانەت فەمینیستیش دێت. چەپ بڕوای بە گۆڕینی شۆڕشگێڕانەی ڕێژیمی سیاسی و جڤاکیی و ئابوورییە و خوازیاری دامەزراندنی کۆمەڵگە و دەوڵەتی سۆسیالیستییە. جاران وشەی چەپ بۆ لیبرالیستیش بەکار دەبرا. چەپ دژ و پێچەوانەی کۆنەپارێزی و کۆنەخوازی و پارێزگارییەتی(کۆنسێرڤاتیزم)یە، کە بە ڕاست دەناسرێن. پەیدابوونی وشەی چەپ وەک زاراوەیەکی سیاسی، دەگەڕێتەوە بۆ شۆڕشی فرانسەی 1789، کاتێک ڕادیکالە گۆڕانخوازەکان لە ئەنجومەنی نیشتمانی (پەرلەمان) فرانسەدا لە لای چەپی مێزەکەی سەرۆکی ئەنجومەنەوە دانیشتن و ڕاستەکانیش لە لای ڕاستییەوە. ئەگەر بە پێوانەی ئەمڕۆ و بە چاوی ئێستاوە لە مێژووی ئیسلامیشدا بۆ چەپ بگەڕێین، دەکرێ ئەبووزەری غەفاری (ابوذر الغفاري)، ئیمام عەلی، بزووتنەوەی زنج(الزنج-کۆیلەکان)، قەرامیتە(القرامطة)، سەعالیک (الصعاليك)، سۆفییەکان، شیعە و ئیسماعیلییەکان بە چەپ دابنرێن. بزاڤی حەقە و حەمەسوورییەکانیش لەنێو کورددا دەکرێ حیسابی چەپیان بۆ بکرێت.

## دامەزراندنی پارتیی دیموکراتی کوردستان



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

پارتیی دیموکراتی کورد، که پاشتر بوو به پارتیی دیموکراتی یەکگرتووی کوردستان –عیراق و لە دوایشدا بوو بە پارتیی دیموکراتی کوردستان- عیراق، لە ساڵی 1946دا وەک چاولێکردنێکی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بوو، کە ئەویش بە کارتێکردنی سۆڤیێتی ئەو دەم، وەک کۆپیێەکی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان، پاش هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵەی ژێکاف(ژ.ک) دامەزرێنرا. پارتیی کە ئیدی دواتر و تا ئەورۆش هەر بەو نێوەوە دەناسرێ[7]، بە ویست و خواستی مەلا مستەفای بارزانی و لە لایەن ئەوەوە دامەزرێنراوە[8]. بە لێنۆڕینیش لە ڕێباز و ڕەوتار و ڕەوشت و ڕێڕۆ و بیروباوەڕی پارتیی، ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە، کە پارتیی دیموکراتی کوردستان، لە ڕۆژی دامەزراندنییەوە تا ئێستا، لەگەڵ هەموو سەرکەوتن و ژێرکەوتن و هەڵبەزین دابەزین و ئەمدیو و ئەودیو و گۆڕانی سکرتێر و وەلانانی ئەندام و لادان و جیابوونەوەی ئەم و ئەوەوە، حیزبێک بووە و حیزبێکە سیما و مۆرک و جێپەنجەی بارزانیی پێوەیە و بارزانی نیشانە و سروشی تێکۆشان و بەردەوامییەتی. دامەزراندن و سازکردنی هەر ڕێکخراوێکی کوردیی لە لایەن هەر کەس و دەستە و تاقمێکەوە بووبێت، بێجگە لە دانانی دەستوور و پرۆگرام و بەرنامەیەک، بۆ ئەوەی خەڵکی کوردی لە دەور کۆبێتەوە، پێویستی بە کەسێکی ئازا و یاخی، ئازا بەرانبەر هەرکەس و یاخی لە هەرکەس –بە پلەی یەکەم- و ناودار و لە ناو خەڵکدا خۆشەویست و ڕێزدار و ناسراو و خاوەنی پلەوپایەی کۆمەڵایەتی –بە پلەی دووەم- هەبووە. بێگومان ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ باری کۆمەڵایەتی کورد، کە شێوەی ڕێکخستنی هۆز و خێڵایەتی و شێوەی بیرکردنەوەی عەشیرەتیی، بەسەردا زاڵ بووە و تا ئێستاش هەر زاڵ و بەردەوامە. نموونەش بۆ ئەم قسەیە زۆرە. کۆمەڵەی هیوا، ڕەفیق حیلمی هەڵبژارد بە سەرۆک و پێشیان دەگوت زەعیم، واتە سەرۆک یا ڕێبەر، کۆمەڵەی ژێکاف و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، قازی موحەممەدیان بە سەرۆک هەڵبژارد و نازناوی پێشەوای لێنرا و پارتیی دیموکراتی کوردستانی عیراقیش، بارزانی کە "مرۆڤێکی زیرەک و توانا بوو. کەسایەتییەکی بەهێزی هەبوو. دەیتوانی بچێتە نێو دەروونی هەموو کەسێکەوە و ڕێزی خۆی وەک سەرۆکێک بسەپێنێت"[9] و بە لێهاتوویی و شایستەیی خۆی هەڵبژێردرابوو و بووبوو بە سەرۆک و سەرۆکی "چەندجار هەڵبژێردراوی"[10] پارتیی بوو. سروشتی کۆمەڵگەی کورد، وەک جڤاکێکی شوانکارەیی، کشتوکاڵی، دەرەبەگایەتی، خێڵایەتی، تازە گروگاڵکەر لەگەڵ بۆرژوازییەتدا، وەک زۆرینەی جڤاکە ڕۆژهەڵاتی و ئاسیاییەکان و یەکجار زۆریش لە پاشتر، هەر لە دێرزەمانەوە ئەو نەریتەی وەبەرهەم هێناوە. تا ئێستاش کە باسی شۆڕش و یاخیبوون و جووڵانەوەی چەکداریی کورد دەکرێ، مرۆڤ پتر نێوی سەرکردە و ڕێبەرانی ئەو بزاڤانەی وەبەرگوێ دەکەوێ. ئێستاش خەڵک هەر دەڵێن، ڕاپەڕین یا شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری، شێخ سەعیدی پیران، سەیید ڕەزا، شێخ مەحموودی حەفید، مەلا مستەفا و قازی موحەممەد. بۆ دوور بڕۆین، ئەو دەستە و تاقم و حیزبانەی، کە ئەمڕۆ لە کوردستانن،

---

[7] لە دوای یەکگرتنی پارتیی دیموکراتی کوردستانی عیراق لەگەڵ پارتی گەل و حیزبی سۆسیالیست و پاسۆکدا، نێوی پارتیی گۆڕا و بوو بە پارتیی دیموکراتی کوردستانی یەکگرتوو و عیراقەکەی لێ بووەوە.

[8] البارزاني، مسعود، البارزاني والحركة التحررية الكردية 1945-1958،ص230. نامەیەکی جەلال تاڵەبانی بۆ بارزانی لە 30-7-1957دا. شورش، سامي، صفحة من تاريخ اليسار الكردي(العراقي)، الابواب، العدد8، 1996،ص75. ئەمین، نەوشیروان مستەفا، پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن، بەرلین 1997، ل23(تەواوی ئەو بڕگانەی کە لە نووسراوەکانی نەوشیروان مستەفا ئەمین و خەڵکانی دیکەوە وەرمگرتوون و لە نێو کەوانەدان، بە هەمان ڕێنووسی نووسەرەکان گواستوومنەتەوە. زۆربەی هەرە زۆری ڕێنووسی نەوشیروان مستەفا هەڵەیە و لەگەڵ ڕێنووسی ئەمڕۆی زمانی کوردیدا زۆر جیاوازە و ناگونجێ. ئەو ڕێنووسەی ئەو پێڕۆی دەکات، هی ساڵانی 1950 و 1960ەکانە.

[9] شاويس، نوري، من مذكراتي، من منشورات حزب الشعب الديموقراطي الكردستاني 1985،ص66.

[10] البارزاني، البارزاني..،ص230، نامەیەکی جەلال تاڵەبانی بۆ بارزانی لە 30-7-1957دا.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

هێشتا هەر بە نێوی دەمڕاستەکانیانەوە نێو دەبرێن، بۆ نموونە دەگوترێ، جەماعەتی قادر عەزیز، جەماعەتی موحەممەدی حاجی مەحموود، جەلالی، مەلایی(لە سەردەمی جەلالییاندا1964-1971، بە پارتیی دیموکراتی کوردستان دەگوترا) دەفتەری شێخ عیزەددینی حوسەینی(جاران)، جەماعەتی هەڤاڵ خەجۆ، جەماعەتی سامی عەبدوڕڕەحمان (جاران)،جەماعەتی عەبدولخالق زەنگەنە، جەماعەتی بەهائەددین نووری، جەماعەتی ڕەسووڵ مامەند(جاران)، جەماعەتی کەمال بورقای، جەماعەتی عەبدوڵڵای موهتەدی، ئاپۆچی و دەیانی دیکە. ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە وەنەبێ تایبەت بێت، تەنێ بە کورد، بەڵکە لە ڕۆژهەڵاتدا باوە، بزاڤێک، یا حیزبێک، یا دەستەیەک، بە نێوی خێزانێکەوە یا تاکە کەسێکیانەوە، ناوبانگ دەردەکات و خەڵک دەیناسێت. جونبولاتی لوبنان(کەمالی باوک و وەلیدی کوڕ)، بۆتۆی پاکستان(زولفەقاری باوک و بینەزیری کچ)، گاندی هیندوستان(گاندی و نەهرۆی شاگردی و ئیندیرای کچی نەهرۆ و ڕاجیڤی کوڕی ئیندیرا و تەنانەت ژنە ئیتالییەکەی ڕاجیڤ گاندیش، سۆنیا گاندی، کە نێوی مێردەکەی هەڵگرتووە، ئەویش ئێستا یەکێکە لەو خێزانە و درێژەپێدەری ناوبانگ و سەرمایەی سیاسیی ئەو بنەماڵەیە) و سۆکارنۆی ئیندۆنیسیا(ئەحمەد سۆکارنۆی سەرۆک و میگاواتی کچ)،چەند نموونەیەکن. کەواتە مەلا مستەفاش هەر دەکرێ بەو پێوەرە سەیر بکرێت. پارتیی دیموکراتی کوردستان، هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە تا ئێستاش خاوەنی تاکە یەک ئایدیۆلۆژیا بووە، ئەویش "بارزانییایەتی- بارزانیزم"[11]، واتە "کوردایەتی" بە شێوە بەرین و فراوانەکەی، کە چوارچێوە و قەوارەیەک بووە و جێگەی هەموو جۆرە بیروباوەڕێک و هەموو ڕەنگێک و هەموو کوردێکی تێدا بووەتەوە و قاڵبێکی ئایدیۆلۆژیی داخراو و سنووردار و دیاریکراوی نەبووە و نییە. پارتیی و سەرکردەیەتیی بارزانی، خۆی بەهیچ ئایدیۆلۆژیایەکەوە نەبەستووەتەوە. ئامانجی ئەو دامەزراندنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی کوردی بووە بە سەرۆکایەتیی خۆی. بۆ ئەمەش پێویستی بەوە هەبووە و هەیە، کە هەموو کۆمەڵانی گەلی کورد لە بەرەیەکی گەورەدا بە نێوی"کوردبوون" و "کوردایەتی"یەوە یەکبخات. چونکە بوونی چەند ئایدیۆلۆژیایەک لەتەنیشت یەکەوە لە وڵاتێکدا دەبێتە هۆی هێنانە کایەی چەند تاقم و کۆمەڵەیەک و لە ئەنجامیشدا، دەبێتە هۆی پارچەپارچەکردنی کورد-بەڕای ئەو سەرکردەیەتییە-لەبەر ئەوە ئەو سەرکردەیەتییە، نەک هەر ڕقی لە ئایدیۆلۆژیا بووە، بەڵکە تا ڕادەیەک دژی لەتلەتکردنی کورد و بەشینەوەی بووە بەسەر حیزب و حیزبایەتی و ئایدیۆلۆژیادا. حیزب لای ئەو خزمەتکاری گەل و ئامانجەکانیەتی. گوێڕایەڵی بۆ پێڕەو و پرۆگرامی حیزب دەکاتە خۆبچووککردنەوە و خۆخەریککردن، بە شتی بچووکتر لە بەرژەوەندی نەتەوەیی و وردکردنەوەی مەسەلە گەورەکە، کە مەسەلەی نەتەوە و خاکێکە، لە ڕاستیدا سەرکردەیەتی بارزانی، نە تەنێ وەک سەرکردەیەکی سیاسیی، بەڵکە پتر خۆ وەک "باوکێک" دەزانێ و لە هەموو کوردیش وەک "کوڕ و کیژ"ی خۆی دەنۆڕێت. بە پێی نەرێت و دەستووری نەنووسراوی کۆمەڵگەی کوردەواری، لەسەر کوڕ و کیژ پێویستە گوێڕایەڵی باوک و دایکی خۆیان بن و لەسەر باوک و دایکیش پێویستە نەهێڵن زارۆکانیان لەنێو خۆیاندا تێکبچن و بیانپارێزن. لەبەر ئەوە ئەو سەرکردەیەتییە گوێ نادات ئەوەی ئەو کوردە لە چ چینێک و دەستەیەکی کۆمەڵایەتییە. بۆ ئەو ئەوە گرنگە، کە هەموو لایەک گوێڕایەڵی بن و بۆ ئامانجەکانی ئەو، کە سەربەخۆیی کوردستانە هەوڵ بدەن. لەبەر ئەوە زۆر قینی لەوەیە، کە بە نێوی جیاوازیی چینایەتییەوە، ناکۆکی بکەوێتە کۆمەڵگەی کوردەوە. لەکن ئەو سەرکردەیەتییە، هەژار و دەوڵەمەند و ئاغا و جۆتکار و پاڵە و سەرمایەدار و دەسکورت و دەستڕۆیشتوو و کارگەر و خاوەنکار، گشت وەک یەکن. هەر کەسێک کوردایەتی کرد، هەژار بێ یا دەوڵەمەند، ئەوە مرۆڤێکی باشە و ئەوی لەو هێڵەش دەرچووە دەرێ، هەژار بێ یا

[11] دەگوترێ کە نەوشیروان مستەفا گوتوویەتی: بۆ لینینیزم هەبێ، جەلالیزم نەبێ؟.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دەوڵەمەند، خزم بێ یا نەناسێک، ئەوە مرۆڤێکی خراپە. ئەو سەرکردەیەتییە، بەرژەوەندە چینایەتی و دەستایەتییە جۆرجۆرەکانی جڤاکی کورد، ڕەچاو ناکات و دەیکاتە قوربانی ناسنامەی نەتەوەیی[12]. پارتیی حیزبێکی وردەبۆرژوازی میللیی کوردیی میانڕەو بووە، ئەندامانی چەندین جۆر بیروبۆچوونی جودایان هەبووە و هەیە: دیموکراتی، نەتەوەیی، سۆسیالیستی بیرازخواز، مارکسی و ئایینی و...هەموو توێژ و چین و ئایین و ئاییترا و ناوچە و زاراوەی گشت کۆمەڵگەکانی کوردی وەخۆ گرتووە و "وەرزێری نەخوێندووی سافیلکەی بادینانی، لەتەک بازرگان و بژیشک و بەڵێندەر و مامۆستای زانستگەدا، لە ئامێز گرتووە و هەرس کردووە ، هەرگیز بەو هەرسەش تووشی زگئێشە نەبووە. ئەو حیزبە، یەکیەتییەکی بێوێنە و بێهاوتای وەدی هێنا و لە پێکەوەگرێدان و یەکخستنی ئامانج و خواستەکانی چینی بۆرژوازیی تازەپێگەیشتوو و هیوا و ئومێدەکانی وەرزێری نەداری کورد، کە لە دوا پلەی پلیکانەی ڕیزی چینایەتیدا دەوەستێ، سەرکەوتووە"[13] و هەموو ئەمانەش لە ژێر چەتری بارزانیدا یەکیان گرتووەتەوە و دەگرنەوە.

## ئیبراهیم ئەحمەد دەبێتە ئەندامی پارتیی

ئیبراهیم ئەحمەد، پێش ئەوەی ببێتە ئەندامی پارتیی، بەرپرسی ڕێکخستنی ژێکاف –کە پاشان هەڵوەشێندراوە و بوو بە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، لە عیراقدا- دەبێ. پێش ئەوەش ئەندامی کۆمەڵەی هیوا بوو. کە کۆنگرەی یەکەمی پارتیی لە 16ی ئابی 1946دا دەگیرێت، ئیبراهیم ئەحمەدیش وەک میوان بانگ دەکرێت و لەوێ ئامادە دەبێت. بەڵام ئەو بە نیازی ئەوەی ببێ بە سەرۆکی پارتیی، بەشداریی کۆنگرەکە دەکات[14]. کە سەرۆکایەتی بۆ نابێت، ئیدی بەوەی ببێتە ئەندامی پارتیی قایل نابێت و وەک خۆی دەڵێت، چاوەڕێی بیروڕای قازی موحەممەد دەکات. ئیدی بەشدارانی کۆنگرە ڕێگەی پێ نادەن، کە لە کۆنگرەدا بمێنێتەوە و وەدەری دەنێن[15]. کۆماری مەهاباد بە سەرۆکایەتیی قازی موحەممەد لە 18-12-1946دا دەڕوخێ و قازی موحەممەد خۆی دەداتە دەست دەسەڵاتدارانی ئێرانەوە. دوای ئەوەی لەشکری سۆڤێت کوردستان و ئازەربایجانی ئێران جێدەهێڵێت، حکوومەتی ئێران هێزەکانی خۆی دەگێڕێتەوە بۆ ئازەربایجان و کوردستان. سەرتیپ همایونی، سەرکردەی هێزەکانی حکوومەت دەبێ بۆ کوردستان. خەڵکێکی زۆر و لەپێش ئەوانیشەوە، قازی موحەممەد، هەتا میاندواو بە پێشوازیی لەشکری حکوومەتەوە دەچن. جەلال تاڵەبانی لە وتووێژێکدا لەبارەی ئەو مەسەلەیەوە دەڵێت:"سەرکردایەتی حیزبی دیمۆکرات ئاشبەتاڵی کرد، قازی محەمەد ئیعدام نەکرابا یانی شا ئەو کەرایەتەی کرد ئیعدامی نەکردبا دەبوایە مێژووی کورد بە ئاشبەتاڵ و شتێکی تر ناوی بەرێ بە قارەمانی خۆی لە مەحکەمە و ئیعدام کردنی، خۆی کڕییەوە

---

[12] نەبەز، جەمال، گۆڤاری نیشتمان، تەمووزی1943-مایسی1944،بنکەی چاپەمەنی ئازاد، سوێد1985، ل12-13.

[13] فتح الله، جرجيس، زيارة للماضي القريب، دار الشمس للطباعة والنشر، ستوكهولم، 1998، ص18-19.

[14] کوچێرا، کریس، مێژووی کورد لە سەدەی 19-20دا، وەرگێراوی محمد ربانی، تاران1369، ل302.

[15] شاويس..، من..، ص42.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئەگینا سەرۆک جەمهوری ولاتێک بچێ بەپیر لەشکری دوژمنەوە و مەڕی بۆ سەر ببڕێ ئەوە چییە؟!"[16]. لە 23-1-1947دا فەرمانی لە سێدارەدانی قازی موحەممەد و هاوڕێیەکانی دەدرێت، بەڵام لە 31-3-1947دا فەرمانەکە جێبەجێ دەکرێت و لە سێدارە دەدرێن. ئیبراهیم ئەحمەدیش لە مانگی مارسی 1947دا دەبێتە ئەندامی پارتیی دیموکراتی کورد، دروست لەو کاتەدا کە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە ئەوپەڕی تەنگانەدایە و سەرۆکەکەی و سەرکردەکانی کۆمارەکەی لەنێو چوون و ورەی خەڵکی کورد ڕووخاوە و داتەپیوە، ئەمیش(ئیبراهیم ئەحمەد) هیچ هیوایەکی بەو حیزبە نەماوە، ئەو کاتە حیزبەکەی جێدەهێڵێت و پشتی تێ دەکات.

## دوو هێڵی جیاواز لە نێو پارتیدا

کە پارتیی دادەمەزرێنرێ، زۆربەی ئەندامانی ڕێکخراوەکانی "شۆڕش" و "ڕزگاری" چالاکیی ڕێکخراوەکانی خۆیان ڕادەگرن و دەبنە ئەندامی پارتیی. دوای تێکچوونی حیزبی هیوا، باڵە چەپەکەی کەرت بوو بە سەر چەند باڵێکدا. بەشێکیان چوونە نێو حیزبی کۆمۆنیستی عیراق، دەستەی ئەلقاعیدە(القاعدة)وە، کە ڕۆژنامەی ئەلقاعیدە (القاعدة)ی دەردەکرد. بەشێکی دیکەشیان چوونە نێو دەستەی وەحدەتولنیزال (وحدةالنضال)ەوە، کە لقەکەیان لە کوردستان نێوی "یەکێتی تێکۆشین" بوو، کە بە نێوی ڕۆژنامەکەیانەوە "یەکێتی تێکۆشین- وحدةالنضال" نێو نرابوو. دەستەی یەکێتی تێکۆشین، پێوەندیکی بەهێزی لەگەڵ حیزبی هیوادا هەبوو، بۆیە زۆربەی ڕووناکبیرانی چەپی نێو حیزبی هیوا، دوای هەڵوەشاندنەوەی حیزبەکەیان، بە باشیان زانی، بچنە نێو حیزبی(یەکێتی تێکۆشین)ەوە، چونکە بڕوای بە خەباتی نەتەوەیی و شۆڕشگێڕاندنی بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کورد هەبوو. لەو دەمەدا لە نێوان دەستەی یەکێتی تێکۆشین و حیزبی کۆمۆنیستی عیراقدا وتوویژ هەبوو بۆ یەکخستنی ڕیزەکانیان و ڕێکخستنی ڕێبەریەتیی لقی کوردستان، بەڵام پێک نەهاتن. لە دواییدا، لە ساڵی 1944دا ڕێبەریەتیی یەکێتی تێکۆشین، حیزبی کۆمۆنیستی کوردستانی عیراقی دامەزراند. مەکتەبی سیاسی ئەو دوو حیزبەش پێکهاتبوو لە: ساڵح حەیدەری – سکرتێر، نافیع یوونس، عەلی عەبدوڵڵا، عەبدولکەریم تەوفیق، ڕەشید عەبدولقادر، عەبدوسسەمەد موحەممەد و نووری موحەممەد ئەمین. ڕۆژنامەی(شۆڕش) زمانحاڵی ئەو حیزبە بوو و حیزبەکەش بە نێوی شۆڕش ناوی دەرکرد. حیزبی شۆڕش، حیزبێک بوو لەسەر بیروباوەڕی مارکسایەتی و جەختکردن لەسەر خەباتی چینایەتی دامەزرابوو و لەگەڵ هیچ حیزبێکی کۆمۆنیستی دیکەدا چ جیاوازییەکی نەبوو. حیزبی شۆڕش لە ئابی 1946دا خۆی هەڵوەشاندەوە و زۆربەی ئەندامانی چوونە نێو پارتیی دیموکراتی کوردەوە، کە تازە ساز کرابوو. حیزبی ڕزگاریی کورد، بە دەستپێشخەریی و کۆششی حیزبی شۆڕش دامەزرا. سازکردنی حیزبی ڕزگاری _وەک ڕێبەرانی دەیانگوت_ پێویستییەکی مێژوویی بوو، بۆ هێنانە گۆڕێی حیزبێکی نەتەوەیی پێشکەوتنخواز، کە نوێنەرایەتی بەرەی نیشتمانیی یەکگرتووی نیشتمانپەروەرانی کورد لە کوردستانی عیراقدا بکات، بۆ خەبات لە پێناوی بزاڤی نیشتمانیی و دیموکراتیی لە عیراقدا، واتە گرێدانی خەباتی"نەتەوەیی کوردیی" و "نیشتمانیی عیراقی" و چینایەتی،

[16] کەریمی، عەلی، ژیان و بەسەرهاتی عەبدولڕەحمان زەبیحی(مامۆستا عولەما)، چاپی یەکەم، بنکەی چاپەمەنی زاگرۆس، گۆتنبێرگ، سوید 1999،ل327.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

پێکەوە. لە ئەنجامی هەوڵدان و پێوەندی نێوان ڕێبەرانی شۆڕش و برێک لە ڕووناکبیرە کوردە پێشکەوتنخوازەکان و چەند کەسایەتییەکی کوردی ناسراوی ئەو دەمە، حیزبی ڕزگاری لە شوباتی 1945دا دامەزرا، بەڵام ساڵح حەیدەری کرۆک و بزوێنەری ئەو بزاڤەی ئەو سەردەمە بوو و سەرچاوەی یەکەمی دامەزراندی هەردوو حیزبی شۆڕش و ڕزگاری بوو. ڕێبەرایەتی حیزبی ڕزگاری، پێکهاتبوو لە: ساڵح حەیدەری، نافیع یوونس، جەعفەر موحەممەد کەریم، نووری شاوەیس، نووری موحەممەد ئەمین، ڕەشید باجەلان و تاها موحیەددین مەعرووف. حیزبی ڕزگاری لە مانگی ئابی 1946دا خۆی هەڵوەشاندەوە و ئەندامانی چوونە نێو پارتیی دیموکراتی کوردەوە، کە تازە ساز کرابوو. بە پێی بڕیاری بارزانی، دامەزرێنەری پارتیی، شێخ لەتیفی حەفید و کاکەزیادی غەفووری بە دوو جێگری یەکەم و دووەمی سەرۆکی پارتیی، کە بارزانی خۆیەتی، دادەنرێن. دانان و دەستنیشانکردنی ئەو دووانە لە لایەن بارزانییەوە بۆ بەهێزکردنی پارتیی دەبێ، چونکە شێخ لەتیف بەهێز بوو و خەڵکێکی زۆریشی هەبوو و کاکەزیادیش کەسایەتییەکی نیشتمانپەروەر بوو و لە کۆیە جێی ڕێز بوو. کۆمەڵێک لە سەرانی ڕزگاری و شۆڕش(جەمال حەیدەری، ساڵح حەیدەری، نافیع یوونس و حەمید عوسمان)، کە کۆمۆنیست بوون، دژی دانانی حەفید و غەفووری، بە جێگری سەرۆک، دەوەستن، لەبەر ئەوەی ئەو دووانە ئاغا و دەرەبەگ بوون. بەڵام کە بەرهەڵستیکردنی ئەو بڕیارە بێسوود دەبێت، ئەمان(حەیدەرییەکان، یوونس و عوسمان)، نە بەشداری کۆنگرەی دامەزراندنی پارتیی دەکەن و نە دەشبن بە ئەندامی پارتیی. ئەمان دەڵێن:"ئێمە نامانەوێ لەگەڵ هێڵی بۆرژوازیدا یەک بگرینەوە، مارکسیزم_لێنینیزم لەم پارتییەدا لەنێو دەچێت"[17]، بەڵکە وەک پارتییەکی کۆمۆنیستیی کوردستانی دەمێننەوە و پاشتر دەچنە نێو پارتیی کۆمۆنیستی عیراقەوە. کەسی دووەمی دوای مەلا مستەفا، کە ڕۆڵێکی لەبەرچاوی لە دامەزراندنی پارتیدا بینیوە، هەمزە عەبدوڵلایە. هەمزە عەبدوڵلا پارێزەرێکی زیرەک و لێهاتوو و یەکێک "لە خەڵکە دیموکرات و پێشکەوتنخوازەکانی عیراق بووە کە لە سییەکاندا چالاکیی نیشتمانیی دیموکراتی ئەنجام داوە"[18]، کوردێکی کۆنەکۆمۆنیست بووە، کە ڕەگەزنامەی عیراقی لێ وەرگیراوەتەوە و دوور خراوەتەوە و لە ساڵانی 1945 و 1946دا لە کوردستانی ئێران ژیاوە. لە یەکەم کۆنگرەی دامەزراندنی پارتیدا وەک نوێنەری بارزانی بەشدار دەبێ و چونکە"شیاوی سکرتێریی پارتی بوو"[19] بە سکرتێری پارتیی هەڵدەبژێردرێت. ئیبراهیم ئەحمەد هەر لەو کاتەوە (مارسی 1947) کە دەچێتە نێو پارتییەوە، هەوڵی جێی خۆ قایمکردن و خۆبردنەپێشەوە و گەلەکۆمەکی دەدات. وەک نموونەیەکیش بۆ ئەوە دەکرێ بگوترێ: دوای وەرگرتنی ئیبراهیم ئەحمەد لە ڕیزی پارتیدا، ئەو هەوڵ دەدات بۆ وەرگرتنی کەمالی میرزا کەریمیش لە پارتیدا. کە ئەویش وەردەگیرێ، ئیبراهیم ئەحمەد دەیەوێ ئەو بکرێ بە بەرپرسی خوێندکاران، بەڵام لەبەر ئەوەی خوێندکاران نایانەوێ، سەرانی پارتییش چ پایەیەکی تایبەتی نادەنێ[20]. ئیبراهیم ئەحمەد، نە تەنێ لە نێو پارتیی دیموکراتیی کوردستاندا، بەڵکە کاتێک لە نێو کۆمەڵەی "ژێکاف"یشدا دەبێت و تا ڕادەیەک بە درێژایی ژیانی، هەوڵ بۆ ئەوە دەدات، کە خۆی هەمیشە سەرۆک بێت، هەژاری موکریانی دەڵێت:"چاوم بە برایم ئەحمەد کەوت ئەویش ئەندامی کۆمەڵە بو{مەبەستی کۆمەڵەی ژێکافە -شاکەلی}. شێخ لەتیف

---

[17] شاویس..، من..، ص42.

[18] شریف، الدكتور عبدالستارطاهر، الجمعيات والمنظمات الاحزاب الكردية في نصف قرن 1908-1958، ص206،( لە نامەیەکی حەمید عوسماندا بۆ نووسەری ئەو کتێبە).

[19] شاویس..، من..، ص66.

[20] سەرچاوەی پێشوو، ل51.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

لێی پرسیم: برایمت چۆن دیت؟ گوتم: پیاوێکی زرینگ و زانایه و زۆریش کورده، بەو شەرتەی خۆی بکەنە سەرۆکی کوردستان"[21]. ئیبراهیم ئەحمەد هەر لە سەرەتاوە بە بیانووی دەرەبەگایەتییەوە، لە شێخ لەتیفی حەفید و کاکەزیادی غەفووری، دڕدۆنگ دەبێت، وەلێ ئەم وەک جەمال و سالح حەیدەری، نافیع یوونس و حەمید عوسمان، هێندە ڕاستگۆ و بوێر نابێت، کە نەبێتە پارتیی یا پارتیی بەجێ بهێڵێ، بەڵکە سازشکارانە دەست دەگرێ بە کڵاوی خۆیەوە و هەرچی ڕق و قینیشە بۆ داهاتووی هەڵدەگرێ. خۆ ئەگەر ئەو مرۆڤێکی "چەپ" و "خاوەن بیروباوەڕ" بووایە، دەبوو دڵسۆزی چەپایەتی و بیروباوەڕی خۆی بێت و وەک حەیدەرییەکان و یوونس و عوسمان بکات. کە وای نەکرد، دیارە چەپ نەبووە. کەواتە دەگەڵ خۆیدا درۆی کردووە و کەسێکیش لەگەڵ خۆدا درۆ بکات، لەگەڵ تەواوی دنیادا درۆ دەکات. ئیبراهیم ئەحمەد لە سەرۆکایەتیی بارزانییش ڕازی نەبوو. ئەو بۆخۆی دەڵێ:"من یەکێ بووم لەو کەسانەی ناڕەزاییم هەبوو، لەوەی مەلا مستەفا لە دوورەوە سەرۆک بێ"[22]. بێجگە لەوانەش نێوانی لەتەک هەمزە عەبدوڵڵادا خۆش نەبووە و هەموودەم لە هەوڵی لێدان و دوورخستنەوەی هەمزەدا بووە. ئیدی هەر لەو دەمەوە دوو هێڵی سەرەکی لە نێو پارتیدا وەدی دەکران. پارتیی لەگەڵ دوو مەسەلەی گرنگ، ڕووبەڕوو بووبوو، یەکێکیان مەسەلەی سۆسیالیستی و ئەوی دیکەشیان مەسەلەی نەتەوایەتی[23]. هێڵی یەکەم هەمزە عەبدوڵڵا نوێنەرایەتی دەکرد و هێڵی دووەمیش ئیبراهیم ئەحمەد. بەگوێرەی هەموو پێوانەیەکیش پێڕەوانی سۆسیالیزم چەپن و پێڕەوانی نەتەوایەتیش ڕاست. بە شێوەیەکی گشتیی سۆسیالیزم بەو بیروباوەڕ و ئایدیۆلۆژییانە دەگوترێت، کە مەبەستیان گۆڕینی کۆمەڵگەیە لە ڕێگەی بە کۆمەڵکردنی موڵکداریەتی ئامرازەکانی بەرهەمهێنانەوە، بۆ لەناوبردنی چەوساندنەوەی مرۆڤ و جیاوازیی چینایەتی. کۆمۆنیست و سەندیکالیست و ئەنارکیستەکان بە هەموو باڵەکانیانەوە، لەگەڵ هەندێ جیاوازییاندا، دەکەونە ڕیزی ئەو بیروباوەڕانەوە و دەکەونە خانەی چەپەوە.خەڵکانێکی دیکە هەن، کە ناوی سۆسیالیستیان لە خۆ ناوە و بانگاشەی بۆ دەکەن، وەک ناسیۆنال سۆسیالیست(نازیست)ەکانی ئەڵمانیا و سۆسیالیستە ڕادیکالەکانی فرانسا و بەعسییە عەرەبە سۆسیالیستەکانی عیراق و سووریا و وڵاتانی دیکەی عەرەب و سۆسیال دیموکراتەکانی جیهان. بەڵام ئەمانە فریان بەسەر سۆسیالیزمەوە نییە و زۆریش دژە چەپن. کەواتە کورد گوتەنی: هەرچی سمێڵی سوور بوو هەمزەئاغا نییە. ئەوەی بانگاشەی سۆسیالیزمی کرد، نابێتە سۆسیالیست. ناسیۆنالیزم(نەتەوەخوازی)یش دەکاتە نەتەوەپەرستی و دەمارگیریی نەتەوەیی و ناسیۆنالیست دەکاتە نەتەخواز و نەتەوەپەرست، کە وەک بیروباوەڕ دەخرێنە ڕیزی ڕاستڕەوانەوە. جیهانبینی مرۆڤی سۆسیالیست، فرەوان و بەرینترە و مرۆڤی سۆسیالیست کۆخواز و هەرەوەزخوازە. ناسیۆنالیست(نەتەوەیی)یش خۆپەسەندە و لە دیدێکی تەسکترەوە دەنۆڕێتە جیهان و لە نەتەوەکەی خۆی زیاتر کەسی دیکە پەسەند ناکات. ئیدی بەو جۆرە دەکرێ هێڵی هەمزە عەبدوڵڵا بە چەپ و هێڵی ئیبراهیم ئەحمەد بە ڕاست بژمێردرێن. ساڵی 1949 کە هەمزە عەبدوڵڵا دەکەوێتە گرتووخانە، ڕێ بۆ ئیبراهیم ئەحمەد و دەستەکەی خۆش دەبێ. سەرانی پارتیی لە مارسی 1951دا کۆنفرانسێکی پەلە، کە ناوی کۆنگرەی دووەمی لێ دەنێن، لە بەغدا دەبەستن و ئیبراهیم ئەحمەد دەرفەت دەقۆزێتەوە و دەکرێ بە سکرتێری پارتیی و بڕیاری هەڵپەساردنی هەمزە عەبدوڵڵاش دەدرێ. بەو جۆرە ئیبراهیم ئەحمەد، یەکەم کودێتای دژی باڵەکەی دی ئەنجام دەدات و یەکەم هەنگاوی خۆچەسپاندن و خۆسەپاندن

---

[21] هەژار، عەبدوڕەحمان شەرەفکەندی، چێشتی مجێور، چاپی یەکەم، پاریس 1997، ل101.

[22] عەزیز، حوسێن محەمەد، پێنج کاتژمێر لەگەڵ برایم ئەحمەددا، 1995، ل15.

[23] کوچێرا.. ، مێژووی ..، ل302.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دەنێ. ئیدی پارتیی دیموکراتی کورد، لە 1952دا، دووبەرەکی تێدەکەوێ و دوو باڵی لێ دەکەوێتەوە: باڵی هەمزە عەبدوڵڵا و باڵی ئیبراهیم ئەحمەد. ساڵی 1953، لە کەرکوک، کۆنگرەی سێیەمی پارتیی دەگیرێ و لەوێدا ناوی پارتیی، لە پارتیی دیموکراتی کوردەوە، دەگۆڕدرێ بۆ پارتیی دیموکراتی کوردستان و بڕیاری دەرکردنی یەکجاریی سکرتێری پێشوو(هەمزە عەبدوڵلا) لە پارتیی، دەدرێ. عەبدوسسەتار تاهیر شەریف دەڵێ:"وەدەرنانی هەمزە عەبدوڵلا بە هۆی ڕێبازی چەپی ئەوەوە لەنێو پارتیدا نەبوو، چونکە پارتیی ئەم ڕێبازەی پاش کۆنگرەی سێیەم گرتە بەر. بەڵام هۆی دەرکردنی ئەو دەگەڕایەوە بۆ ناکۆکیی کەسەکی و گەلەکۆمەکێی نێو سەرکردەیەتیی پارتیی لە نێوان ئیبراهیم ئەحمەد و باڵەکەیدا لە لایەک و هەمزە عەبدوڵلا و باڵەکەی لە لای دووەم"[24]. ئەم بۆچوونەی شەریف، هەرچەندە ئەو بۆ خۆی بەو مەبەستە نایڵێ، وەلێ ڕێک چەپایەتیی هەمزە عەبدوڵلا و ڕاستایەتیی ئیبراهیم ئەحمەد دەسەلمێنێ. کە پارتییش پاش ئەو کۆنگرەی سێیەمە "ڕووکارێکی چەپی" گرتووەتە بەر، ئیدی کاتێک بووە، کە ئیبراهیم ئەحمەد، نەیارەکەی خۆی(هەمزە عەبدوڵلا) وەدەر ناوە و لە کوڵی خۆی کردووەتەوە و ئەو کاتەش چەپایەتییەکی هەڵبژاردووە و کردووە، کە خزمەتی مەبەستەکانی خۆی بکات. پارتیی لەو هەڵبژاردنەیدا، هەرگیز، دڵسۆز و ڕاستگۆ نەبووە، بەڵکە لەبەر بەرژەوەندێکی تایبەت، ئەو کارەی کردووە و ئیبراهیم ئەحمەدی سکرتێریشی دان بە نادڵسۆزیی خۆیان لە گرتنەبەری ئەو ڕێبازەدا دەنێ. وەک پاساودانێک بۆ بانگاشەی پارتیی، کە ماوەی شەش ساڵان، هەلپەرستانە و بە درۆ و بۆ فریودانی لاوانی کورد لە عیراقدا، کە گوایە بزاڤێکی مارکسی _ لێنینی بووبێت، دوای ڕووخانی عەبدولکەریم قاسم، ئیبراهیم ئەحمەد گوتی:"پارتیی هەرگیز لەم بانگاشەیەیدا دڵسۆز نەبووە، بەڵام ئەوەش شێوازێک بوو کە لاوانی ڕووناکبیر لە کوردستانی عیراقدا دەیانەویست. ئەگەر وەدووی ئەوان نەکەوتباین، ئەوان دەبوونە موڵکی کۆمۆنیستەکان. ئەو کارەش هەلپەرستی و هەڵەیە"[25]. لە دیدارێکیدا لەگەڵ ئێریک ڕۆلۆ(Erik Roulot)ی ڕۆژنامەی (لۆمۆند)ی فرانسیدا، مارسی 1963، ئیبراهیم ئەحمەد، گازندەی ئەوە دەکات، کە حیزبی کۆمۆنیست، زۆرێک لە چاکترین لاوانی ئەندامانی پارتی بۆ لای خۆیان ڕادەکێشن و دەرفێنن، بۆیە ئەویش بڕیاری بەرەنگاربوونەوەی ئەو دیاردەیەی بەوە داوەتەوە، کە بە ڕواڵەت و بە شێوەیەکی ڕووکەش، داکۆکی لە مارکسیزم- لێنینیزم بکات و پێشان بدات، کە حیزبەکەی ئەو بڕوای بەو ئایدیۆلۆژیایەیە و لەو بارەوە دەڵێت:"جارێ ئەوەم دا، کە حیزبەکەمان لە مارکسیزم- لێنینیزم سروش وەردەگرێت. ئەم وشانە کارێکی سیحرامێزیان لە لاوانی کورد کرد، کە ئەودەم کۆمۆنیزم بەرەو لای خۆی ڕایدەکێشان. کۆنەپارێزەکان وەک ئەوەی ئێمە بەکرێگیراوی کریملین بین، وەها مامەڵەیان لەتەکدا دەکردین، بەڵام کۆمۆنیستەکان هەڵنەخەڵەتان و ئەو فێڵە بە سەریاندا تێنەپەڕی و نێوی بەکرێگیراویان لێ نان و داوایان لێکردین، واز لە بانگاشەکردن بە مارکسیزم- لێنینیزم بهێنین و لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا و لەو دەمەوە، تاکە یەک ئەندامیشمان ڕوویان نەکردە حیزبی کۆمۆنیست "[26]. لەو ماوەیەدا هەمزە عەبدوڵلا و کەسانی نێزیکی وی(موحەڕڕەم موحەممەد ئەمین، شەهاب شێخ نووری و حەمەکەریم فەتحوڵلا)، بۆ خۆجوێکردنەوە لە باڵی ڕاسترەوی ئیبراهیم ئەحمەد، دەستەیەک بە نێوی باڵی یا بەرەی

---

[24] شريف..، الجمعيات..،ص178.

[25] اوريل، دان، العراق في عهد قاسم، الجزء الاول، ترجمة وتعليق جرجيس فتح الله المحامي، دار نبز للطباعة والنشر، السويد1989،ص176-177.

[26] شميت، دانا ادمز، رحلة الى رجال شجعان في كردستان، عربه و علق عليه جرجيس فتح الله المحامي، منشورات دارمكتبةالحياة، بيروت، لبنان، ص193.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

پێشکەوتنخوازی پارتیی دیموکراتی کوردستان، پێک دەهێنن. ئەم دەستەیە، لە ساڵی 1956دا، دەچنەوە نێو پارتیی و جارێکی دی ناوی پارتیی دەگۆڕدرێ بۆ پارتیی دیموکراتی یەکگرتووی کوردستان و ئیبراهیم ئەحمەدیش هەر بە سکرتێری دەمێنێتەوە. دیارە گێڕانەوەی دەستەی هەمزە عەبدوڵلا بۆ نێو پارتیی، لە سەر خواستی بارزانی بووە، چونکە کە جەلال تاڵەبانی، ساڵی 1955، دەچێتە مۆسکۆ، چاوی بە سەیید عەزیز شەمزینی دەکەوێ و مەلا مستەفا نابینێ و ئەو کاتە مەلا مستەفا لە باکۆ دەبێ. سەیید عەزیز شەمزینی، چەند ڕاسپاردە و ئامۆژگارییەکی مەلا مستەفا، بە جەلال تاڵەبانی دەگەیەنێت. کە جەلال تاڵەبانی گەڕایەوە بۆ عیراق"هەندێ ئامۆژگاریی لە مەلا مستەفاوە پێ بوو بەوەی، کە هەمزە عەبدوڵلا وەک تاوانبار مامەڵە نەکرێت و وەک نیشتمانپەروەرێکی دڵسۆز مامەڵە بکرێت و بیشگێڕدرێتەوە نێو پارتیی"[27]. هەر لە سەرەتای دامەزراندنی پارتییەوە، بارزانی پێوەندێکی باشی لەگەڵ هەمزە عەبدوڵلادا هەبوو و بڕوایەکی زۆریشی پێی هەبوو. ساڵی 1957، سەرانی لقی کوردستانی پارتیی کۆمۆنیستی عیراق _ ساڵح حەیدەری، کەمال فوئاد و حەمید عوسمان_ بە ڕاوێژ لەگەڵ هەمزە عەبدوڵلادا، کە ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتیی دیموکراتی یەکگرتووی کوردستان دەبێ، بۆ کارکردن لە نێو پارتیدا و گۆڕینی بۆ پارتییەکی شۆڕشگێڕ، پارتییەکەی خۆیان بەجێ دەهێڵن و دەچنە نێو پارتیی دیموکراتی یەکگرتووی کوردستانەوە. پاشان مەکتەبێکی سیاسی نوێ دادەنێن، کە بریتی دەبێ لە: بێجگە لە ئیبراهیم ئەحمەد، کە هەر بە سکرتێری دەمێنێتەوە، هەمزە عەبدوڵلا، ساڵح حەیدەری، حەمید عوسمان و جەلال تاڵەبانی. بەم گۆڕانە باڵی چەپی نێو پارتیی(هەمزە عەبدوڵلا، ساڵح حەیدەری و حەمید عوسمان)، بەهێزتر دەبێ و باڵە ڕاستەکەی ئیبراهیم ئەحمەدیش، جەلال تاڵەبانی _شاگردە گوێڕایەڵەکەی ئیبراهیم ئەحمەد_ سەر دەخات بۆ ئەندامیەتی مەکتەبی سیاسی. ملانێ و ناکۆکی و ناتەبایی ئەم دوو باڵە، کە هەر یەکە لە ئاوازێک دەخوێنن، بەردەوام و قووڵتر دەبێ، تا کوودێتای 14ی تەمموزی 1958ی بەسەردا دێت.

## کوودێتای 14ی تەمموز و گەڕانەوەی مەلا مستەفای بارزانی بۆ عیراق

کوودێتای 14ی تەممزی 1958ی عیراق، بوو بە هۆی زیندووبوونەوە و بووژاندنەوەی هیوا و ئاواتەکانی کورد لە عیراقدا، کە پاش دوورکەوتنەوەی بارزانی و ئاوارەیی لە سۆڤیێت، تووشی دژوارییەکی زۆر بووبوو. زۆربەی کوردیش پێشوازییان لە کوودێتای 14ی تەمموز و کارتێکردنی ئەریتی لە سەر جووڵانەوەی کورد، کرد. قاسم دەیویست هاریکاریی لەگەڵ کورددا بکات و وەک هاوبەشی عەرەب لە عیراقدا ڕەوتاری لەگەڵ دەکردن و لە دەستووری وڵاتیشدا ئەو مەبەستە چەسپێندرابوو. جیاوازیی لە نێوان دانیشتوانی عیراقدا نەدەکرا. کورد کارگێڕیی و پلەی بەرزی گرتە دەست و زیندانی و گیراوەکانی بەر دران و ڕێگە بە گەڕانەوەی ئاوارەکان درایەوە و یەکێک لەو ئاوارانەش مەلا مستەفای بارزانی بوو. مەلا مستەفا، سەرۆکی پارتیی، لە ئوکتۆبەری 1958دا، پاش نێزیکەی سێزدە ساڵان ئاوارەیی، لە سۆڤیێت گەڕایەوە بۆ عیراق. غەنی بلووریان دەڵێ:"پاش شەڕی یەکەمی جیهانی کە بزووتنەوەی کورد لە هەموو خاکی کوردستاندا سەرکوت کرا و بە ساڵان وزە لە کورد نەهات و هێزی دەسەڵاتی نەیاران بەسەر خاک و نەتەوەی ئێمەدا زاڵ بوو، ئەوە دەنگ و چریکەی ((بارزان)) و بارزانییەکان بوو کە بێدەنگی شکاند و چرای شۆڕشی

---

[27] شاویس..، من..،ص62.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

کوردی هەڵایساند"[28]. بارزانی بە هۆی پاشخانێکی خێزانیی و کەسەکیی شۆڕشگێڕانە و لەخۆبوردووییەکەوە، کە لە ڕاپەڕینەکانی ساڵانی1931-1932 و 1943-1945دا نواندبووی و بەشدارییەکی ئازایانە و قارەمانانەی لە کۆمارەکەی مەهابادا و پەڕینەوەی خۆی و سەدان لاوی جەنگگێڕی بارزانی بۆ سۆڤیێت و ژیانی ساڵانێکی دووروردرێژی ئاوارەیی لەوێ، پایە و سامان و سەرمایەیەکی سیاسی مەزنی بۆ پێک هاتبوو و ببووبوو بە کەسایەتییەکی ئەفسانەیی و گەورە و هێما و نیشانەی خەبات و هیوای تەواوی گەلی کورد و تا دەهات لە دڵی خەڵکی کورددا خۆشەویستتر دەبوو. بۆ پێشاندانی مەزنایەتیی بارزانی بە "سەرۆکی مەزن، جەنەراڵ، پاڵەوانی ڕزگاریی کوردستان، ڕێبەری هەرەمەزن، سەرۆکی گەلێر و ڕێزدار و خۆشەویستی مەزنی جەماوەر، مەزن لەنێو تەواوی کۆمەڵانی گەلدا، ئەفسانەیەکی زیندوو"[29] و نێو دەبرا و نێوی ئەو بەس بوو بۆ خرکردنەوە و یەکخستنی خەڵکی کورد. گەڕانەوەی وی بۆ عیراق، گەڕانەوەی ڕێبەر و پێشەوا و هیوا بوو بۆ وەلات و بۆ نێو گەلەکەی. بارزانی سەرۆکی خۆشەویستی گەل بوو و پێویستی بە سەرۆکایەتیی پارتیی نەبوو، بەڵکە بە پێچەوانەوە پارتیی پێویستیی بە سەرۆکایەتیی بارزانی هەبوو. پارتیی بە بارزانییەوە مەزن بوو، نەک بە پێچەوانەوە. بارزانی وەک پێویستییەک پێویست بوو. سەرانی پارتیی لە دوای 14ی تەممووزی 1958 و گەڕانەوەی وی(بارزانی) لە سۆڤیێتەوە بۆ عیراق، بە هۆی لاوازیی و بوودەڵەیی و هیچ لەبارانەبوونی خۆیانەوە و بۆ خۆدانەپاڵ ناوی وی (بارزانی) و بەکارهێنانی ناو و ناوبانگ و گەلێریی وی، هەر دەبوو بۆ ئەنجامدانی کاری پارتایەتیی خۆیان، بارزانی بکەن بە سەرۆکی پارتیی[30]. سەرکردەیەتیی پارتیی چاک دەیانزانی و لەوە گەیشتبوو، کە پارتیی، بە بێ ڕێبەریەتیی بارزانی بێهاوتا و بێوێنە و لێوەشاوەیی ئەو، کە هەرگیز قەرەبوو ناکرێت، هەرگیز ناتوانێت ببێتە هێزێکی گەورە[31]. بارزانی ئەگەر بۆ خۆی قایل بووایە، ئەوا لە نێوحیزبی کۆمۆنیستی عیراقیشدا زۆر بە باشی جێی دەبووەوە و  بە خۆشحاڵیشەوە وەردەگیرا و ڕۆڵی لەبەرچاوی خۆیشی دەبوو، چونکە هەر لە کاتی گەیشتنیدا بۆ عیراق، هەردوو حیزبی کۆمۆنیستی عیراق و پارتیی دیموکراتی کوردستان، کەوتنە ملانێ و پێشبرکێیەکی زۆر گەرمەوە، هەر یەکەو بۆ ڕاکێشانی مەیلی بارزانی، بە لای خۆیدا، وەلێ ئەو(بارزانی) هەر پێشەکی بڕیاری خۆی دابوو بەوەی، کە بە لای کۆمۆنیستەکاندا لانەدات و سەرۆکایەتیی پارتیی دیموکراتی کوردستانی قەبووڵ بێت[32]. لەمەڕ گەڕانەوەی بارزانییەوە بۆ عیراق، نەوشیروان مستەفا ئەمین دەڵێ:"تا ئێستاش وا باوە عەبدولکەریم قاسم مەلا مستەفای هیناوەتەوە و، عەبدوسەلام عارف موافیق نەبوە لەسەر گەڕانەوەی. عەزیز عەقەیلی {عوقەیلی-شاکەلی}یش لە بیرخەرەوەکەیدا وا ئەلی"[33]، کەچی ئیبراهیم ئەحمەد، بە پێچەوانەی ئەو ڕایەوە، ڕووداوەکە بە جۆرێکی دی دەگێڕێتەوە و دەڵێ:"لە گەڕانەوەی بارزانی بۆ عیراق عەبدولکەریم یا پێی نەوترابوو، یا حەزی نەدەکرد مەلا مستەفا بگەڕێتەوە"[34]. بارزانی بە قایلبوونی ڕێبەری کوودێتا،

---

[28] بلوریان، غەنی، ئاڵەکۆک، ستۆکهۆڵم 1997، ل50.

[29] البارزاني، البارزاني..،ص196-240.

[30] نوري، بهاءالدين، مذكرات، كردستان العراق-سليمانية 1992، ص182.

[31] شميت، دانا ادمز، رحلة الى رجال شجعان في كردستان، عربه وعلق عليه جرجيس فتح الله المحامي، منشورات دارمكتبةالحياة، بيروت، لبنان، ص392.

[32] الحاج، د.عزيز، القضية الكردية في العراق-التاريخ والافاق، المؤسسة العربية للدراسات النشر، الطبعة الاولى، بيروت 1994،ص26.

[33] ئەمین..، پەنجەکان..،ل55.

[34] عەزیز..، پێنج..، ل21-22.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

عەبدولکەریم قاسم، دەگەڕێتەوە و نەتەوەییە عەرەبەکان و بە تایبەت عەبدوسسەلام عارف دژی گەڕانەوەی بارزانی دەبن[35]. ئەحمەد دلزار لە بارەی گەڕانەوەی بارزانییەوە دەلێ:"شایانی باسە کە لەسەر داوای مەلا مستەفا و رازیبوونی عەبدول کەریم قاسم و وەزیرەکانی، جگە لە مشیری ئاخرزەمان عەبدول سەلام عارف، رۆژی 6-10-1958 مەلا مستەفا و میر حاج و ئەسعەد خۆشەوی گەیشتنەوە بەغدا"[36]. حیزبی کۆمۆنیستی عیراقیش لە گەڕانەوەی بارزانیدا رۆڵێکی کارای بینیوە و توانیویەتی بە شێوەیەکی تایبەتییش کار بکاتە سەر عەبدولکەریم قاسم[37]. بە گوێرەی ئەو رایانە و بە دیتنی خۆم، رایەکەی ئیبراهیم ئەحمەد، لە ڕاستییەوە دوورە، چونکە هەر پاش سەرکەوتنی کوودێتاکە و رووخانی پاشایەتی، بارزانی برووسکەی پیرۆزبایی بۆ قاسم دەنێرێت و بە کردەوەش، قاسم سەرۆک و رێبەر و خۆشەویست و دۆستی خەڵک دەبێت و ئەویشە، کە تا ڕادەیەک چەپ دەبێت و لە حیزبی کۆمۆنیستەوە نێزیک دەبێت و هەڵویستی مرۆڤدۆستانەی دەبێت. فوئاد عارف دەلێ:"عەبدولکەریم قاسم پێوەندی لەگەڵ خەڵکدا، واتە لەگەڵ گەلدا لەسەر بنەمای عیراقێتییان، نەک لەسەر بنەمای دەستەیەتی، بێ گوێدانە هەموو جۆرە جیاوازیگەلێکی جوگرافی یا نەتەوەیی یا تەنانەت سیاسییش، ساز دەکرد، عەبدولکەریم پیاوێکی عیراقی بوو و هەموو خەسڵەتەکانی عیراقیەتی تێدا بوون "[38]. هەرچی عارفیشە، دەمارگیرێکی ئایینی و ئاییترایی و خێڵەکی و دەستەیی و نەتەوەپەرستێکی نەریتیی توندڕەوی کۆنەخوازی عەرەب دەبێ، کە هەرگیز رێی تێناچێ و هۆشگیر نییە، حەزی نەک هەر بە چارەی بارزانی و کورد نەهاتبێ، بەڵکە بێجگە لە خەڵکی نەتەوەیی سوننەی عەرەب، رقی لە هەموو مرۆڤایەتی دەبووەوە و لەو بڕوایەشدا بوو، کە دەبێ کورد و فەلە و شیعە لە عیراقدا، بنبڕ بکرێن. هەدیب ئەلحاج حموود(هديب الحاج حمود)، وەزیری کشتوکاڵی سەردەمی قاسم دەلێ:"عەبدوسسەلام عارف ، شەوی 14ی تەممووزی 1958، بەیەکێکی لە ئەفسەرە ئازادەکانی کە لەگەڵیدا بوون گوتووە، کە ئەوان{واتە: خۆیان-شاکەلی}شۆڕشەکە ئەنجام دەدەن و سێ دەستە هەن گەرەکە بنبڕ بکرێن، ئەوانەش: کورد و مەسیحی و شیعەن"[39].

لە گێڕانەوەی ئەو باسەدا بەو شێوەیەی خۆی، ئیبراهیم ئەحمەد ئەو کارە بە دوو مەبەست دەکات:

1. بۆ درێواندن و ناوزڕاندنی قاسم، چونکە قاسم لە نێو خەڵکدا خۆشەویست بوو و تا ئێستاش خەڵک بە چاکە یادی دەکەنەوە و ئەویش (ئیبراهیم ئەحمەد) هەرگیز خۆشی لە یەکێک نەهاتووە، کە لە نێو خەڵکدا خۆشەویست بووبێت.

2. باش باسکردنی عارف، کە لە کن هەموو خەڵک، بێجگە لە ئیبراهیم ئەحمەد، درێو و خراپەکار بووە و بەوەش دەیەوێ رۆڵێکی مەزن بە خۆی بدات بەوەی، کە ئەو بۆ خۆی چووە بە دووی بارزانیدا لە پراگ و عارف بە هۆی ئەوەوە کارئاسانی ئەو سەفەرەی بۆ کردوون.

بارزانی نەک هەر بە سەرمەشق و نوێنەر و نیشانەی خەباتی گەلی کورد دەژمێردرا، بەڵکە لە تەواوی عیراقیشدا، وەک تێکۆشەرێک و یاخیبوویەک، دژ بە رێژیمی کۆنی پاشایەتی، تەماشا دەکرا. کاتێک کە لەگەڵ هاوڕێیەکانیدا، گەڕایەوە بۆ عیراق، نەک تەنێ لە لایەن کوردەوە، بەڵکە لە لایەن عەرەبیشەوە، بە گەرمی پێشوازی کران و "بیست هەزار کەس پتر لە

---

[35] شاویس،.. من،.. ص69.

[36] دلزار، ئەحمەد، بیرەوەری رۆژانی ژیانم، بەشی سێهەم، ستۆکهۆلم، 1994، ل11.

[37] خيري، زكي، صدى السنين في ذاكرة شيوعي عراقي مخضرم،ص229، **ساڵ و شوێنی چاپی ئەم کتێبە نادیارە.**

[38] عارف، فوءاد، مذكرات، الجزء الاول، تقديم وتعليق الدكتور كمال مظهر احمد، مطبعة **خەبات**-دهوك، الطبعة **الاولى**1999، ص213.

[39] الزبيدي، ليث عبدالحسن، ثورة 14 تموز 1958 في العراق، دارالحرية للطباعة، بغداد 1979،ص404-405.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

فرگەی بەغدا هاتبوونە پێشوازی {مەبەست پێشوازیی بارزانییە –شاکەلی}. عەرەب و کورد تێکەڵاو، شیعاردان گوێی عاسمانی کەڕ دەکرد"[40]. لە ڕاستیدا حیزبی کۆمۆنیستی عیراق ڕۆڵێکی مەزنی لەو پێشوازییەدا بینی. هەموو ڕۆژێکیش شاندێکی عەرەبی و هەر ڕۆژەی لە باژێڕ و ناوچەیەکەوە دەهاتنە دیدەنی مەلا مستەفا[41] و"ئەو ببوە قیبلەی کورد و عەرەب"[42]. حیزبی کۆمۆنیستی عیراق، گەڕانەوەی بارزانی و بارزانییەکانیان کردە بۆنە و جەژن، بۆ دەربڕینی خۆشی و شادی. بۆ بەجێهێنانی پێشوازی لە گەڕاوەکان، هەردوو سەرکردەی حیزبی کۆمۆنیست، سەلام عادیل و جەمال حەیدەری، خۆیان سەرپەرشتیی ڕاگەیاندنی بەخێرهێنانەوەیانیان دەکرد، و ڕۆژنامەی ئیتتیحاد ئەششەعب (اتحادالشعب)ی حیزبی کۆمۆنیستیش، لە بارەی پێشوازیی بارزانییەکانەوە لە بەسرە، ڕاپۆرتی دوورودرێژی بڵاو کردەوە، و نێوی بارزانی بە خەباتگێڕ و بارزانییەکان بە خەباتگێڕان، هەڵۆکان و ئازادان، دەبرد. بەهائەددین نووری دەڵێ:"کاتێک کە کەشتییە سۆڤیێتییەکە، کە مەلا مستەفا بارزانی و ئەوانەی لەگەڵیدا بوون، بەرەو نیشتمان دەگواستەوە، بەرەو عیراق بەڕێوە بوو، داوامان لە هاوڕێیانمان لە باژێڕی بەسرە کرد، کە بەشداریی ڕێکخستنی پێشوازییەکی جەماوەریی شایستە بۆ هاتووان، کە دوازدە ساڵانیان لە ژیانی ئاوارەیی لە هەندەران بەسەر بردبوو، بکەن. کە مەلا مستەفا خۆیشی گەیشتە بەغدا، لەگەڵ چەند سەرکردەیەکی دیکەی حیزبی کۆمۆنیستی عیراقدا چووم بۆ هوتێل سەمیر ئەمیس –جێی مانەوەی کاتیی بارزانی- بۆ دیداری و بەخێرهێنانەوەی"[43]. "عەزیز ئەلحاج"یش باسی ئەوە دەکات، کە چۆن لەگەڵ مەهدی حەمید و جۆرج تەللۆدا، کە لە سەرانی حیزبی کۆمۆنیستی عیراق بوون، چوونەتە لای بارزانی، لە هوتێل پالاسی بەغدا، بۆ بەخێرهێنانەوەی و پاشان یەکەم بانگهێشتنی فەرمیی بۆ شیوی ئێواری، لە ماڵی خۆیان لە کەڕڕادەت مەریەم(كرادة مريم) بە ناوی کوردانی فەیلییەوە "لە ڕاستیشدا بەناوی کۆمۆنیستەکانەوە" بۆ بارزانی ساز کردووە، بە ئامادەبوونی سەدان کەسایەتیی کورد و کۆمۆنیست و لەوێش چەندین گوتە و شیعریش خوێنراوەتەوە[44]. بارزانی بێجگە لەوەی بەڕاستی، بوو بە ڕێبەر و پێشەوای کوردستان، جەماوەری کوردستان، بە گەرمی پشتیوانییان دەکرد و لەگەڵیدا بوون و لە ڕاستیشدا شیاوی ئەوە بوو. بارزانی، نیشتمانپەروەر بوو، ساڵانێکی دوورودرێژ لە ئاوارەیی خەباتی کرد و دوای گەڕایەوە وڵات. گەل زۆری خۆشدەویست[45]، بە گەڕانەوەیشی، لە دوای عەبدولکەریم قاسمی سەرۆکی حوکومەت، بووبوو بە کەسایەتیی دووەم، لە کۆماری 14ی تەممووزی 1958دا. هەر ڕۆژی دووەمی پاش گەڕانەوەیشی بۆ بەغدا، چاوی بە عەبدولکەریم قاسم کەوت. بارزانی لە یەکێک لە کۆشکەکانی نووری ئەسسەعیدا، نیشتەجێ کرا و ئۆتۆمبیلەکەی عەبدولئیلاهی پێ درا و لە لایەن حوکوومەتەوە پێشوازیی لێ کرا و کۆمۆنیستەکان و کوردەکان، وەک سەرکەوتوویەک پێشوازییان لێ کرد[46].

---

[40] هەژار، عەبدوڕەحمان شەرەفکەندی، چێشتی مجێور، چاپی یەکەم، پاریس 1997، ل284.

[41] شاویس.،، من..،ص70.

[42] هەژار.،، چێشتی.. ، ل285.

[43] نوري..، مذكرات..،ص182.

[44] الحاج.،، القضية..، ص40. **هەروەها بنۆڕە**: الحاج، عزيز، القضية الكردية و"خطايا" القراءة العمياوية، باريس 1994،ص14.

[45] شاويس.،، من..،ص70.

[46] غريب، ادمون، الحركة القومية الكردية،دارالنهار للنشر، بيروت 1972،ص38.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

## ڕەوشی سیاسیی عیراق دوای کوودێتای 14ی تەمووز و هەڵوێستی پارتیی

دوای ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی و بوونی عیراق بە کۆماریی، دوو جۆرە دیتن یا دوو هێڵ لە نێو سەرکردەیەتیی کوودێتاکەدا، وەدی دەکرا. عەبدولکەریم قاسم، کۆمۆنیستەکان و چەپەکان، لایەک بوون و عەبدوسسەلام عارف و ئەو بەرەیەی، کە لایەنگرانی وی بوو —کە لە بەعس، ڕێکخراوی برا موسوڵمانەکان(الاخوان المسلمون)، دەرەبەگەکان، خەڵکانی ڕێژیمی پاشایەتیی پێشوو و نەتەوەییە عەرەبەکان —و لە کوردستانیشدا بزووتنەوەی نەتەوەیی تورکمان(تۆرانییەکان)- لایەکی دیکە بوون. دەستەی یەکەم، عیراقییانە، نیشتمانپەروەرانە، سۆسیالیستانە، چەپانە و شۆڕشگێڕانە، دەستەی دووەمیش، عەرەبانە، نەتەوەییانە، ڕاستڕەوانە و کۆنەپارێزانە، بیریان دەکردەوە و دەیانڕوانییە مەسەلەکان. پارتیی دیموکراتی کوردستانیش، دەبوو لەو ملانێیەدا، خۆی ساغ بکاتەوە و خۆ وەپاڵ یەک لەو دوو لایەنە بدات. بەڵام پارتیی خۆیشی لە ملانێیەکی قووڵدا دەژیا و سەرکردەکانی، چوونیەک نەیاندەڕوانییە ڕەوشەکە. بارزانییش، کە تازە وەک قارەمانی نەتەوە و وەڵات و سەرۆکی پارتیی، لە سۆڤیێت گەڕابووەوە، بەسەر ئەو ملانێیەدا —نێو پارتیی و نێو حوکوومەت- دا هات. بە شێوەیەکی ئاسایی و وەک هەر نیشتمانپەروەرێک، بارزانی دەگەڵ دەستەی یەکەم — قاسم، کۆمۆنیستەکان و چەپەکان- دا بوو و پشتیوانیی ئەوانی دەکرد و "بە پێچەوانەی ئیبراهیم ئەحمەد و مەکتەبە سیاسییەکەیەوە، {بارزانی-شاکەلی}هەڵوێستێکی نەرمتر و هێمنانەتری بەرانبەر حوکوومەتی قاسم و حیزبی کۆمۆنیست، دەنواند، چونکە بارزانی هەر لە منداڵییەوە و لە تەمەنی دوازدە ساڵییەوە، وەک ئەندامی شاندی هۆز، بۆ لای والیی تورک لە مووسڵ، پێش جەنگی جیهانیی دووەم، یەکەم کاری دیپلۆماسییانەی ئەنجام دابوو"[47]. بارزانی بە هۆی سێزدە ساڵ ژیانی لە سۆڤیێت، پایە و ڕێزێکی زۆری لە نێو کۆمۆنیست و مارکسیستە کوردەکاندا هەبوو و حیزبی کۆمۆنیستیش هەر لە نێوەندی ساڵانی پەنجاکانەوە، لایەنگری و پشتیوانی لە سەرۆکایەتی بارزانی دەکرد. هێڵە چەپەکەی —حەمزە عەبدوڵڵا و هاوڕێیەکانی- نێو پارتییش، لەگەڵ هەڵوێستی بارزانیدا بوون، بە لایەنگریی قاسم و کۆمۆنیست و چەپەکان. بارزانییش، بۆ ئەوەی سیاسەتی پارتیی لەگەڵ ئەو بار و دەمەدا و لەگەڵ ئامانجەکانی 14ی تەممووزدا بگونجێنێت، سەرۆکی هێڵی ڕاست —ئیبراهیم ئەحمەد- ی، لە سکرتێریی پارتیی دوورخستەوە، هەرچەندە ئیبراهیم ئەحمەدی پارێزەر و خۆ بە نوێنەری سەرکردەیەتی شاریی زان، نەیدەویست مل بۆ مەلا مستەفا دانەوێنێت و بەوە قایل نەبوو، وەلێ بارزانی وەدەری نا و لە مانگی کانوونی دووەمی 1959دا، ڕێبەری دەستەی چەپ، حەمزە عەبدوڵڵای —کۆنەکۆمۆنیستی - بە سکرتێری پارتیی دانایەوە[48]، دوای ئەوەی کە لە 1949وە بە کردەوە و لە 1951وە بە فەرمی، ئیبراهیم ئەحمەد، لە سکرتێریی پارتیی دەرپەڕاندبوو. حەمزە عەبدوڵلایش "هەرگیز بۆی ڕێک نەکەوتبوو، کە بە کردەوە ڕێبەریەتیی پارتیی بکات، وەک کە لە ساڵی 1959دا کردی و، پارتیی بە رووکارێکی دیموکراتیی هاوپەیمان لەگەڵ حیزبی کۆمۆنیستدا برد، بەڵام ڕاستڕەوایەتیی نێو پارتییش بەهێز بوو"[49]. هەرچی هێڵە ڕاستەکە —ئیبراهیم ئەحمەد و هاوبیرانی- شە، بە پێچەوانەوە لەگەڵ هەڵوێستی دەستەی دووەم —عارف، بەعس و

---

[47] خیري..، صدی..،ص230.

[48] البراك، الدكتور فاضل، مصطفى البارزاني، الآسطورة والحقيقة، بغداد 1989.ص158.هەروەها بنۆڕە: راندل، جوناثان، اُمة في شقاق، دروب كردستان كما سلكتها، ترجمة فادي حمود، دارالنهار للنشر، بيروت1997،ص183.

[49] شريف..، الجمعيات..،ص206.(لە نامەیەکی حەمید عوسماندا بۆ نووسەری ئەو کتێبە).



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

نەتەوەییەکان- دا بوون. عەبدولکەریم قاسمیش بە هەڵوێستی ئیبراهیم ئەحمەدی دەزانی و لێی تێگەیشتبوو، لەو بارەوە ئیبراهیم ئەحمەد بۆ خۆی دەڵێ:"ئەوەی لە دواییدا بۆم دەرکەوت، ئەوە بوو عەبدولکەریم باوەڕی پێ هێنابوو، کە من لەگەڵ کۆمەڵەی عەبدولسەلام عارفدا ڕێکم، لەگەڵ ئەو کۆمەڵەدا ڕێک نیم، کە عەبدولکەریم دەیەوێ"[50]. بێجگە لەوەش، پێوەند و کردەوەکانی ئیبراهیم ئەحمەد، جێی گومانی حیزبی کۆمۆنیستی عیراقیش بووە، بۆیە ئیبراهیم ئەحمەد لەو ڕووەوە دەڵێ:"پارتیی کۆمۆنیست بلاویان کردبۆوە و بە عەبدولکەریمیشیان ڕاگەیاندبوو، کەوا من وەکوو سکرتێری پارتی، پەیوەندیم لەگەڵ نەتەوەییەکانی عەرەبدا هەیە و لەگەڵیان ڕێک کەوتووم، کۆدەتایەک دژی عەبدولکەریم بکەین"[51]. بێگومان گومانکردنی عەبدولکەریم قاسم و حیزبی کۆمۆنیست، لەجێی خۆیدا بووە و وەک پاشتر ڕوون بووەوە، ئەوان ئیبراهیم ئەحمەدیان باش ناسیبوو و باشی لێ تێگەیشتبوون. ئیبراهیم ئەحمەد لە ڕووی هەڵوێستی سیاسییەوە نەناسراوە و هەرگیز خۆی ساغ نەکردووەتەوە. پارتیی دیموکراتی کوردستان، کە ئەو کاری تێدا دەکرد، بە ناو مارکسیست-لێنینیست بوو. نەیارانی ڕاست، ئیبراهیم ئەحمەدیان بە هەواداری کۆمۆنیزم، کە وردەوردە بەرەو لای دیموکراسی لیبرال دەڕوا، دادەنا. هەرچی چەپەکانیشە ئەویان بە ناسیۆنالیست دادەنا[52]. لەو سەردەمەدا ملانێیەکی زەق، لە نێوان دوو چەمکدا وەدی دەکرا، دیموکراسی و نەتەوەیی. جەرجیس فەتحوڵلا، لە بارەی شێوەی بیرکردنەوەی ئیبراهیم ئەحمەدەوە دەڵێ:"بە بڕوای خۆم، گەرموگوڕیی بیروباوەڕە نەتەوەیی یەکەی برایم و جەلال، بەسەر بیروباوەڕە سۆسیالیزمییەکەیاندا زاڵ بوو. بەڵام هەڵەی هەرە زەقی بیر و بۆچوونیان ئەوە بوو، ئەوانیش وەکوو مارکسییەکانی دیکە، بە قووڵی مارکسییەتیان نەخوێندبۆوە و لێیان نەکۆڵیبۆوە...لەبەر ئەوەی برایم و جەلال هیچ زمانێکی بیانیان نەدەزانی...ئەوان خوێندنەوەکانیان هەمووی ڕۆژهەڵاتیانە بوو"[53]. شێوەی بیروبۆچوونی ئیبراهیم ئەحمەد، هیچ لە بیروبۆچوونی بەعسییەکانەوە دوور نەبووە و زۆرجاران لەگەڵ دیتنی واندا یەکیان گرتووەتەوە. خالید بەگداش، سکرتێری گشتیی حیزبی کۆمۆنیستی سووریا، کە بۆ خۆی کورد بوو و یەکێک بوو لە کۆمۆنیستە هەرەکەونەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەڵێ:"کاتێک کە برایم ئەحمەدم لە ساڵی 1958 لە شاری پراگ چاو پێ کەوت و وتووێژم لەگەڵ کرد، لەسەر ڕێ و ڕەوشتی بەعسییەکانم دیت، پێم وایە بەعسییە"[54]. لە سەردەمی عەبدولکەریم قاسمدا، کە هەموو جۆرە پیلان و نەخشەیەک ساز دەکرا، بۆ لەنێوبردنی ئەزموونی 14ی تەمووز و هەموو خەڵکی نیشتمانپەروەر و چەپ و دڵسۆزی خاک و وڵات، لەگەڵ قاسم و حیزبی کۆمۆنیست و بەرەی گەلدا بوون، ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی و هاوبیرانیان بەوە دەناسران، کە هاریکاریی هێزە نەتەوەییە عەرەبییەکان و عەبدوسسەلام عارف و هێزە بەرهەڵستکارەکانی قاسم دەکەن و بەرەی دژ بە گەل(بۆرژوازی و عارف و بەعس و ڕاسترەو و ڕەگەزپەرست و نەتەوەییەکان)یان هەڵدەبژارد و لە عارفەوە نێزیکتر بوون تا لە قاسمەوە و "باڵی ئیبراهیم-جەلال بە شێوەیەکی دیکە کلک بوون، ئەوان دەیانەویست پارتیی بە بۆرژوازییەتەوە(موحەممەد حەدید، سدیق شەنشەل) یا (حیزبی نیشتمانیی دیموکراتی و حیزبی سەربەخۆیی) گرێ بدەن و خۆ یەکخەن و ساز کەن دژ بە لێشاوی جەماوەر لە وڵاتدا و هەندێ هەڵوێستی حیزبی کۆمۆنیست بەکار بێنن بۆ

---

[50] عەزیز،، پێنج..،ل21.

[51] سەرچاوەی پێشوو.

[52] کۆچێرا،، مێژووی..، ل342.

[53] عەزیز، حوسێن محەمەد، خولانەوە لە بازنەیەکی بۆشدا، دەقی چاوپێکەوتن و دەمەتەقێیەک لەگەڵ جەرجیس فەتحوڵلای پارێزەردا، ئاپێک، ستۆکهۆڵم 1997، ل34.

[54] کۆچێرا،، مێژووی..، ل342.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئەوەی پاڵ بە میرییەوە بنێن بۆ دژایەتیکردنی و لێدانی"[55]. واتە هەر بە هاریکاریی لەگەڵ بۆرژوازییەکاندا نەدەوەستان، بەڵکە دەیانەویست قاسم، لە حیزبی کۆمۆنیست هاندەن و کۆمۆنیستەکان تووشی لێدان بکەن. یەکێک لەو نەخشە و پیلانانەی، کە بە مەبەستی گۆرینی رژێمی کۆماریی و دەسەڵاتگرتنەدەست ساز کرا، یاخیبوونە سوپاییەکەی عەقید عەبدولوەهاب ئەششەوواف 8ی مارسی 1959ی مووسڵ بوو. یاخیبوونێکی لەو جۆرە، زیانێکی مەزنی بە کۆمار و یەکیەتیی گەل و دەسکەوتەکانی 14ی تەمموز و حوکوومەتی عەبدولکەریم قاسم دەگەیاند، کە وڵاتپارێز بوو و خزمەتی بە توێژە چەوساوەکان و خەڵکانی بێکەسیی دەرێی حیزبەکان دەکرد، هەر بۆیە هەڵوێستی راست و دروست و نیشتمانپەروەرانە و شۆڕشگێڕانە، راوەستان بوو دژ بەو یاخیبوونە و بەشداربوون بوو لە سەرکوتکردنیدا. بارزانییەکان ئەو رۆڵەیان بینی و بەشداریی ئەو سەرکوتکردنەیان کرد[56]. عەبدولکەریم قاسم داوای لە کۆمۆنیستەکانی مووسڵ و کوردانی سەر بە بارزانی کرد، کە هێرش بکەنە سەر مووسڵ و یاخیبووەکان پێش گەیشتنی هۆزەکانی شەممەر و تەشەنەکردنی یاخیبوونەکە، لەنێو بەرن[57]. بێجگە لە هۆزی بارزانییان، کۆمەڵانی ئێزدی و جووتیارانی مەسیحی دەوروبەری تلکیفیش، لە گوندانەوە لەسەر داوای بەغدا، داورووژانە نێو شاری مووسڵەوە و خۆیان خستە نێو ئەو هەرایەوە[58]. پارتیی دیموکراتی کوردستان، بێگومان دەستەی چەپی نێو پارتیی، کە ئەو دەمە لە ترۆپکی دەسترۆیشتنیدا بوو، لە بارەی ئەو رووداوەوە، بڵاوکراوەیەکی دەرکرد و داوای لە هەموو ئەندامانی کرد، کە دابەزنە سەر جادەکانی مووسڵ "بۆ شەڕ لە پێناوی خۆپاراستندا دژ بە شۆڤێنییەتی عەرەب"[59]. بە هۆی هاندانی بارزانی و بەشدارییەکی چالاکانەی خەڵکی کورد لە کوژاندنەوەی ئەو یاخیبوونەدا، حیزبی کۆمۆنیستی عیراقیش لە رۆژنامەی ئیتتیحاد ئەششەعب (اتحادالشعب)دا، پەسنی بارزانی و هاورێیەکانی دەدا و دەڵێ:"بوونی بارزانیی خەباتگێڕ لە کوردستان لە کاتی بەرپابوونی یاخیبوونی خائینانی تاقمی شەووافدا، کارێکی مەزنی کردە سەر کوردان بۆ بەشداربوون لە دامرکاندنەوە و سەرکوتکردنی یاخیبوونەکەدا"[60]. بارزانی وەک ئەرکێکی شۆڕشگێڕانەی خۆی، دڵسۆزانە خەڵکی کوردی هاندا بۆ دژایەتی ئەو یاخیبوونە رەگەزپەرستییەی شەوواف. ئیدی پیاوانی هۆز و خێڵەکانی کورد، بە دەنگی بانگەوازی مەلا مستەفاوە هاتن و لە چیاکانەوە هاتنە خوارێ، بۆ پارێزگاریی لە خۆیان دژی شۆڤێنییەتی عەرەب[61]. کە سەرۆکی یاخیبونەکەش(ئەششەوواف)بە برینداریی خۆی دەگەیەنێتە بنکەیەکی کتوپڕی تیمارکاریی، پاش تەقە لەیەککردن لەگەڵ چەند سەربازێکی سەر بە حوکوومەتدا، تیمارکارێکی کورد بە نێوی یوونس جەمیل، دەیکوژێت[62]. نەتەوەییە عەرەبەکانیش لەو بروایەدان، کە ئەششەوواف لە ژووری جلگۆڕین، بە دەستی تیمارکارێکی کورد کوژراوە. وەلێ کۆمۆنیستەکان دەڵێن، کە دوای بۆمبارانی بنکەی سەرکردەیەتیی لیوای پێنجەم، لە لایەن فڕۆکەکانی جەلال ئەلئەوقاتی(جلال الاوقاتي)یە، کە سەرۆکی هێزی جەنگیی هەوایی عیراق بوو، ئەششەوواف بە برینداری خۆی

---

[55] **شریف.، الجمعیات.**،ص194. **نامەیەکی سالح حەیدەری بۆ دۆکتۆر عەبدوسسەتتار تاهیر شەریف.**
[56] ئەمین.، پەنجەکان.،ل57.
[57] غریب.، الحرکة.،ص41.
[58] بطاطو، حنا، العراق الكتاب الثالث(الشيوعيون والبعثيون والضباط الاحرار)، ترجمة: عفيف الرزاز، موسسة الابحاث العربية، الطبعة **الاولى، بيروت** 1992، ص195.
[59] البراك.، مصطفي.،ص166.
[60] سەرچاوەی پێشوو.
[61] دان.، العراق.،الجزء الاول.ص223.
[62] سەرچاوەی پێشوو و پەراوێزی ژمارە 6ی هەر ئەو لاپەرەیە.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دەگەیەنێتە نەخۆشخانە، بەڵام لەوێ چەند سەربازێکی بەشی ئەندازیاریی دەیدۆزنەوە و یەکێکیان بە نێوی موحەممەد یووسف، بە خەنجەرەکەی لێی دەدات و بە عەردیدا دەدات و پاشان بە تفەنگەکەی دەستڕێژی لێ دەکات، تا دەیکوژێت. هەروەها دەشگوترێ، کە بە دەستی چوار سەرباز و بە فەرمانی ئەفسەری هێزی هەوایی ئەحمەد حەبیب(احمد حبيب) کوژراوە[63]. خەڵکی دیکەش هەن، دەڵێن کە ئەششەوواف، تیمارکارێک بە نێوی تاها ئەلموختار(طه المختار) کوشتوویەتی[64].

.

ئیبراهیم ئەحمەد لە هەموو ژیانیدا بازرگانیی بە چەپ و چەپایەتییەوە کردووە و لە کاری سیاسیشدا بازرگانانە بۆ شتەکان چووە و پێوەری بازرگانانەی بەکار بردووە، واتە: چاوی لە دووی ئەوە بووە، کە کێ زیاتری دەداتێ. دوای کودێتای 14ی تەممووزی 1958، ملانێ و ناکۆکیی نێو پارتیی دیموکراتی کوردستان، زەقتر و خویاتر دەردەکەوت. بێجگە لە ناکۆکیی کەسەکی، مەسەلەی بۆچوون و بیروباوەڕیش لە ئارادا هەبوو. هێڵەکەی ئیبراهیم- جەلال و لایەنگرانیان کە "لەڕووی کێ زیاتر دەدات((مزايدة)) یا لە چاوی بازرگانییەوە، واتە: سیاسەتکردن بە هۆشێکی بازرگانییەوە دەیانئۆڕییە هاوپەیمانیی لەگەڵ میری و هێزە سیاسییەکاندا (ئیبراهیم ئەحمەد دەیگوت من پارەگۆڕ(سەڕراف)م کێ فرەترم بداتێ لەگەڵ ئەوەدا مامەڵە دەکەم). ئەم باڵە دەیویست بە هەر شێوەیەک دەبێ گەورەترین دەسکەوتی حیزبی وەدەست بێنێ. ئامانج لای ئەمان پاساوی شێوازی کارکردن دەدات (ئەم ڕێبازەش لە شێوەی بیرکردنەوەی هەندێک لەم کەسانەدا لە دوای 1961ەوە تا ئەمرۆ وەدی دەکرێت)"[65]. هێڵی دووەمی نێو پارتیی، هێڵەکەی هەمزە عەبدوڵلا و هاوڕێیەکانی بوو، کە لە ڕوانگەی بەرژەوەندی ستراتیژیی بزاڤی ئازادیخوازی نەتەوەی کوردەوە دەینۆڕییە هاریکاریی لەگەڵ میری و هێزە سیاسییەکانی وڵات[66]. دەستەی ئیبراهیم ئەحمەد، لە سەردەمی عەبدولکەریم قاسمدا بەوە دەناسران، کە دژایەتیی پارتیی کۆمۆنیستی عیراق دەکەن و لەگەڵ ڕەوتی دیموکراسیدا ناڕۆن. کە چەپایەتی بە واتای بیرکردنەوەی سۆسیالیستانە بێت (وەک باوە) ئەوا ئیبراهیم ئەحمەد هەرگیز چەپ نەبووە و نییە و"لەسەر ناوبردنی بە سۆسیالیست نارازییە، ئەو سەر بە پارتییەکی شۆڕشگێڕی پێشکەوتنخوازە"[67]. ئەگەر ئیبراهیم ئەحمەد خۆ بە چەپ(سۆسیالیست) نازانێت، چۆن دەکرێ بە تۆبزی و بێ ڕەزامەندیی خۆی ئەو نێوەی لێ بنرێت. ئەگەر پشتگریی جووتیاران و بەشینەوەی زەوی، کە پارتییەکەی ئیبراهیم ئەحمەد بڕوای پێ هەبوو، کارێکی چەپڕەوانە بێت، ئەوا ئیبراهیم ئەحمەد لەو بڕوایەدایە، کە"مەسەلەگەلی وەک بیرازی زەوی و کشتوکاڵ، کە لە کۆڵەکە گرنگەکانی بەرنامەی پارتییەکەیانە لەم کاتەدا دوا دەخرێت، تا ڕاخوازیی گەلی لە بارەوە وەردەگیرێ و ئارەزووە ڕاستییەکانی لەو بارەوە دەزانرێت. ئەو لەو باوەڕەشدا بوو کە کۆمپانیای نەفتی عیراق

---

[63] بطاطو..،العراق..، ص195.

[64] الزبيدي..، ثورة..، ص439.

[65] شريف..، الجمعيات..،ص195.

[66] سەرچاوەی پێشوو،ل 203.

[67] ادامسن، ديضيد و جرجيس فتح اللة، الحرب الكردية وانشقاق 1964، ستوكهولم 1990،ص197.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

لێگەڕدرێت و چ کێشەیەکی بۆ ساز نەکرێت "[68]، واتە: نە بڕوای بە مەسەلەی زەوی هەیە و نە نانەوەی گیروگرفت بۆ کۆمپانییەکانی نەفت. پێش ئەوەی ئیبراهیم ئەحمەد ببێتە ئەندامی ژ.ک و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و پاشتریش پارتیی دیموکراتی کوردستانی عیراق، هەرگیز لە حیزبی کۆمۆنیستدا –کە ئەو دەمە بە فێرگەی شۆڕشگێڕان دادەنرا- نەبووە و ناشبێ[69] و لەگەڵ هیچ دەستە و تاقم و پارتییەکی چەپ و سۆسیالیستیشدا سەروسەودای نەبووە. ڕێک بە پێچەوانەی ئەوەشەوە لە نێو خەڵکدا وا باو بووە، کە ئەو لە ئینگلیزەوە نێزیکە و لەگەڵ تێڕوانین و ڕای ئەواندایە و تەنانەت خزمەتی نەخشە و بەرنامەی ئەوان دەکات. ئەگەر ئەو بۆچوونە تەنێ تیۆرییەک بێت –هیچ دووکەڵێک بێ ئاگر نابێت- خۆ لە ڕەوشت و هەڵسوکەوت و ڕەوتار و ئەنجامدانی کاری سیاسیدا، هەرگیز نەک هەر چەپ نەبووە، بەڵکە هەر بە لای چەپیشدا نەڕوانیوە. ئەو کە هەر لە دەسپێکی دامەزراندنی پارتییەوە دژایەتیی دەستەی هەمزە عەبدوڵڵای کردووە، هەر لەبەر ئەوە بووە، کە هەمزە عەبدوڵڵا و ئەوانەش کە لەگەڵیدا بوونە و هاوبیری بوونە، وەک بیروباوەڕ کۆمۆنیست بوونە. پاش تەمموزی 1958 و ئەو گۆڕانانەی، کە لە عیراقدا وەدی هاتن و بڵاوبوونەوە و گەشەسەندنی بیروباوەڕی شۆڕشگێڕانە و زێتر پەرەسەندنی حیزبی کۆمۆنیستی عیراق لە نێو خەڵکدا، زۆربەی سەرانی پارتیی دیموکراتی کوردستان، باوەڕیان بە پێویستیی بوونی پێوەندێکی توند و باش و هاریکاریی لەگەڵ کۆمۆنیستەکاندا هێنابوو و کۆمۆنیستەکانیش ئامادەی ئەو جۆرە هاریکارییە بوون. بەهائەددین نووری لەمەڕ ئەو باسەوە دەڵێت: "بۆ ئەم مەبەستە {واتە: پتەوکردنی پێوەند و هاریکاریی هەردوو لا- شاکەلی} دیدارێک لە نێوان دوو شانددا لە سەرکردەیەتی هەردوو پارتیی، لە بیرۆی عامیر عەبدوڵڵا، لە جادەی ئەننەهر(شارع النهر) {لە بەغدا –شاکەلی} ساز کرا. لە لایەن ئێمەوە {واتە: حیزبی کۆمۆنیستی عیراق – شاکەلی} سەلام عادیل و جەمال حەیدەری و عامیر عەبدوڵڵا و من {بەهائەددین نووری –شاکەلی} ئامادە بووین. لەوانیش(پارتیی دیموکراتی کوردستان) چەند سەرکردەیەک لە نێویاندا نووری شاوەیس و جەلال تاڵەبانی هەبوون. بە شێوەیەکی ئاسایی و گەرم دەست بە ئاخافتن و بیروڕاگۆڕینەوە کرا و جارجاریش گلەیی دەگۆڕدرایەوە. کاتێک جەلال تاڵەبانی دەستی بە ئاخافتن کرد تووڕە دیار بوو و بەبێ هیچ هۆیەکی ژیربێژانە گەرم بوو و هێرشی بردە سەر حیزبی کۆمۆنیستی عیراق و بە زایۆنیزمی لێکچوواند. ئەمە شتێکی چاوەڕواننەکراو بوو بۆ ئێمە، چونکە چۆن پەنا دەبرێتە بەر شێوازێکی وەها ئیستیفزازیی بەرانبەر بە ئێمە، لە دانیشتنێکدا، کە ئامانجی هاریکاریکردن بێت، لە نێوان هەردوو پارتییدا. پێم وایە بۆ ئەندامانی شاندی پارتییش، کارێکی چاوەڕواننەکراو بوو. ئێمەش هیچ لێکدانەوەیەکمان بۆ ئەو کارە نەبینییەوە، بێجگە لە ئارەزووی تاڵەبانی، بۆ سازکردنی بارێک، کە نێزیکبوونەوە و هاریکاریی لە نێوان هەردوو پارتییدا، کارێکی دژوار بێت. سەلام عادیلیش تووڕە بوو و مشتی کێشا بە سەر مێزەکەی، کە لە دەوری دانیشتبووین و بە تووڕەیی گوتی: ئەدەبت هەبێ. ئیدی ئێمە هەموو لە کۆبوونەوەکە کشاینەوە و شاندەکەی پارتییمان بە تەنێ بەجێهێشت"[70]. ئەوە هەڵوێستی زۆر چەپانەی دەستەی ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی دەردەخات، کە چەند دژی هاوکاری و هاوخەباتی پارتیی و کۆمۆنیستەکان بوونە، لە

---

[68] سەرچاوەی پێشوو.

[69] عەزیز..، پێنج..، ل89.

[70] نوري، بهاءالدين، مذكرات، كردستان العراق، سليمانية 1992،ص181.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

کاتێکدا له نێو پارتییدا باڵەکەی دی دۆستایەتیی کۆمۆنیستەکانیان پێ باش و پێویست بوو.

## یەکلاکردنەوەی ملانێیەکەی نێو پارتیی

ئەو ملانێیەی نێو پارتیی دیموکراتی کوردستان، کە بە کردەوە سەرانی پارتیی کردبوو بە دوو دەستەوە، تا ساڵی 1959 بەردەوام بوو. دووفاقی(إزدواجیة)یەک له سیاسەتی پارتیدا هەبوو، چونکە له پارتیدا دوو باڵ هەبوون، باڵی چەپ، بە ڕێبەریەتیی هەمزە عەبدوڵڵا و باڵێکی ڕاستڕەو بە ڕێبەریەتیی ئیبراهیم ئەحمەد. له کۆنگرەی چوارەمدا، باڵە ڕەسترەوەکە سەرکەوت و پارتیی له باڵە چەپەکە پاکتاو کرد و ڕێبەری چەپەکان بە تەواوی له پارتیی وەدەر نرا و ئیدی قۆناغی دووفاقانەی نێو پارتیی کۆتایی هات[71]. وەدەرنان و لابردنی دەستەی چەپی نێو پارتیی(هەمزە عەبدوڵڵا، حەمید عوسمان، ساڵح حەیدەری، نەژاد ئەحمەد عەزیز، خوسرەو تەوفیق، حەمەکەریم فەتحوڵڵا و ساڵح ڕوشدی)، کە خەڵکانێکی نەتەوەیی و له هەمان کاتیشدا نیشتمان (عێراق) پەروەر-دیارە بە پێی پێوەری ئەو دەمە- بوون، واتە هەم کورد و هەم عیراقی، له سەر دەستی بارزانی ئەنجام درا. بێگومان ئەنجامدانی ئەو کارە هەروا لەخۆڕا و کتوپڕ نەبوو، بەڵکە لەمێژ بوو ئیبراهیم ئەحمەد و ڕاستڕەوانی هاوبیری، نەخشەیان بۆ کێشا بوو و کنەیان بۆ دەکرد. دوو هۆکاری گرنگ، کە ڕۆڵێکی لەبەر چاویان له ئەنجامدانی ئەو کارەدا بینی و هەلومەرجەکانیان بەرەو ئەو لایەنە برد ئەمانە بوون:

1. هەر دوای گەڕانەوەی بارزانی له سۆڤیێت، جەلال تاڵەبانی "خۆی گەیاندێ و خۆی زۆر لێی نزیک کردەوە، دەستی کرد بە موشاغەبەکردن لەسەر هەمزە عەبدوڵڵا و نەژادی ئەحمەد عەزیز ئاغا و خەسرەو و حەمید عوسمان کە ئەو سەردەمە ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتیی بوون. وای له بارزانی گەیاندبوو کە هەمزە عەبدوڵڵا و هاوڕێیەکانی پارتییان کردووەتە پەیمانگەیەک بۆ پێگەیاندنی ئەندامانی حزبی شیووعی. وای تێ گەیاندبوو کە ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی ئەو سەردەمە دەڵێن ئێمە وەکو دەورەیەکین، وەکو پەیمانگەیەکین دەبێ خەڵک ئامادە بکەین و ڕۆشنبیریان بکەین تا فێرە سیاسەت بن، کە فێری سیاسەتیش بوون دەبێ بچنە ناو حزبی شیووعییەوە. ئیتر هەمیشە دووبارە و سێبارەیان دەکردەوە بۆ بارزانی کە خەریکە پارتی نامێنێ و دەیبەنە ناو حزبی شیووعییەوە. تا وایان لێ کرد کە هەمزە عەبدوڵڵا و برادەرەکانی له مەکتەبی سیاسی دەربکرێنو برایم ئەحمەد ببێتە سکرتێر و جەلالیش ببێتە ئەندامی مەکتەبی سیاسی له کاتێکدا له بەهاری 1959دا جەلال تاڵەبانی له پارتی تەجمید کرابوو. له کاتی تەجمید کردنیدا، تاڵەبانی گەشتێکی بۆ هەولێر و ڕەواندز و ناوچەی باڵەک کرد، دووای ئەوەی له گەشتەکە گەڕایەوە ئینجا توانیی بە پشتەوانیی بارزانی ئینقلابێک لەسەر هەمزە عەبدوڵڵا و هاوڕێیەکانی بکات و دەست بگرێ بەسەر مەکتەبی سیاسیی پارتیدا، ئەمەیش یەکەم ئینقلابی بوو و برایم ئەحمەد بە سکرتێر و خۆیشی بە ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتیی مایەوە"[72].

---

[71] شریف..، الجمعیات..،ص204.

[72] هەریری، فرەنسۆ، بۆ ئەوەی مێژوو بە چەواشەیی نەنووسرێ، چاپی یەکەم، پیرمام-هەولێر 1995، ل7-8.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

2. لەو دەمەدا سەرهەنگ عیسا پەژمان، کە کوردێکی ئێرانی دەبێت، نوێنەری سەربازیی {لە ڕاستیدا کارمەندی ساواک- سازمان اطلاعات وامنیت کشور – دەسگای زانیاری و ئاساییشی دەوڵەت- شاکەلی} دەبێت لە سەفارەتی ئێرانی لە بەغدا، پێوەندێکی باش و دۆستایەتییەکی بەهێزی لەگەڵ عەبدوڕڕەحمان (عیسا)زەبیحی و یەدوڵلا فەیلیدا {بە تایبەت لەگەڵ زەبیحیدا کە وەک باوەڕپێکراوێکی ساواک مامەڵەی دەکات-شاکەلی} دەبێت. سەرهەنگ پەژمان کۆمەکێکی زۆر بەو دووانە دەکات بۆ ئەوەی جووڵانەوەیەکی چالاکانە بەرپا بکەن. ئەو دووانە بەو شێوەیە دەست بەسەر کۆمیتەی ناوچەی بەغدادا دەگرن[73]. لەو سەردەمەشدا عیراقی 14ی تەمووز، بووبووە جێی تێکۆشان و خەباتی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و لە نێو ئەوانیشدا ئۆپۆزیسیۆنی کوردی ئێران، کە ئەو دەمە هەموو سەرانیان لە بەغدا گیرسابوونەوە و، بارزانییش دژی ڕێژیمی شا و، بۆ نواندنی چالاکیی کۆمەکی زۆری پێ دەکردن. دەمڕاستی ئەو کاتەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ئەحمەد تەوفیق (عەبدوڵلا ئیسحاقی) بوو، کە نێوانی هەم لەگەڵ بارزانیدا زۆر باش بوو- بارزانی خۆشی دەویست- و هەم لەگەڵ ئیبراهیم ئەحمەد و تاقمەکەیدا باش بوو. ئیبراهیم ئەحمەد و تاقمەکەی، بەتایبەت زەبیحی بە هۆی ئەوەی، کە کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو، هەوڵیان دەدا بارزانی دەست لە دەستەی حەمزە عەبدوڵلا بەربدا و ئەوان بگرێتەخۆ[74] و بەو شێوەیە توانییان ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی ئەحمەد تەوفیقەوە -کە ئەوان دژی دەستەی عەبدوڕڕەحمانی قاسملوو و کەریمی حیسامی، کە پێیان وابوو دۆستی دەستەی هەمزە عەبدوڵلان، بە تاکە نوێنەری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانیان دەزانی- بیروڕا خراپ و ناحەزەکانی خۆیان، بەرانبەر هەمزە عەبدوڵلا و هەڤاڵەکانی، بە بارزانی بگەیەنن و دووزمانیی لا بکەن و، بە سوودوەرگرتن لە هەستی کوردایەتی ئەو، گومانی بەرانبەر دڵسۆزیی و پاکیی هەمزە و هاوڕێیەکانی لا دروست بکەن، بەوەی کە هەمزە عەبدوڵلا دەیەوێ، پارتیی بکاتە بەشێک لە حیزبی کۆمۆنیستی عیراق. زەبیحی بە هۆی ڕق و قینی خۆی لە کۆمۆنیست و کۆمۆنیستان و بۆ سوودی دەستەی ئیبراهیم ئەحمەد، ئەو نۆرەیەی دەلست و ئەو کارەی ئەنجام دەدا. حەمەدەمین سیراجی، لەمەڕ هەڵوێست و بیروڕای زەبیحی و دەستەی ئیبراهیم ئەحمەدەوە لە چەپ و کۆمۆنیستان، دەڵێ:"مامۆستا زەبیحی کتێبێکی بە ناوی(ڕەدی کۆزمۆپۆلیتی) نووسیبوو و لەوێدا دژی چەپەکان بووە و لەگەڵ مەکتەب سیاسی کۆن {ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی – شاکەلی}بووە کە ئەوانیش هەر دژی چەپەکان بوون"[75]. شێخ عیززەددینی حوسەینی لەبارەی زەبیحییەوە دەڵێ:"زۆر موخالیفی کۆمۆنیست و چەپ و...ئەوە بوو دەیگوت خراپن، درۆ دەکەن، کوردیان ناوێ، هەل پەرستن"[76]. جەمال نەبەز لەمەڕ هەڵوێستی زەبیحی لە کۆمۆنیستان و کۆمۆنیزمەوە دەڵێت:"زەبیحی هەرچەندە خۆی بە شانازی یەکەوە بە مارکسیست دەدایە قەڵەم، بەڵام نەلەباری تیۆری یەوە و نەلەباری پراکتیکەوە فرِی بەسەر مارکسیزمەوە نەبوو. سەری زمان و بنی زمانی جنێو پێدان بوو بە پارتی کۆمۆنیستی عێراق کە بە (کۆزمۆپۆلیت) نێوی دەبردن و تەنانەت نامیلکەیەکیشی بەنێوی (بەرپەرچدانەوەی کۆزمۆپۆلیتیزم)ەوە لەدژی

---

73 شریف..، الجمعیات..،ص208.

74 عەلی، کوردۆ، سۆڤیەت و بزووتنەوەی نیشتمانی ی کورد، سالزبۆرگ 1989، ل79.

75 کەریمی، عەلی، ژیان و بەسەرهاتی عەبدولڕەحمان زەبیحی(مامۆستا عولەما)، چاپی یەکەم، بنکەی چاپەمەنی زاگرۆس، گۆتنبێرگ، سوید1999، ل208.

76 کەریمی..، ژیان..،ل347.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

کۆمۆنیسته عێراقی یەکان دەرکردبوو، و وای پێشاندابوو که خۆی لەوان کۆمۆنیستتره"[77]. ئیبراهیم ئەحمەد لەمەڕ ئەحمەد تەوفیقەوە دەڵێت:"ئێمە{مەبەست خۆی و دەستەکەی-شاکەلی} ئەحمەد توفیق به نوێنەری حیزبی دیموکرات کوردستان دەناسین. ئێوه{واته: دەستەی قاسملوو و حیسامی-شاکەلی} شەوو رۆژ له گەڵ هەمزەو نیژاد دژی پارتی کار دەکەن، ئێوه لەگەڵ شیوعیەکانن. بێجگه له ئەحمەد توفیق ئێمه هیچ کەسی تر به نوێنەری حیزبی دیموکراتی کوردسات ناناسین"[78]. بەو شێوەیه توانییان بارزانی، به دەستبەردان و وازهێنان له هەمزه عەبدوڵلا و هەڤالانی، قایل بکەن. بارزانی داوای لێ کردن، که کۆنگرەیەک بگرن و کێشەکه لەو کۆنگرەیەدا چارەسەر بکەن. ئیبراهیم ئەحمەد و تاقمەکەی، بارزانییان تێگەیاند، که کۆنگره به قازانجی هەمزه عەبدوڵلا و به زیانی ئەمان دەبێت، چونکه زۆرینەی پارتیی لەگەڵ هەمزه عەبدوڵلا و هەڤاڵەکانیدا بوون. بۆیه داوایان له بارزانی کرد، که دەسەلات و هێزی خۆی بەکار بهێنێت. ئیدی بەو جۆره، له ئێوارەی 30ی حوزەرانی 1959دا، بارزانی به کۆمەڵێک چەکدارەوه دەچێته بارەگای بەغدای پارتیی له شەقامی ئەلموتەننەبی"المتنبي" و داگیری دەکات و به کۆمەڵێک جوێن و هەڕەشەوه فەرمانی وەدەرنانی دەستەی هەمزه عەبدوڵلا و هەڤالانی، له سکرتێریی و مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ناوەندیی پارتیی دەدات و کلیلەکانی بارەگا دەهێنێت و دەیداته دەستی هەڤالانی ئیبراهیم ئەحمەدەوه و پێیان دەڵێت: بڕۆن بەیانیان له سەر {واته: لەسەر هەمزه عەبدوڵلا و دەستەکەی-شاکەلی} دەرکەن[79]. ئیدی بەو جۆره ئیبراهیم ئەحمەد دەکاتەوه به سکرتێری پارتیی و دەستەکەیشی به دەمڕاستانی پارتیی. دنەدانی بارزانی، له لایەن ئیبراهیم ئەحمەد و ڕاستڕەوانی هاوبیرییەوه، بۆ دەرکردنی چەپەکانی نێو پارتیی، مەترسییەکی زۆری ڕاستڕەوان بوو، له نێزیکبوونەوەیەکی پتری پارتیی له کۆمۆنیستەکانەوه. چونکه حیزبی کۆمۆنیستی عیراق له سەر هەوڵ و تێکۆشانی خۆی بۆ پێکهاتنێک لەگەڵ حیزبه نیشتمانییەکانی دیکەدا و بۆ خەبات لەپێناوی کۆتاییهێنان بەو سەردەمه نائاساییه و دامەزراندی دەسەڵاتێکی دیموکراتیی، به نوێنەرایەتی خەڵک و ڕێگەدان به ئازادیی دیموکراتی و دامەزراندنی حوکومەتێکی تێکڕایی به ڕێبەرایەتی قاسم، بەردەوام بوو و له هەمان کاتیشدا بۆ دامەزراندنی بەرەیەکی نیشتمانیی پێشکەوتنخواز تێدەکۆشا[80] و بۆ ئەو مەبەستەش پرۆژەیەکی، بۆ بەرنامه و هەلومەرجی کارکردنی ئەو بەرەیه، بڵاو کردەوه و خستییه پێش چاوی جەماوەر و، له حوزەیرانی 1959دا، ڕۆژنامەی ئیتتیحاد ئەششەعب(إتحادالشعب) بڵاوی کردەوه و، له لایەن حیزبی کۆمۆنیست و پارتیی دیموکراتی کوردستان و دیموکراته پێشکەوتنخوازەکان، که له دژی بڕیاری هەڵپەساردنیان له حیزبی نیشتمانیی دیموکراتی جودا بووبوونەوه و، هەندێک بێلایەنی پێشکەوتنخوازەوه، وەک پرۆگرامێک، بۆ بەره، بڕیاری لەسەر درا و نوێنەرەکانیان له 28-6-1959، بیرخەرەوەیەکیان دا به سەرۆکی حوکومەت. بەڵام حیزبی نیشتمانیی دیموکراتی به سەرۆکایەتیی کامیل ئەلچادرچی و، حیزبی پێشکەوتنخواز به سەرۆکایەتیی موحەممەد حەدید، دوای ئەوه، هەر ساردییان دەنواند و خۆیان خەریک دەکرد، له بەشداریکردن له بەرەدا و، حیزبه

---

[77] نەبەز..، گۆڤاری..، ل69.

[78] حیسامی، کەریم، له بیرەوەریەکانم1957-1965،بەرگی دووەم، ستۆکهۆڵم1987،ل77.

[79] عەلی..، سۆڤیەت..، ل79.

[80] خيري، د. سعاد، من تاًريخ الحركة الثورية في العراق ثورة 14 تموز، دارابنٍ خلدون، الطبعة الأولي1980، بيروت ، ص236-237.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

نەتەوەییەکانیش، بە تایبەت حیزبی بەعس، بە تەواوی ڕەفزی بەشداربوونی بەرەی کرد لەگەڵ حیزبی کۆمۆنیستی عیراقدا. ڕاستڕەوانی نێو پارتیی دیموکراتی کوردستانیش، بە بەکارهێنان و قۆستنەوەی هەستی نەتەوەیی و بە مەبەستی پاڵپێوەنانی پارتیی دیموکراتی کوردستان بەرەو گۆشەگیری و دەمارگیریی نەتەوەیی و، ڕاکێشانی بەرەو بەرەی دژایەتی کۆمۆنیزم، هەوڵی تێکدانی هاوپەیمانیی نێوان پارتیی دیموکراتی کوردستان و پارتیی کۆمۆنیستی عیراقیان دا[81]. ئەوەی پتر دامەزراندنی بەرەیەکی لەو جۆرەی وەک پێویستییەک دەهێنایە پێشەوە و تا ڕادەیەک کردبووی بە ئەرکێک، باری وڵات و ملانێی چینایەتی بوو"شەڕی چینایەتیی توندوتیژ، بە سەر سەرکردەیەتی حیزب {حیزبی کۆمۆنیستی عیراق –شاکەلی}دا، خۆئامادەکردنێکی خێرای سەپاند و، بە پەلە، بەرەیەکی نیشتمانیی نوێ، لە نێوان حیزبی کۆمۆنیستی عیراق و چەند حیزبێکی نیشتمانی و پێشکەوتنخوازی دیکەی عیراقیدا، بڵاو کرایەوە. لە دوایشدا دەرکەوت، کە ئەوانەی نوێنەرایەتیی ئەم حیزبانەیان کردبوو، نوێنەرایەتی تەنێ باڵە چەپەکانی نێو ئەو حیزبانەیان دەکرد، بۆیە ئەو کارە، بوو بە هۆی وەلانانیان لە حیزبەکانی خۆیان"[82]. ئەو بیرخەرەوەیەی درایە عەبدولکەریم قاسم و بەرنامەی بەرەیەکەی تێدا بوو، لە ژمارە 121ی ڕۆژنامەی ئیتتیحاد ئەلششەعب"اتحادالشعب"ی 29ی حوزەیرانی 1959دا، بڵاو کرایەوە و لە لایەن پارتیی دیموکراتی کوردستانەوە، هەمزە عەبدوڵڵا، نووری شاوەیس، خوسرەو تەوفیق، نەژاد ئەحمەد عەزیز، ساڵح حەیدەری، شەمسەددین موفتی و سبغەتوڵڵا مزووری، ئیمزایان کردبوو، کە سەرکردەیەتییە چەپەکەی پارتیی بوون. بۆ ئاشکراکردن و ڕاگەیاندنی دامەزراندنی ئەو بەرەیە، جەژن و ئاهەنگەکانی 30ی حوزەیرانی 1959، بۆ یادی شۆڕشی 1920 و ڕێکخستنی کۆبوونەوەیەکی گەورە بۆ ئەو مەبەستە، دیاری کرا، بەڵام ڕێک هەر لەو ڕۆژەدا، باڵەچەپەکەی نێو پارتیی دەردەکرێت و ئەو بەرەیە لەبار دەبرێت و بەو جۆرەش یەکیەتی هێزە نیشتمانییەکان نەهاتە دی، خواست و ئاواتەکانی ئیبراهیم ئەحمەد و ڕاستڕەوانی هاوبیری هاتنە دی و ئەو کارەش ڕێگەخۆشکردنێک بوو بۆ نێزیکبوونەوەی هێزە بۆرژوازی و ڕاستڕەو و دژەچەپەکان و نەیارانی کۆمۆنیزم، بۆ بەرەنگاربوونەوەی شاڵاوی گەل و خواستی سۆسیالیزم. ئەو کارەی بارزانی کوودێتایەک بوو، دژی هێڵی چەپی نێو پارتیی و بارزانی بەو کارەی، هەڵەیەکی سیاسیی مەزنی کرد، چونکە هێڵە ڕاستڕەوەکەی ئیبراهیم ئەحمەد – تاڵەبانی، بە سەر پارتیدا سەپاند و زاڵ کرد. ئەو هێڵەش لەمێژ بوو، لە هەل و دەرفەت دەگەڕا و هەوڵی خۆسەپاندنی بەسەر پارتیدا دەدا. ئیدی بەو شێوەیە مەیدانیان بۆ چۆڵ بوو و تەواوی ڕێکخستنی پارتیی کەوتە بن دەستیانەوە و بە گوێرەی بیروباوەڕی خۆیان کەوتنە پەروەردەکردنی خەڵکی نێو پارتیی. بەرپرسانی یەکیەتیی سۆڤیێت بەو گۆڕانەی نێو پارتیی گەلێک نیگەران بوون. ئەوان لەبری ئەوەی هەمزە عەبدوڵڵا بە جۆرێکی دیکە ئاراستە بکەن و نەهێڵن وا بە سووک و هاسانی خۆ لە مەیدانی خەباتی کورد وەدەرخات و ڕێگە بۆ ئیبراهیم ئەحمەد و هاوڕێیانی خۆش کات، دوکتۆر موراد عەزیز ڕەزم ئاڤەر"مراد رزم اور"یان لە مۆسکۆوە ناردە لای بارزانی، بۆ ئەوەی بە بارزانی بڵێت، کە سۆڤیێتییەکان ئەو گۆڕانەی نێو پارتیی بە پیلانی ئینگلیز تێدەگەن و دەبێ پێشی پێ بگیرێت. بارزانی جەختی لەسەر ئەوە کرد، کە ئەو نایەوێت حیزبەکەی بکرێت بە لقێکی حیزبی کۆمۆنیستی عیراق و تاقە ئەڵتەرناتیڤێکیشی کە بەدەستەوەیە، دەستەی ئیبراهیم ئەحمەدە و ئەوەشی جەخت کردەوە، کە هەموو شت

---

[81] قوجمان، حسقيل، ثورة 14 تموز 1958 في العراق، المملكة المتحدة،ص137.

[82] محمود، نجم، الصراع في الحزب الشيوعي العراقي وقضايا الخلاف في الحركة الشيوعية، 1980،ص36.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

هەر بەدەستی خۆی دەبێت و بۆ سەلماندنی ئەو قسانەیشی، دوکتۆر موورادی لەگەڵ خۆ بردە کۆنگرەی داهاتووی پارتیی لە 5 تا 8-5-1960، کە ئیدی هەمزە عەبدوڵلا و دەستەکەی بەڕەسمیی لە پارتیی دەرکران و بارزانی لەو کۆنگرەیەدا بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ، کە هەر خۆی شتە و کەس لە حیزبدا هیچ نییە و بۆ ئەوەی هەموو لایەک تێبگەن، کۆمەڵێک جوێنی بە هەموو حیزب دا و هەر لەو کۆنگرەیەشدا دوکتۆر مووڕادی کرد بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و مەکتەبی سیاسیی پارتیی، هەرچەندە گومانی ئەوە دەکرێت، کە ئەو دوکتۆر موراد عەزیز"مراد رزم اور"ە، فەرمانبەرێکی دەسگای جاسووسی سۆڤییێت"ک.گ.ب"بووبێت.[83] . بارزانی بەو گۆڕانەی، کە ئەنجامی دا و بەو کارەی، جێگەی بۆمبێکی کۆککراوی، کە لەمێژ بوو بۆی دانرابوو، خۆش کرد و ئیبراهیم ئەحمەد –تاڵەبانیش پارتییان بەرەو هەڵدێر برد و لە 1964دا بۆمباکەیان تەقاندەوە.

## هەڵوێستی ئیبراهیم ئەحمەد و هاوبیرانی لە هەمبەر کۆمۆنیستەکان و کەسانی دیکە لە سەردەمی پاشایەتیدا

وەک ئاشکرایە بیروباوەڕی باش بەبێ ڕەوشتی باش ناکاتە هیچ[84] . سۆسیالیزم و ئاکاری چاک دوو شتن، لەتەک یەکدیدا دەژین و بەبێ یەکدی هەڵناکەن و ناتەواون. مرۆڤی چەپ و سۆسیالیست، ئەگەر بە ڕەوشت، چەپ و سۆسیالیست نەبوو و چەپانە و سۆسیالیستانە کاری نەکرد و ئاکارێکی چەپانە و سۆسیالیستانەی نەبوو، ئەوا نەک هەر چەپ و سۆسیالیست نییە، بەڵکە ناڕاستگۆ و فریودەر و خائینیشە، بە بیری سۆسیالیزم و چەپ. ئەگەر ئاورێک لە ژیان و بۆچوون و ڕەوتار و ڕەوشت و هەڵسوکەوتی ئیبراهیم ئەحمەد بدەینەوە، ئەوەمان بۆ ساغ دەبێتەوە، کە ئەو نەک هەر چەپ نەبووە و بروایشی بە چەپایەتی و سۆسیالیزم نەبووە، بەڵکە بە کردەوە دژایەتی ئەو جۆرە بۆچوون و دیتنانەشی کردووە. لە سەردەمی پاشایەتیدا، لە کاتێکدا کە بەشی زۆری خەڵکی عیراق، لە دەوری حیزبی کۆمۆنیستی عیراق کۆبووبوونەوە و خەباتیان دەکرد و مەسەلەی نەتەوایەتی بۆ خەڵک هێندەی مەسەلەی چینایەتی و باری ئابووری و جڤاکی گرنگ نەبوو، دەستەی ئیبراهیم ئەحمەد و هاوبیرانی لەگەڵ حیزبی کۆمۆنیستدا، دانوویان پێکەوە نەدەکوڵا و ددانی خێریان بە حیزبی کۆمۆنیستدا نەدەنا. حیزبی کۆمۆنیستی عیراق، وەک هەموو کۆمۆنیستەکانی جیهان، لەگەڵ ئەوەیشیدا، کە گرنگییەکی تایبەتی بە کێشەی چینایەتی و باری ئابووری و جڤاکی خەڵک دەدا، پرسی کوردیشی بەلاوە، یەکێک بوو لە پرسە هەرەگرنگەکان، کە خەباتی بۆ دەکرد. تۆڕین لە پرسی کورد لە عیراقدا، وەک بەشێکی جیانەکراوە، لە یەک گەل و نەتەوەی دابەشکراو، بەسەر چەند بەشێکی کوردستاندا، کە بە دەستی کۆلۆنیالیستەکان، بە چەند دەوڵەتێکەوە لکێنراون و خەبات بۆ یەکخستنەوە و ڕزگاربوونی، هەر لەمێژ بوو کۆمۆنیستەکانی عیراق، باوەڕیان پێ هێنابوو و هەوڵیان بۆ دەدا. چەسپاندن و چڕترکردنی ئەو باسەش پتر لە سەردەستی بەهائەددین نووری و جەمال حەیدەری، ئەنجام درا. شاگردە دڵسۆزەکەی ئیبراهیم ئەحمەد، جەلال تاڵەبانی، کە باسی کۆمۆنیستە

---

[83] عەلی..، سۆڤیەت..، ل80. کوردۆ عەلی، لە پەراوێزی لاپەڕە 80 و 81ی ئەو کتێبەیدا، باس لەوە دەکات،

[84] لە کوردەواری خۆیشماندا بەو مەلایانەی کە هەر بە قسە موسوڵمان بوون و بە کردەوەش شتێکی دیکە دەیانگوت:"مەلای بێ عەمەل".



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

عیراقییەکان –دەستەی ئەلقاعیدە(القاعدة) بە سەرۆکایەتیی سەلام عادیل، ڕایەتوشەغیلە (رايةالشغيلة) بە سەرۆکایەتیی جەمال حەیدەری و وەحدەتوششیووعیین(وحدةالشيوعيين)- دەکات بێجگە لەوەی هەڵوێستیانی پێ خراپە، بیروڕا و تێڕوانینەکانی هەمووشیان بە ڕاستڕەوانە دادەنێت و خۆیانی لەوان پێ چەپترە[85]. وەنەبێ ئیبراهیم ئەحمەد و هاوبیرانی، بەتەنێ دژایەتی کۆمۆنیست و چەپەکانیان کردبێ، بەڵکە بەرانبەر خەڵکی دیکەی بێلایەن، ناودار، ناسراو، ڕووناکبیر و هی دیکەش، زۆرجاران هەڵوێستی نەیارانەیان هەبووە و بوختان و قسەیان بۆ هەڵبەستوون. یەکێک لەو کەسایەتییە ناسراو و کوردپەروەرانەی، کە ئیبراهیم ئەحمەد هەمیشە دژایەتی کردووە و بە خراپە باسی کردووە، ڕەفیق حیلمی بووە. ڕەفیق حیلمی و حیزبی هیوا، لە دنەدان و هاریکاریی ڕاپەڕینی بارزانییەکان و مەلا مستەفای بارزانی 1942دا، ڕۆڵێکی لەبەرچاویان هەبوو. پاش 14ی تەممووزی 1958 و گەڕانەوەی بارزانی بۆ عیراق "ڕەفیق حیلمی بەمە زۆر دڵخۆش بوو. ئومێدی بیرکردنەوە لە ئازادیی کورد لە چوارچێوەی حکومەتی دیموکراتیی تازەی عیراقدا لای زیندوو بۆوە، بەڵام ئیبرایم ئەحمەد، کە هەر لە ڕۆژانی پارتی هیواوە دژی ڕەفیق حیلمی و پارتی هیوا بوو، دەورووپشتی مەلا مستەفای دا و نەیهێشت لە ڕەفیق حیلمی نزیک بێتەوە. ڕەفیق حیلمی زۆر بە دڵسۆزییەوە دەیویست یارمەتی مەلا مستەفا بدا...ئیبرایم ئەحمەد بەتەواوی دەستی گرتبوو بەسەر پارتی دیموکراتی کوردستان و مەلا مستەفادا و ڕێشی نەدا بەهیچ جۆرێک مەلا مستەفا و ڕەفیق حیلمی بگەن بەیەک"[86]. ئیبراهیم ئەحمەد هەر بەوەوە نەوەستاوە، کە نەهێڵێ بارزانی و حیلمی یەکدی ببینن، بەڵکە لە ڕۆژنامەی خەباتیشدا دەکەوێتە ڕەخنە و تانووتدان لە ڕەفیق حیلمی، کە گوایە حیلمی کورد نییە و تورکمانە[87]. دیارە ئیبراهیم ئەحمەدیش بێجگە لە شێوەی دیکەی دوژمنایەتی و ناوزڕاندن، هەستی شارچێتی-چونکە ڕەفیق حیلمی خەڵکی کەرکووک بووە- لا بزاوە و ئەو چەکەیشی بەکار بردووە، بۆیە

---

[85] البارزاني..، البارزاني..،ص220-224.

[86] حیلمی، پرۆفیسۆر د. پاکیزە ڕەفیق، یادی سەد ساڵەی لەدایکبوونی مامۆستای کوردایەتی ڕەفیق حیلمی، رابوون، ژمارە26، 1999،ل35.

[87] سەرچاوەی پێشوو،ل35-36. برادەرێکی کورد پێش چەند ساڵێک بۆی گێڕامەوە و گوتی:"کە خوێندکار بووم لە یەکێک لەو وڵاتە بەناو سۆسیالیستانەی ئەوروپای ڕۆژهەڵات، جاروبار دەچووینە جڤینی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد و بەشداریی چالاکییەکانیانمان دەکرد. جارێکیان برادەرێکی کوردی کەرکووکی، کە حەزی دەکرد بەشداریی ئەو جۆرە کۆبوونەوانە بکات داوای لێکردم ئەگەر چووم بۆ ئەو دانیشتنانە لەگەڵ خۆمدا بیبەم. وا ڕێککەوت جارێکیان پێکەوە چووین. هەر کە دانیشتین و دانەنیشتین، یەکسەر مقۆمقۆ کەوتە نێو زۆرینەی ئەوانەی لەوێ بوون و ئەو زۆرینەیەش خەڵکی سلێمانی بوون. کەوتنە خێسەکردن لەو برادەرە و یەکێک گوتی ئەم بۆ هاتووە خۆ کورد نییە و یەکێکی دیکە گوتی ئەوە سێ مەوجە(واتە: سێ شەپۆلە و کوردی و عەرەبی و تورکمانی دەزانێت و قسەیان پێ دەکات. ئەو ناتۆرەیە زۆرجاران لەلایەن خەڵکی سلێمانییەوە بۆ خەڵکی کەرکووک بەکار دەبرێت) و ئەوی دی گوتی ئەمە تورکمانە و ئیدی ناخۆشیان کرد. ئەو برادەرەش هەڵسا و گوتی: "من وەک کوردێک هاتم بۆ ئەوەی بەشداریی کار و چالاکییەکانتان بکەم و هاتم ببمە کورد و کوردایەتی بکەم، ئێوەش بەو شێوەیە تێم دەڕوانن. من نەمگوتووە دەبمە ئینگلیز یا فرانسایی یا ئەمەریکایی یا ئەڵمانی یا میللەتێکی پێشکەوتووی دیکە. باشە ئێوە چیتان بۆ مرۆڤایەتی کردووە، کە هێندە لەخۆ بایین. ئایا ئێوە چوونەتە بان مانگ؟ دەرمانی شێرپەنجە یا ئەسپرین یا پەنسلینتان دۆزیوەتەوە؟ چیتان کردووە و شانازی بە چییەوە دەکەن؟ ئەوا ئەو کوردایەتییەم هەر نەویست. ئیدی بە دڵشکاوی و تووڕەییەوە هۆڵەکەی بەجێهێشت و ڕۆیشت. تاوانی ئەو برادەرە تەنێ ئەوە بوو، کە خەڵکی کەرکووک بوو و لەبەر ئەوەی لە گەڕەکێکدا گەورە بووبوو و ژیا بوو، کە بڕێک کاریگەریی زمانی تورکمانیی لەسەر کوردییەکەی هەبوو و وەک خەڵکی سلێمانی قسەی نەدەکرد". شەوێکی لەگەڵ چەند دۆستێکدا لە قاوەخانەیەکی ستۆکهۆڵم دانیشتبووین، باسی سامی شۆڕش هاتە ئاراوە، کە چەند خۆگەهێن و هەلپەرستە، دوای ئەوەی، کە خۆی گەیاندبووە لای پارتیی دیموکراتی کوردستان و لەسەر گۆڕی بارزانی قسەی کردبوو، یەکێک لەو دۆستانە –کە سەر بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو- گوتی: سامی شۆڕش عەرەبە و کورد نییە و باوکی عەرەبە. لە بارزانی دەگێڕنەوە کە لە بەرسڤی پرسیارێکدا کە پێناسەی کورد چییە و کێ کوردە. گوتوویەتی: ئەو کەسەی هەست بە کوردبوونی خۆی بکات و خۆی بە کورد بزانێت، ئەوە کوردە.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ڕەفیق حیلمی بە تورکمان دەداتە قەڵەم. ئیبراهیم ئەحمەد هەر بەو خراپەباسکردنە بەرانبەر ڕەفیق حیلمی نەوەستاوە، بەڵکە گەرەکێتی ناویشی پەڵەدار بکات و وای بداتە قەڵەم، کە حیلمی نازیست بووە و لەژێر کاریگەریی واندا بووە. ئیبراهیم ئەحمەد دەڵێت:"بیرمە جارێک لە مایسی 1941دا کە بەهۆی ئینقیلاب((کودێتا)) ڕەشید عالی گەیلانی و زابتە نەتەوەیی عەرەبەکانی سەر بە ئەڵمانەکانەوە، بانگ کرابوومەوە بۆ سەربازی وەک (زابتێکی ئیحتیات) و لەو کاتەدا لە کەرکووک بووم. ئێوارەیەک لەگەڵ کۆمەڵێ لە ئەفسەرە کوردەکانی دۆستم، کە زۆربەیان ئەندامی (هیوا) بوون لە((یانەی ئەفسەران)) دانیشتبووین، لەپڕ مامۆستا رەفیق حیلمی دەرکەوت و گشت زابتەکانیش بەرز بوونەوە هەر وەکوو ئەو (هیتلەر)و ئەوانیش سەربازی نازی بن، دەستیان هەڵبڕی و هەمو بە یەکدەنگ گوتیان((هەربژی سەرۆکی باڵا))بەبێ ئەوەی هیچ گوێ بدەنە زابتە عەرەبەکانی دەوروبەریان و، هەتا((سەرۆکی باڵا)) داوای دانیشتنی لێنەکردن دانەنیشتنەوە"[88]. ئەو هەڵوێستانەی ئیبراهیم ئەحمەد و پێڕەوانی زۆرجاران دووڕووانە بوون و لەگەڵ دیتن و بیروڕای خۆیشیاندا پێچەوانە بوون. دژایەتیکردنی شێخ لەتیفی حەفید و کاکەزیادی غەفووری و تەماشاکردنیان وەک دوو ئاغا و دەرەبەگ، هەر لە دەسپێکی دامەزراندنی پارتییەوە، لە لایەن ئیبراهیم ئەحمەد و هاوبیرانییەوە، چتێکی شاراوە نییە، کەچی لە دەرفەتێکی دیکەدا، وەک نیشانەیەکی دووڕوویی و ناڕاستی، جەلال تاڵەبانی، بۆ خۆبردنەپێشەوە لە بارزانی و پێشاندانی پایە و جەماوەریی پارتیی لە نێو خەڵکدا و شانازی بە ڕۆڵی خۆیان لەو بارەوە، فشە و خۆهەڵکێشان بە بوونی کەسانێکی"ئاغا و دەرەبەگ" و "پارێزگار و مەلازادە"وە دەکات لە نێو پارتیدا و دەڵێت:"پارتیمان زۆر کەسایەتی کۆمەڵایەتی پشتگیریی دەکەن، لە ڕیزەکانیشیدا شێخ لەتیف کوڕی شێخ مەحموودی حەفید و موحەممەدزیادی کۆنە ئەندامی پەرلەمان و دەمڕاست و دەسترۆیشتووە مەزنەکان و مەسعوود موحەممەدی کۆنە ئەندامی پەرلەمان و کەسایەتیی نیشتمانپەروەر، هەن"[89]. هەر ئەو شێخ لەتیفەی، کە ئیبراهیم ئەحمەد هەمیشە قینی لێ بووە و خۆی و هاوبیرانی، بە ئاغا و دەرەبەگ باسی دەکەن و دەیبینن،ماڵەکەی هەموودەم داڵدە و پەناگەی خەڵکانی چەپ و توودەیی و کۆمۆنیستان بووە، کە "حەسەنی قزلجی" و "غەنی بلووریان" نموونەیەکی لەبەرچاوی ئەو جۆرە مرۆڤانە بوون. یەکێک لە سەرانی کۆمۆنیستەکان لە بارەیەوە دەڵێت:"بەرەحمەت بێ تا کۆچی دوایی کرد، دۆستێکی دڵسۆز و خۆشەویستی حزب{مەبەست حیزبی کۆمۆنیستی عیراقە-شاکەلی} بوو"[90]. دیارە شێخ لەتیف نەک هەر لەسەردەمی پاشایەتیدا، بەڵکە لە سەردەمەکانی دیکەشدا هەر ئەو هەڵوێستە مێرخاسانەی هەبووە. لەسەردەمی بەعسدا و لە ڕۆژێکی وا دژواردا "بە هەموو توانای یارمەتی هاورێیانی حیزبی{مەبەست حیزبی کۆمۆنیستی عیراقە-شاکەلی} دەدا "[91]. غەنی بلووریانیش لەبارەی هەمان شێخ لەتیفەوە دەڵێت:"ئەو

---

[88] ئەحمەد، ئیبراهیم، لە بیرەوەرییەکانم، گزینگ، ژمارە 13، پاییزی 1996، ل45.

[89] البارزاني..البارزاني..ص232.

[90] بانیخێلانی، بیرەوەرییەکانم،ل224.

[91] عەبدوڵڵا، نایب، بیرەوەری 21 ساڵی تێکۆشان، چاپی یەکەم،پەخشخانەی نەورۆز، سوید1996، ل149. گەورەپیاوێکی دیکە، کە هەمان هەڵوێستی جوامێرانەی لە چەپ و کۆمۆنیستان هەبوو، خوالێخۆشبوو موحەممەد سەعید بەگی جاف بوو، کە یەکێک بوو لە بەگزادە جافەکانی کەلار و ڕووناکبیرێکی گەورە و نیشتمانپەروەرێکی دڵسۆزیش بوو. ساڵی 1954، کاتێک کە سەروان (الرائد) خوسرویی ڕووزبێ(خسرو روزبە 1915-1958)، کە ئەفسەرێکی کۆمۆنیست و ئەندامی سەرکردەیەتی حیزبی توودەی ئێران و ئەندامی ڕێبەرایەتی ڕێکخراوی سەربازی و زانیاریی ئەو حیزبە، لە ڕێژیمی شا هەڵدێ، لە باشووری کوردستان، موحەممەد سەعید بەگی جاف، لە ماڵی خۆیدا لە "کەلار" داڵدەی دەدات. خوسروویی



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

کوردێکی زۆر خاوێن و دڵسۆز بوو"[92]. لە کاتێکدا کە گومان لە چەپایەتیی هەمزە عەبدوڵڵا نەبووە و، باباعەلی شێخ مەحموودیش لە سەردەمی پاشایەتیدا، هەڵوێستی دژی پەیمانی پۆرتسمۆس وەرگرتووە و، لە ئەندامیەتی پەرلەمان وازی هێناوە و، لە سەردەمی عەبدولکەریم قاسمیشدا لەبەر نیشتمانپەروەریەتی کراوە بە وەزیر، جەلال تاڵەبانی کە دێتە سەر باسی باباعەلی شێخ مەحموود، زەید ئەحمەد عوسمان، سددیق میران، گیو موکریانی، هەمزە عەبدوڵڵا و پارێزەر موحەممەد سەعید کانیمارانی، گومان لە هەموویان دەکات و، هیچ یەکێکیان بە سەلامەت دەر ناکات و، سەرپاکیان بە پێوەندکردن بە سەفارەتەکانی ئینگلیز و ئەمەریکا و ئەوانەوە و کارکردن بۆیان و خزمەتکردنیان، تاوانبار دەکات و، بە ناپاک و ڕاسترەو و نەیاری مەسەلەی کورد و نیشتمان نێوزڕیان دەکات[93].

## هەڵوێستی بارزانی و دەستەی ئیبراهیم ئەحمەد و هاوبیرانی بەرانبەر کۆمۆنیستەکان دوای کوودێتای بەعسی 1963

کوودێتای حیزبی بەعسی ساڵی 1963، بە هاندانی ئینگلیز کرا. عەلی ساڵح ئەسسەعدی(علي صالح السعدي)ی، سکرتێری حیزبی بەعس، بۆ خۆی گوتی:"بە شەمەندەفەری ئەنگلۆساکسۆن هاتووینەوە". پاش کوودێتای بەعسییەکان لە ساڵی 1963دا و تێکشکانی بەرەنگاربوونەوەی کۆمۆنیستەکان دژی کوودێتاچییەکانی بەعس، ژمارەیەکی زۆر لە کۆمۆنیستە عیراقییەکان، لەترسی قەلاچۆکردن، هەڵاتن و ڕوویان کردە چیاکانی کوردستان. لقی

---

ڕووزبێ، کە بە هەڵاتوویی ڕوو دەکاتە گەرمیان و کەلار و پاش ئەوەی لە هەندێک ماڵدا کار دەکات و پاشان لە ماڵی ئاغای جافدا دەگیرسێتەوە و تەنێ ئاغای جاف دەیناسێت چ کارەیە و بۆچی هاتووە و بۆ ئەوەی خەڵکی دی نەیناسنەوە، نێوی خۆی گۆڕیبوو بۆ "وەستا عەلی". لە ماڵی ئاغای جافدا و لەبەرچاوی خەڵک، وەک خزمەتچی و کارگەرێک کاری دەکرد، وەلێ ئاغای جاف ڕێزێکی تایبەتی بووی هەبوو و کە هەر خۆیشیان تەنیا بوویایەن جۆرێکی دیکە مامەڵەی لەگەڵ دەکرد. هاوینی 1954، کە تازە ماڵی ئێمە لە (کەلار)ەوە بارمان کردبووە (شاکەل) و چونکە ئەوێش خاکێکی دەیم و بێئاو بوو، دەبوو بۆ وەدەستخستنی ئاو، بیری ئاو(چاڵاو) هەلکەنین. موحەممەد سەعید بەگی جاف، کە دۆست و هاوڕێیەکی یەکجار نێزیکی باوکم بوو، ئەو "وەستا عەلی"یەی ناردە لای باوکم، بۆ ئەوەی هەم بیری ئاوەکەمان بۆ هەڵکەنێت و هەمیش لەبەرچاوی خەڵک دوورکەوێتەوە و جێگۆڕکێیەک بکات. ئیدی زیاتر لە مانگێک لە ماڵی ئێمەدا بوو و سەرگەرمی هەڵکەندنی ئەو بیرە بوو. من بۆ خۆم لە یادمە، کە پیاوێکی بڕێک بەخۆوە و سوورکار و سەرڕووتاوە و سمێڵ گەورە بوو و، کە چەند بەو کارەشەوە شەکەت دەبوو. لە یادیشمە کە هەندێ خواردنی بەدڵ نەبوو و بەدایکمی دەگوت، کە فلانە خواردن لێنەنێت، چونکە حەزی لێی نییە و نایخوات. بە کوردییەکی شکاوی لەژێر کاریگەریی ئازەری و فارسیدا دەپەیڤی. بۆ نموونە دەنگی "ق" لای ئەو دەبووە "گ". بە "قەیسی" دەگوت "گەیسی". کە بیرەکەش دوای ماوەیەکی زۆر- چونکە گەلەک قووڵ بوو-گەیشتە ئاو، یەکجار خۆشحاڵ بوو و کردی بە شادی و جەژن و دایکم داوای لێکرد کە پارەیەک لەڕێی خوا و وەک مەولوودی پەیامبەر ببەشێتەوە و ئەویش ئەو کارەی کرد. پاش تەواوبوونی کارەکەی گەڕایەوە بۆ ماڵی ئاغای جاف لە کەلار و دواتریش کەلاری بەجێهێشت. مەسەلەی ئەوەی، کە ئەو "وەستا عەلی"یە، خوسرویی ڕووزبێ بووە، ئاغای جاف، کاتی خۆی بۆ باوکمی گێڕابووەوە و منیش لە باوکم بیستبووم. بەهاری 1992یش، کە لە ئەڵمانیا بە خزمەتی ئاغای جاف گەیشتم، ئەو باسەی بۆ گێڕامەوە. خوسرویی ڕووزبێ، لە1958/5/10 دا لە لایەن ڕێژیمی ئێرانی شاوە شەهید کرا.

[92] بلوریان..، ئاڵەکۆک..،ل81.

[93] البارزاني..،البارزاني..،ص196-229.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

کوردستانی حیزبی کۆمۆنیست هەر لە 10ی شوباتدا، دوو ڕۆژ پاش کوودێتاکە، بڕیاری چوونە نێو بزاڤی چەکداریی کوردی دا. سەرکردەیەتیی حیزبی کۆمۆنیستیش داوای لە تەواوی ئەندامان و لایەنگرانی خۆی کرد، کە بچنە نێو شۆڕشی کوردستانەوە و لە دژی کوودێتای بەعس خەبات بکەن. دەستەی ئیبراهیم ئەحمەد و مەکتەبە سیاسییەکەی، هەڵوێستێکی نەیارانەیان لە کۆمۆنیستە هەڵاتووەکان وەرگرت و وەک پەنابەر و تاکەکەس، نەک وەک ڕێکخستن و حیزبێکی سیاسیی، حیسابیان بۆ دەکردن و وەریان دەگرتن و فەرمانیشیان بۆ ڕێکخراوەکانی پارتیی دەرکردبوو، کە بە هیچ جۆرێک ڕێگە بە کۆمۆنیستەکان نەدرێت، کە: بە بێ پرسی پارتیی بگەڕێن بە دەڤەرە جیاوەزەکاندا، چەک هەڵگرن و چالاکیی حیزبی ئەنجام بدەن. وێڕای ئەوانەش، دەیانەویست سووک و باریک ئەو کۆمۆنیستانە-کە کۆمەڵێکیان ئەفسەری گەورەی لەشکر و مرۆڤی لێهاتوو بوون، وەک: سەلیم فەخری"سليم الفخري"، سەعید مەتەر(مطر)، جەلال باڵتە، تاها بامەڕنی و غەزبان ئەسسەعد(غضبان السعد)و کۆمەڵێکیشیان خەڵکێکی سیاسەتکار بوون، وەک: عەزیز موحەممەد –کە لە کوردستان مایەوە- و عامیر عەبدوڵڵا و هەموو ئەندامانی دیکەی کۆمیتەی ناوەندیی، کە چوون بۆ سووریا و لەوێشەوە بۆ سۆڤییێت و هی دیکەش، کە بە هەموو شێوەیەک و بە گیان، هاوبەشیی بزاڤە چەکدارییەکەی کوردیان دەکرد- بدەنەوە دەستی بەعسی عیراقەوە و بە کردەوەش ئەو کارەیان ئەنجام دەدا و زۆر لە کۆمۆنیستەکان گیانیان لەدەست دا. لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی مەکتەبی سیاسی پارتیی "ڕێگە بە کۆمۆنیستەکان نەدرا، چەکیان هەبێ و هەڵگرن. لە زۆر جێگە پەلامار دران و چەککران و ئیبراهیم ئەحمەد هەر دوای کوودێتای شوباتی 1963ی بەعس بروووسکەی بۆ هەموو ڕێکخراوەکانی پارتییەکەی ناردبوو و داوای لێ کردبوون کە پتر تەنگ بە کۆمۆنیستەکان هەڵچنن و ئازاریان بدەن"[94]. کاتێک کە عەزیز موحەممەد و یووسف حەننا، کە لە سەرانی حیزبی کۆمۆنیست بوون، داوای کۆمەکیان لە بارزانی کردبوو، ئیبراهیم ئەحمەد پێی گوتبوون: چۆن مردوو زیندوو دەکەمەوە. واتە:کۆمۆنیستەکان مردوون و تەواو بوون، ئیدی چۆن هەوڵی زیندووبوونەوەیان دەدات. نەک هەر ئەوە بەڵکە، دەستەی ئیبراهیم ئەحمەد کەوتنە ڕاونان و گرتن و چەککردنی کۆمۆنیستەکان و بەزۆر لە شوێنی دەستنیشانکراودا دایان دەنان و کردنەوەی بنکە و چوونە نێو جەماوەریان لێ قەدەغە دەکردن و کاری زۆرەملێ و بە تۆبزییان پێ دەکردن[95]. ئەوەی کە پشت و پەنای ئەو بێچارانە بوو، بارزانی بوو. بارزانی دەرگای بۆ کردنەوە و تەواوی ئەوانەی وا هەڵاتبوون هاتن بۆ لای وی و ئەویش جوامێرانە داڵدەی دان. بارزانی چەکی دانێ و کردنیە پێشمەرگە و بەشداریی شەڕی دژی حوکوومەتی کردن و پلە و پایە و جێگەی بەرز و لەبەرچاویشی لە نێو دەسگا سەربازی و کارگێڕییەکەیشیدا بە هەندێکیان سپارد و بەو کارەیشی پتر مەیلی سۆڤییێتییەکانیشی بە لای شۆڕشی کورددا ڕاکێشا. بەهائەددین نووری دەڵێت:"لەو ناوچانەی، کە لە ژێر دەسەڵاتی بارزانیدا بوون، بارەکە بە شێوەیەکی دیکە بوو و هیچ کۆمۆنیستێک چەک نەکرا، بەڵکە جێگەی مانەوە و خڕبوونەوەیان بۆ دابین کرا و لە بەهرە و زانینیان سوود وەرگیرا. کە منیش بووم بە سکرتێری هەریم لە ناوچەکانی باڵەک و قەرەداغ و گەرمیان و بیتوێن و بادینان، هێزی پێشمەرگەی چەکدارمان هەبوون، کە لە ژێر سەرکردەیەتیی بارزانیدا بوون. بارزانی لە بواری چارەسەرکردنی نەخۆشی و تەکنیکدا، سوودی لە کادرانی

---

[94] نوري..، مذكرات..، ص247.

[95] عبدالكريم، سمير، أضواء على الحركة الشيوعية في العراق، الجزءالرابع(18تشرين الثاني1963-17-30تموز1968)، دارالمرصاد، بيروت، ،ص74. ساڵی چاپی ئەم کتێبە نەنووسراوە.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

کۆمۆنیست وەرگرت"[96]. زەکی خەیری دەڵێت:"بارزانی ئامێزی بۆ کادرانی حیزبی کۆمۆنیست، کە پەنایان بۆ ناوچەی وی بردبوو، گرتەوە و لەو ڕۆژە سەختانەی دوای ساڵانی 1963، کە تووشی بوون، پاراستنی. هەرچی مەکتەبی سیاسی پارتی{مەبەست دەستەی ئیبراهیم ئەحمەد و تاڵەبانی و هاوڕێیانیانە-شاکەلی}شە هەڵوێستێکی ڕێک پێچەوانەیان وەرگرت و تەنانەت نێزیکەی 10 کادری کۆمۆنیستی پەناخوازیان سەربڕی"[97]. نایب عەبدوڵڵا، لەمەڕ داڵدەدانی کۆمۆنیستەکان لە لایەن بارزانییەوە و هەڵاتنیان لە بەعس و ئیبراهیم ئەحمەدییانەوە دەڵێ:" بەشی زۆری سەرکردەکانی حیزب لە بەغدا و کەرکووک و شارەکانی ترەوە ڕۆشتوون بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی بارزانی و شۆڕش لە ناوچەی دەرگەڵە و ڕەواندوز و..هتد. وە بە یارمەتی بارزانی بنکەی چەکداریشیان کردۆتەوە"[98]. بارزانی دەڵێ:"من لە سۆڤێت زیاترم بۆ کۆمۆنیستە عیراقییەکان کردووە. ڕێگەکانی کوردستانی ئازادم بۆ کردنەوە و هەموو هەڵاتوو و پەناخوازێکم وەرگرتن، لە کاتێکدا کە دەستەی مەکتەبی سیاسی ڕێیان لێ دەگرتن و هەندێکیشیان لێ دەدانە دەستەوە"[99]. ئیبراهیم ئەحمەد ئەو قسەیەی بارزانی بە تەواوی و بە توندی دەداتە دواوە، وەلێ واقیع لایەنگری دیتن و بۆچوونەکەی بارزانی بوو، چونکە مەکتەبی سیاسی دەیەویست بۆ ماوەیەک خۆ بە دڵسۆزی پێکهاتنە پێشینەکە —کە لە نێوان ئیبراهیم ئەحمەد و تاهیر یەحیادا و هەر لە ساڵی 1962ەوە ساز کرابوو-ی لەگەڵ ڕژێمی نوێدا پێشان بدات[100]. ئەوجا بۆ دەبێ ئیبراهیم ئەحمەدێک، کە بیەوێ چەپترین مرۆڤی ئەودەمەی عیراق و میوانی کوردستانەکەی خۆی بداتەوە دەست بەعسێکی نەتەوەیی ڕەگەزپەرستەوە و چەک بکات و پەلامار بدات و بکوژێت، بە چەپ بژمێردرێت؟!.کاتێک کە بەعس قاسمیان ڕووخاند و خۆیان دەسەڵاتیان لە عیراقدا گرتە دەست، بەیاننامەی ژمارە 13یان دەرکرد بۆ قەڵاچۆکردنی کۆمۆنیستەکانی عیراق "مەکتەبی سیاسی پارتیش بڵاوکراوەیەکی ناوخۆیی بە هەمان ناوەڕۆک دەرکردبوو بۆ فشار خستنەسەر شیوعییەکان و نەهێشتنیان لە کوردستاندا. دەیان هاوڕێمان لە گوندی(مالومە)کە بارەگای مەکتەبی سیاسی لێبوو لە زینداندا بوون و ئەشکەنجە و ئازار دەدران و داوای پاکانەکردنیان لێدەکرا و ژمارەیەکی زۆریان لە هاوڕێیانمان چەک کرد و هێرشیان کردە سەر چەند بنکەیەکی پێشمەرگەکانمان لە شاخی(بەمۆ)ی ناوچەی خانەقین و وەڵەسمت لە ناوچەی شارەزوور و هەڵەبجە و شوێنەکانی تر"[101] و "چەند کۆمۆنیستێک لە ناوچەی(بەمۆ) بەدەستی پێشمەرگەکانی پارتیی کوژران. لە هەموو شتێکیش خراپتر ئەوە بوو، کە عەلی عەسکەری بە دەمانچەکەی خۆی دوو کۆمۆنیستی لەوانەی، کە دوای شەڕی بەمۆ بە یەخسیری کەوتبوونە دەستی، کوشتبوون"[102]. حیزبی کۆمۆنیستی عیراق، کە لە هاریکاریی و داڵدەدانی سەرکردەیەتی شۆڕشی کورد، ڕێبەرایەتی بارزانی، دڵنیابوو، ئیدی پشتی لێ دەکاتەوە و بە ماف خۆی دەزانێت، ئەویش بنکەی پێشمەرگە و چەکداریی خۆی لە هەر شوێنێکی کوردستاندا بکاتەوە و چالاکیی سیاسی خۆیشی ئەنجام بدات. ڕێکخراوی کەرکووکی حیزبی کۆمۆنیست، لە گوندی "قەوالی" لە ناوچەی کفری، خڕدەبنەوە و بنکەیەک بۆ خۆیان دەکەنەوە، لێ چەکدارانی پارتیی لێناگەڕێن و دەریاندەپەڕێنن و ئەوانیش ناچار دەبن بچن بۆ

---

[96] نوري..، مذكرات..، ص248.
[97] خيري..، صدى..،ص230.
[98] عەبدوڵڵا..، بیرەوەری..، ل135.
[99] ادامسن..، الحرب..، ص72-73(المقدمة بقلم جرجيس فتح الله المحامي).
[100] سەرچاوەی پێشوو، ل73، پەراوێزی ژمارە 33.
[101] بانیخێڵانی..، بیرەوەرییەکانم..، ل215.
[102] نوري..، مذكرات..، ص247.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ناوچەی دەربەندیخان و لەوێش لە سەر ڕووباری "سیروان" لەگەڵ چەکدارانی پارتییدا تووشی پێکدادان دەبن و چەند کەسێکیان لێ دەکوژرێن. ئیدی ناچار دەبن بگەڕێنەوە ناوچەی کفری و پاشتریش هەندەک چەکداریان ڕوویان کردە ناوچەی ڕەواندز و هەندرێنی ژێردەسەلاتی بارزانی. ڕێکخراوی سلێمانی، دوو بنکەی لە ناوچەکانی هەڵەبجە و قەرەداغ کردەوە. بنکەی هەڵەبجەیان پارتیی گرتی و کۆمەڵێکی لێ کوشتن و ئەوانەی قەرەداغیش، کە هەر لەژێر گوشاری پارتییدا بوون، هەلاتن و هەندێکیان چوون بۆ "کلکەسماق" و هەندێکیشیان کەوتنە "سووورداش" و پاشتریش لەلایەن پارتییەوە چەککران. ڕێکخراوی هەولێریش، سێ بنکەیان لە ڕەواندز، شەقلاوە و گوندی "داربەسەر" لە کۆیە، کردەوە. لە چیای ئەلقۆش"القوش"ی لای مووسڵیش بنکەیەکی چەکداریی کرایەوە[103]. تەنێ ئەو بنکانەیان کە لە دەڤەری دەسەلاتی سەرکردەیەتیی بارزانیدا بوون بە سەلامەتی دەردەچن و ئازادی هەموو جۆرە چالاکییەکیان دەبێت. لە "بەمۆ" و ناوچەی خانەقینیش بنکەی چەکدار دەکەنەوە. بەڵام سەرانی پارتیی ئەو ناوە، کە هەموو سەر بە دەستەی ئیبراهیم ئەحمەدن و بە تایبەت عەلی عەسکەری، ڕێگەیان نادەن و دەکەونە دژایەتیکردنیان. عەلی عەسکەری بە هێزێکی گەورەوە، هێرش دەکاتە سەر بنکەی "بەمۆ"ی حیزبی کۆمۆنیستی عیراق و پاش چەند ڕۆژێک شەڕی نابەرابەر، بنکەکە دەگرن و چەند پێشمەرگەیەکی کۆمۆنیست دەکوژن و چەندیشیان لێ بریندار دەکەن و پێنج کادری پێشکەوتوویشیان کە بە یەخسیری دەیانگرن پاشان دەکوژن. هەندێکیشیان، کە یەخسیر دەکرێن دەنێردرێن بۆ زیندانی "ماوەت"، یەکێک لەوانە "عەبدولڕەحمانی ساڵحی خلە"ی ئەندام کۆمیتەی شاری سلێمانی دەبێت. هەندێک لە پێشمەرگە کۆمۆنیستەکان لە کاتی ڕاونان و هەلاتندا لە ئاوی "سیروان" دەخنکێن. یەکێک لەوانە"بەکری حاجی ئەحمەد نەمەڵی" دەبێ. هەر دوای ئەو ڕووداوانە هێزەکانی عەلی عەسکەری پەلاماری بنکەی "وەڵەسمت" یش دەدەن و بنکەکە داگیر دەکەن و کۆمەڵێکی دی پێشمەرگەی کۆمۆنیست دەگرن و دەکوژن. لە نێو گیراوەکاندا دووانیان ژن دەبن، کە چەکدارانی پارتیی دەیاندەن بە دەستی ڕژێمی بەعسەوە[104]. ئەحمەد بانیخێلانی دەڵێ:"دەستدرێژی برادەرانی پارتی لە ناو شاری سلێمانیدا تەشەنەی کرد، دوو هاوڕێی تێکۆشەرمان عبدالرحمان سالحی خلە و مەلا عەلی مەلارایان گرت و لە (کانی ماسی) کە بنکەی (پ.م)ی ناو شاری لێ بوو لە ژێر ئەشکەنجەدا شەهیدیان کرد و پاشان تەرمەکانیان سوتاند. هەروا لەیەک ڕۆژدا حەوت هاوڕێی ترمانیان لەسەر دوکانەکانیان لەناو شاردا شەهید کرد"[105]. حەمەی عەزیز(خاڵە حەمە)، کە یەکێکە لە خەڵکانی نەتەوەیی کورد و لە بزاڤی کوردایەتیشدا ڕۆڵی خۆی هەبووە، لەمەڕ ڕەوتار و هەڵوێستی بارزانی و دەستەی ئیبراهیم ئەحمەدەوە بەرانبەر کۆمۆنیستەکان و ڕووداوەکەی "بەمۆ"وە دەڵێت:"لە هەموو لایەکەوە {بەعسییەکان-شاکەلی}پەلاماری کۆمۆنیستەکانیاندا، ئەوانیش تا توانیان داکۆکیان لە خۆیانکرد، هەزارانیان لێگیرا و کوژرا، هەزارانیش ڕوویان کردە وولاتە دراوسێکان و کوردستان، ئەوانەی ڕوویانکردە ناوچە ڕزگار کراوەکانی قەڵەمڕەوی بەهەشتی بارزانی پەنادران و ڕێزیان لێگیرا و مەودای چالاکیشیان درا، ئەوانەش((لە کوردەکان)) کە ڕوویانکردە قەڵەمڕەوی مەکتەبی سیاسی بەرهەڵستیان لێکرا و شەڕیان لەگەڵ کرا و لێیان کوژرا و لێیان گیرا، بۆ وێنە ڕۆژێکی هاوینی ساڵی 1963 چاوم بە برادەری خۆشەویستم بەهەشتی کاک ئەورەحمانی ساڵحی خلە، کەوت لەگەڵ کۆمەڵێک گیراو ئیشی پێدەکرا، ئەملاو ئەولام ماچکردو لێم پرسی بۆچی و لە کوێ گیراوە، ووتی لەگەڵ هەندەک هاورێیانماندا لەلای سەرتەک و بەمۆ بووین،

---

[103] عبدالکریم..،أضواء..، الجزءالثالث(8 شباط1963-18تشرین الثاني1963)، ص118-119.

[104] عەبدوڵلا..، بیرەوەری..، ل139-145.

[105] بانیخێلانی..،بیرەوەرییەکانم..، ل220.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

هاتنه سەرمان و کوژراو و بریندارمان هەبوو، منیان گرت و ناردوویانم بۆ ئێره"[106]. عەلی عەسکەری له سەر خرپکردنەوەی ئابوونه و پیتاکیش، که به تۆبزی بەسەر گوندنشینەکاندا سەپاندبوویان، دەستی له کوشتنی خەڵکانی بێتاوانی کۆمۆنیستدا هەبووه. گوندەکانی"شیرەمەڕ، گامێشتەپە، چاوگ، شەکراڵی"، که دانیشتووانەکانیان، سەر به حیزبی کۆمۆنیستی عیراقی بوونه، لەبەر ملکەچنەبوونیان بۆ ئابوونەدان به پارتیی، عەلی عەسکەری به سەرۆکایەتیی هێزێکی چەکداریی گەورەوه، دەوری ئاوایی "چاوگ" دەدا و هێزەکه دەستدەکەن به تەقه به نێو ئاواییدا و خەڵکی گوندیش بەرەنگاری ئەو هێزه دەبنەوه. له ئەنجامدا دوو کەسی کۆمۆنیستی بێچەکی گوندەکه "قەدحه عەلی" و "عەبدوڵلا عینایەت" دەکوژرێن و چەند ماڵێکی کۆمۆنیستی ناسراو دەسووتێنرێن و عەلی عەسکەری داوا دەکات، که هەموو کۆمۆنیستەکان خۆبدەنەدەستەوه، وەلێ ئەوان ئەو کاره ناکەن و ئیدی کۆمەڵە ماڵه کۆمۆنیستێکی دیکەش له گونددا، دەسووتێنن و دەکەونه گرتنی خەڵکانی سەر به حیزبی کۆمۆنیست و ئازاردانیان لەو گوندانەی ئەو دەوروبەرەدا و، هێنده تەنگ به خەڵکەوه هەلدەچنن، تا دەبنه هۆی ئەوەی، که کەسانێکی ناسراوی وەک "حاجی رەئووف نەورۆڵی" و "کوێخا عەلی چاوگی" له رقی رەوتاری ناپەسەندی سەرانی پارتیی، پەنا ببەنه بەر ئەوەی، که ببنه جاش و چەک بۆ حوکوومەت هەڵگرن[107]. دەستەی ئیبراهیم ئەحمەد، به کودێتای 8 شوباتی 1963ی بەعسییان شاگەشکه گرتوونی و کۆڵێک کەیفیان پێی ساز بووه و داکۆکیشیان لێ کردووه و به دەرفەتیشیان زانیوه بۆ کەوتنه پەلاماردانی کۆمۆنیستەکان، وەک ئەوەی تۆڵەی رقی خۆیان له قاسم، لەوان بکەنەوه و خۆیشیان به نوێنەری بەعس زانیوه له کوردستاندا. دەکرێ هەڵەبجه وەک نموونەیەک بهێنینەوه. له هەڵەبجه، که تەواوی رێکخستنەکانی پارتیی و لێپرسراوانی، سەر به دەستەی ئیبراهیم ئەحمەد بوون، رۆژی یەکەمی کودێتا، 8ی شوبات، هەر لەپاش نیوەرۆوه، هێزی پێشمەرگه و لێپرسراوانی پارتیی له گوندەکان و رێگاکانی دەوروبەری شاری هەڵەبجەدا دامەزران و خۆیان ئامادەکرد. له ئێوارەدا هەموویان هاتنه نێو شارەوه و جێگا بڵند و گرنگەکان و سەر رێگاکانیان گرت و لەناو شاردا به زۆری بڵاوبوونەوه و دەسبەجێ له بڵندگۆی مزگەوتەکانەوه دەستیان به وتاردان کرد و یەکەم قسەشیان بۆ جەماوەری هەڵەبجه ئەوه بوو، که ئەوەی روویداوه رۆژێکه، ئەوان ساڵانێکه خوێنی له پێناودا دەرێژن و چاوەنۆرِین. فەرمانی جموجووڵنەکردنی هەموو کەس و هێزێکیان دەرکرد و بریاری ئەوەیشیان دا، که ئەوەی بجوڵێتەوه جووڵەی دەبرن و زۆری تریشیان گوت. بۆ رۆژی دووەم شانبەشانی پۆلیس کەوتنه گەڕان و دەیانگوت، که بۆ پاراستنی ناو شار ئەو کاره دەکەن. به هەڵسوکەوت و رەوتاریان وایان پێشاندەدا، که ئەوان بۆ خۆیان قاسمیان رووخاندووه و دەسەڵاتیان گرتووەته دەست. ئیدی بەو کارەیان کۆمۆنیستەکانیان خسته رەوشێکی دژوارەوه، تا ئەو رادەیەی،که نەیانتوانی هیچ جووڵانەوەیەک له دژی کودێتاکه بکەن، چونکه یەکسەر پارتییەکان لێیان راست دەبوونەوه و خراپیان پێ دەکردن[108]. دەستەی ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی، وەنەبێ هەر له دوای کودێتای 1963ی بەعس، ئەو هەڵوێستەیان له حیزبی کۆمۆنیستی عیراق بووبێت"مەکتەبی سیاسی پارتی، هەر له ساڵی 1961ەوه دەستیان کرد، به راونان و کوشتن و برینی شیوعییەکان له شارو شارۆچکەو گوندەکان به رابەرایەتی حیلمی عەلی شەریف، له چیای بەمۆ و ژاڵەناوو گوندەکانی بەری سیروان، ئەوانەی ئەگیران رەوانەی بەندیخانەی گەلاڵه ئەکران و ئازارو ئەشکەنجه ئەدران. له ساڵی 1964یشدا که لایەنێکی تری رێکخراوی جولانەوەی

---

[106] عەزیز، حەمەی(خاڵەحەمە)، بیرەوەری، ئاورێک له رابوردوویەکی نزیک، باسکار، ژماره 3، 1999، ل78.
[107] عەبدوڵلا..، بیرەوەری..، ل130-132.
[108] سەرچاوەی پێشوو، ل132-133.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

نیشتمانی دروست بوو که له دوای ناوەڕاستی هەفتاکاندا بوو به(یەکیەتی نیشتمانی ئێستا)..ئەوانیش هەر لەگەڵ جیابوونەوەیاندا له پارتی، کەوتنه ڕاونان و کوشت و بڕی شیوعییەکان و گیراوەکانیان ڕەوانەی بەندیخانەکانی بەکرەجۆو چەمی ڕێزان ئەکردو زۆریان بێ سەروشوێن ئەکردن"[109]. وەک بەراوردێک له نێوان هەڵوێستی مەلا مستەفای بارزانی و مەکتەبی سیاسیی پارتیی دیموکراتی کوردستان –که ئەودەم به دەست ئیبراهیم ئەحمەد و هاوڕێکانییەوە بوو- بەرانبەر پارتیی کۆمۆنیستی عیراق و هەڵاتنی کۆمۆنیستەکان دوای کوودێتای بەعسی 1963 بۆ کوردستان، نەوشیروان مستەفا ئەمین، که بۆ خۆی هەر له دەسپێکی جیابوونەوەی ئەو تاقمەوە له پارتیی و تا ئێستاش لەگەڵیان بووە و یەکێکیشه له سەرکردە و هزرڤان و تیۆریزانەکانیان، دەڵێت:"مەلا مستەفا دالدەی دان و، کارئاسانی بۆ کردن، بەڵام ئیبراهیم ئەحمەد ڕیگەی نەدان. بنکەکانیان داخستن و چەکدارەکانیان چەک کردن. له هەندی شوین شەر و پێکادان روی داو، لەهەردو لا کوژران"[110]. نەوشیروان مستەفا لەبارەی هەمان مەبەستەوە باسی چۆنیەتیی هەڵسوکەوت و ڕەوتاری، مەلا مستەفا و مەکتەبی سیاسی(واتە: ئیبراهیم ئەحمەد و هاوڕێیەکانی)، لەگەڵ کۆمۆنیستەکاندا بەم شێوەیە دەکات:"مەلا مستەفا به خۆشییەوە، بەرەو پیریان چو، داڵدەی دان و، ماوەی خۆڕێکخستنەوەی دان و، پێویستییەکانی دابین کردن. م س کەوتە تەنگ پی هەلچنین و چەک کردن و گرتنیان و، له چەند جیگایەک که به چەکداری لی ی کو بوبونەوە چوە سەریان"[111]. دۆکتۆر جەمشید حەیدەری، که بۆ خۆی کۆمۆنیست بووە و له ساڵی 1963دا له بەغداوە بۆ کوردستان هەڵاتووە، دەڵێت:"هاوڕێ(بێ){واتە: بروسک، که ناوی نهێنیی دۆکتۆر حەیدەری بووە له حیزبی کۆمۆنیستی عیراقدا-شاکەلی{ بۆی{واتە: بۆ دۆکتۆر حەیدەری-شاکەلی} گێڕامەوە که دەچێتە لای حەمەد ئاغای مێرگە سۆری، دوو میوانی کۆیی لا دەبێ...باس دێتە سەر ئەوەی که حەمەد ئاغا له کانی گێزیدا ڕێگەی به شیوعیەکان داوە بنکە دروست بکەن. ئەوەش وەک ئەو دوو برادەرە بۆی دەچن که لەگەڵ ڕێڕەوی شۆڕش ناگونجێ، لێرە مەبەست ڕێبازی مەکتەبی سیاسی پارتیە{واتە: ئیبراهیم ئەحمەد و تاقمەکەی-شاکەلی} ئەوسا حەمەد ئاغا دەڵێ: نامەی مەلا مستەفام بۆ هاتووە که نووسیویەتی ئەوەی دوژمنی ڕژێم بێ، دەستی یارمەتیان بۆ درێژ بکەن، بۆیێ حەمەد ئاغا دەڵێ: ئەگەر بۆم بکرێ گۆشتی بەلەکی خۆمیان دەرخوارد دەدەم و یارمەتیان دەدەم –مەبەستی یارمەتی شیوعیەکانە-و حەمەد ئاغا کاغەزەکەی مەلا مستەفا دەخوێنێتەوە"[112]. ئەحمەد بانیخێڵانی، که بۆ خۆی یەکێکە لەو کۆمۆنیستانەی له ساڵانی 1940ەکانەوە له ڕیزی حیزبی کۆمۆنیستی عیراقدا تێدەکۆشێت، له نێوان هەڵوێستی بارزانی و تاقمی ئیبراهیم ئەحمەددا له هەمبەر کۆمۆنیستەکانی عیراق، وەها بەراورد دەکات:"لەو کاتەدا که خەتی(م س) له حزبی شیوعی دەدا و سەرۆک بارزانی دژی ئەو هێرش و ئازاردانەی شیوعیەکان ڕاوەستاو له بروسکەیەکدا داوای له گشت هێزەکانی پارتی و شۆڕش کرد که یارمەتی حزبی شیوعی بدەن و، هاریکاری و کۆمەکی شیوعیەکان بکەن. بەڵام له ناوچەی سلێمانی و کەرکووکدا که خەتی(م س) زاڵ بوو گوێیان به بروسکە و بڕیارەکەی بارزانی نەدا و له فشار و هێرش بردنە سەر حزبی شیوعی هەر بەردەوام بوون"[113]. بانیخێڵانی وەک کۆمۆنیستێک، که باسی کۆتایی ساڵی 1963 و ئەزموونی خۆی لەگەڵ

---

[109] ڕەشید، قادر(ئەبوشوان)، پشتاشان لەنێوان ئازار و بێدەنگیدا، 1998،ل86.

[110] ئەمین، نەوشیروان مستەفا، پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن، بەرلین1997، ل80.

[111] سەرچاوەی پێشوو، ل 69.

[112] حەیدەری، جەمشید، چەند لاپەڕەیەک له بیرەوەرییەکانم 1949-1966، ستۆکهۆلم 1993، ل45-46.

[113] بانیخێڵانی..، بیرەوەرییەکانم..،ل216.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دەستەی ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانیدا دەکات، دەڵێت:"ئەو کادر و لێپرسراوە عەسکەرییانەی(پارتی)کە لە راستیدا خەتی(م س) بوون و بە جەلالییەکان دەناسران فشاریان بۆ هێنام و گێچەڵیان بۆ دەسازاندم"[114]. هەرچەندە سۆڤیێتییەکان پێشتر بە ئیبراهیم ئەحمەدیان راگەیاندبوو و داوایان لێ کردبوو، لەگەڵ کۆمۆنیستەکاندا نەرم بن و هاریکارییان بکەن، کۆمەکیان بکەن بۆ ئەوەی لەو کارەساتەی تێی کەوتوون، دەربێن و سەرلەنوێ خۆیان رێک بخەنەوە، بەڵام ئیبراهیم ئەحمەد، بە توندی رەخنەی لە هەڵوێستی حیزبی کۆمۆنیست بەرانبەر مەسەلەی کورد و لە پشتیوانییان لە قاسم گرتبوو[115] و خۆی و هاورێیانیشی ئەو داواکارییەی سۆڤیێتیان پشتگوێ خستبوو و لەسەر تەنگپێهەڵچنین و راونانی کۆمۆنیستان هەر بەردەوام بوون. کاتێک کە عەبدوسسەلام عارف دەسەڵاتی گرتە دەست و خولی یەکەمی بەعس کۆتایی هات و ئاگربەست لە نێوان بزووتنەوەی چەکداریی کورد و عارفدا هەبوو "عارف داوای لە بارزانی کرد ئەو کۆمۆنیستانەی پەنایان بردۆتە کوردستانی ئازاد و لەوێ دەژین، تەسلیمیان کاتەوە، تەسلیم کردنەوەی پەنابەران بە رەدوونەرانیان پێچەوانەی داب و نەریتی کوردەوارییە و بارزانی پێی رازی نەبوو. تاڵەبانییەکان{مەبەست تاقمی جەلال تاڵەبانییە نەک هۆزی تاڵەبانی-شاکەلی} ئەوەیان کردە بەهانەیەک و پروپاگەندەیان دەکرد گوایە بارزانیی کۆمۆنیستەکان دادەبەستێت. عارف ئەوەی کردە بەهانەیەک بۆ تۆمەت و بوختان کردن بە بارزانی[116] کە گوایە کۆمۆنیستە و پیاوی سۆڤیێتە و سوورە و...

بارزانی لە تەواوی ئەو ماوەیەی 1963 کە لەتەک بەعسیشدا گفتوگۆی هەبوو، لە هاریکاری و دالدەدانی کۆمۆنیستەکان بەردەوام بوو و زۆر دووربینانە دەینۆڕییە ئەو مەسەلەیە و دەیزانی کە "رۆژێ لە رۆژان لەگەڵ بەعسییەکاندا رێک ناکەوێ، بەڵام بەرانبەر کۆمۆنیستەکان دەبێ هەڵوێستی هەبێ. هەر لەبەر ئەو هۆیەشە، کۆمۆنیستەکان خۆشیان دەوێ"[117]. بارزانی وەک نیشتمانپەروەرێک و شۆڕشگێڕێک هەمیشە، کۆمەکی بە هەموو باڵەکانی حیزبی کۆمۆنیست و هەموو نەیارانی رژێمی بەغدا کردووە. پاش کودێتای بەعسی 1963 و ئەو قەیرانەی، کە حیزبی کۆمۆنیستی عیراق دووچاری بوو، هەندەک کۆمۆنیست لە حیزبەکەی خۆیان دوورکەوتنەوە و کۆمیتەیەکیان بە نێوی "کۆمیتەی شۆڕشگێڕیی" دامەزراند، کە رەخنەیان لە حیزبی کۆمۆنیست هەبوو و دەیانەویست لە بەغدا و لە رێگەی کاری سەربازییەوە، کارێکی دژ بە حوکومەت ئەنجام بدەن. کۆمیتەکە ئەندامێکی خۆیان بە نێوێ"موتعیب خومەییس-متعب خمیس" ناردە ناوچەی قەڵادزە، بۆ پێوەندکردن بە "سەلیم ئەلفەخری"یەوە و قایلکردنی بە گەڕانەوە بۆ بەغدا، بۆ بینینی رۆڵی خۆی وەک ئەفسەرێک لە کاری سەربازیی ئەو کۆمیتە شۆڕشگێڕییەدا. "ئەلفەخری"، بە ناسنامەی ساختە و وەک کورد و بە کارئاسانی و لە رێگەی پسوولەیەکی بارزانییەوە، بۆ ئەوەی رێگەی پێ نەگیرێ، گەڕایەوە بەغدا[118]. پاش لەتبوونی پارتیی و لادانی دەستەی ئیبراهیم ئەحمەد-جەلال تاڵەبانی لە ساڵی 1964دا و، کەوتنیان دوای ماوەیەک بە لای حوکوومەتی عیراقدا، بارزانی –وەک تاکە نێوەندی دەسەڵات و تاکە هێز و سەرکردەی بزاڤی چەکداریی کورد لە کوردستاندا- زێتر باوەشی بۆ کۆمۆنیستەکان کردەوە و کۆمەکی کردن. ساڵی 1967یش، کە حیزبی کۆمۆنیستی عیراق بوو بە دوو بەشەوە،

---

[114] سەرچاوەی پێشوو، ل 213.

[115] ئەمین..، پەنجەکان..، ل72.

[116] نەبەز، جەمال، کوردستان و شۆڕشەکەی، کوردۆ کردوویە بە کوردی، سوید 1985، ل240.

[117] عەزیز..، خولانەوە..، ل84.

[118] عبدالكريم..، أضواء ..، الجزء الرابع(18تشرين الثاني1963-17-30تموز1968)، ص116.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بارزانی هەردوو بەشەکەی گرتبووە خۆ و هەردوو لایان بە ئازادی بنکە و کادر و چەکداریان لە کوردستان هەبوو و ئازادانە کاری سیاسی و سەربازیی خۆیان دەکرد. تەنانەت کە خەڵکانێک لە نێو حیزبی کۆمۆنیستی عیراقدا ویستوویانە شەڕی چەکدار دژ بە حوکوومەت لە بەغدا و شوێنەکانی دیکەی عیراق ئەنجام بدەن، بارزانی دەستی کۆمەکی بۆ درێژ کردوون. پێش کەرتبوونی حیزبی کۆمۆنیستی عیراق بۆ سەرکردەیەتیی نێوەندی(القيادةالمركزية) و کۆمیتەی نێوەندی(اللجنةالمركزية) "وا باوبوو کە عەزیز ئەلحاج لەگەڵ حەبیب موحەممەد کەریمدا بە نهێنی هاتووە بۆ لای بارزانی و بە نهێنیش گەڕاوەتەوە و چەند پارچە چەکێکیشی وەرگرتووە و گەیاندوویەتی بە بەغدا"[119]. عەزیز ئەلحاج لەو کۆبوونەوەیدا لەگەڵ بارزانی، کە بە نیازی کۆمەک و خۆچەسپاندن لە کوردستاندا، کردی، ئامادەیی بارزانی بۆ کۆمەک وەدەست هێنا و هەردوو سەرکردەیەتیی نێوەندی(القيادةالمركزية) و کۆمیتەی نێوەندی(اللجنةالمركزية) حیزبی کۆمۆنیست لە دەوری سەرکردەیەتیی بارزانی کۆوەبوون و کۆمەکیان لە بارزانییەوە پێ دەکرا[120]. کەچی لەهەمان کاتدا تاقمی ئیبراهیم-جەلال لەگەڵ هەردوو حیزبە کۆمۆنیستەکاندا ناکۆک بوون. لە کاتێکدا کە حیزبی کۆمۆنیستی عیراق(سەرکردەیەتیی نێوەندی-القيادةالمركزية) وەبەر دڕندەترین شاڵاوی بەعس کەوتبوو و قەڵاچۆ و بنبڕ دەکرا، پارتییەکەی ئیبراهیم ئەحمەد-جەلال تاڵەبانی لە ترۆپکی هاریکاریدا بوون لەگەڵ بەعسدا و ڕاوی نەیارانی ڕژێمیان —لەوانەش کۆمۆنیستەکانی قیادەی مەرکەزی- بۆ بەعس دەکرد و تەواوی ئەو کار و کردەوانەشیان بۆ خۆیان بە چەپایەتی و کوردایەتی و شۆڕشگێڕی لە قەڵەم دەدا. کۆمۆنیستە نەریتییە ڕەدووکەوتووەکانی سۆڤیێتی لیژنەی مەرکەزییش لە ساڵانی پاشکۆیەتییاندا بۆ بەعس، هەمان هەڵوێستیان بەرانبەر بە کۆمۆنیستەکانی قیادەی مەرکەزی هەبوو و ئەوان و تاقمی جەلال تاڵەبانی، دووزمانییان لەسەر ئەو کۆمۆنیستانە دەکرد و لەگەڵ بەعسدا لە یەک سەنگەردا، دژایەتییانیان دەکرد و هەوڵی لەنێوبردنیان دەدان[121]. وەک

---

[119] بانیخێڵانی..، بیرەوەرییەکانم..،ل284. هەروەها بنۆڕە: عبدالكريم..،أضوا ..، الجز الرابع(18تشرين الثاني1963-17-30تموز1968)، دار المرصاد، بيروت، ص196. ساڵی چاپی ئەم کتێبە نەنووسراوە.

[120] عبدالكريم..،أضواء..، الجزءالرابع(18تشرين الثاني1963-17-30تموز1968)، دار المرصاد، بيروت، ص113.

[121] الحاج، عزيز، من أوراق الحياة، باريس 1997، ص55،69. ئێوارەیەکی پاییزی 1973، لە کەرکووکەوە بۆ سەردانی فەرهادی برام، کە ئەودەم لە حەفتەنامەی بیری نوێی حیزبی کۆمۆنیستی عیراقدا کاری دەکرد، چووم بۆ بنکەی بیری نوێ لە شەقامی ئەسسەعدوونی بەغدا. کە چووم فەرهاد لەوێ نەبوو و ئیدی لەگەڵ کاک جەلال دەبباغ و کاک ڕەفیق سابیردا، کە ئەوانیش لەوێ کاریان دەکرد، دانیشتین. لەو ماوەیەدا قەسرولنهایە(قصر النهاية)، کە بەندیخانەیەکی زۆر پیسی دەسگای ئاسایشی عیراق بوو، دوای لەنێوچوونی نازم گزار کرابووە و خەڵک دەیتوانی بچێتە تەماشاکردنی. کاک جەلال دەبباغ چووبووە سەردانی ئەوێ و بۆ ئێمەی دەگێڕایەوە، کە چۆن لەوێ لەسەر دیواری ژوورەکانی ئەو زیندانە، خەڵکە کۆمۆنیستەکان بە خوێنی خۆیان دروشمی بژی حیزبی کۆمۆنیست و بڕوخێ بەعس و دەیان دروشمی شۆڕشگێڕانەی دیکەیان نووسیوە. کاک جەلال ئەوەی لەبیر چووبوو، کە ئەوان(تاقمی لیژنەی مەرکەزی) خۆیان لەگەڵ ڕژێمی بەعسدا هاریکار و لە بەرەیەکدا بوون. منیش ئەوەم وەبیر هێنایەوە، کە ئەوانەی ئەو دروشمانەیان نووسیوە، کۆمۆنیستەکانی سەرکردەیەتیی نێوەندیی(القيادةالمركزية)ن. ئەوانن کە زیندانی بوون و کوژراون و ئەوان کۆمۆنیستەکانی لیژنەی مەرکەزی(اللجنةالمركزية)نین. هەر لە ساڵی 1967ەوە، کە دووبەرەکی کەوتە نێو حیزبی کۆمۆنیستی عیراقەوە و ئەو حیزبە بوو بە دوو کەرتەوە، کەرتی سەرکردەیەتی نێوەندیی(القيادةالمركزية)، کە بە شۆڕشگێڕ و کەرتی لیژنەی مەرکەزیی(اللجنةالمركزية)، کە بە سازشکار دەناسران. ئەوانەی سەر بە سەرکردەیەتی نێوەندیی(القيادةالمركزية) بوون، وەک نیشانەی ترسنۆکی و خۆبەدەستەوەدان، نازناوی "أهل البطانيات- واتە: خێڵی پەتوو یا تاقمی پەتوو " یان لە تاقمی لیژنەی مەرکەزی (اللجنةالمركزية) نابوو، چونکە ئەوانە هەمووەدەم بە خۆ و یەک دوو پەتووەوە ئامادە بوون، کە ئەگەر پۆلیس هات و لە دەرکەیانی دا، یەکسەر و بێ هیچ بەرگرییەک و دەنگەدەنگێک وەدووی کەون بۆ زیندان و لەوێش لێی پاڵ دەنەوە. بێجگە لەوەش نێوی "کارگێڕیی تاپۆ-دائرةالطابو" و "کارگێڕی ئەرشیف-دائرة حفظ الاوراق"یان، لە لیژنەی مەرکەزیی(اللجنةالمركزية) حیزبی کۆمۆنیستی عیراق نابوو، کە پتر لە دەسگایەکی کارگێڕی دەچوو.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دژەکارێک لەهەمبەر هەڵوێستی نەیارانەی جەلالییان لە حیزبی کۆمۆنیستی عیراقی، سەرکردەیەتیی نێوەندی "القيادةالمركزية" و بڕوابوون بە ڕاستی و ڕەوایی خەباتی شۆڕشی کوردستان بە سەرکردەیەتی بارزانی، لە جڤینی فرەوانی کادرانی ئەو حیزبە، لە کانوونی دووەمی 1968دا، دوای گفتوگۆ و دەمەتەقەیەکی خەست و دوورودرێژ لەمەڕ پێوەندەکانی ئەو حیزبە، لەگەڵ حیزبە کوردییەکان و حیزبە نەتەوەییە عەرەبییەکان و حیزبی بەعس بە هەردوو باڵەکەیەوە، باڵی سەر بە سووریا و باڵی عەفلەق-ئەلبەکر و حیزبی نیشتمانیی دیموکراتی، جڤینی کادران بڕیاری هاوپەیمانێتی لەگەڵ بزاڤ و حیزبی بارزانی و بڕینی هەموو پێوەندێک لەگەڵ حیزبی تاڵەبانیدا دا[122]، نەک هەر ئەوە بەڵکە حیزبی کۆمۆنیستی عیراق-سەرکردەیەتی نێوەندیی"القيادةالمركزية" هەر لە کاتی دامەزراندنیشیەوە لە 17-9-1967دا، بەشدار بووە لە بزاڤی کورددا، بە سەرۆکایەتی بارزانی[123]. کە حیزبی بەعس لە ساڵی 1968دا جارێکی دیکە دەسەلاتی گرتەوە دەست و "دەستی بە تەنگپێهەڵچنین و گوشارخستنە سەر کۆمۆنیستەکان و دژایەتی بارزانی(بێگومان بە کاریگەرێتی تاڵەبانی)کردەوە و دواتریش، کە حیزبی قیادەی مەرکەزی{سەرکردەیەتی نێوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی عیراقی-شاکەلی)} کەوتە هەڵوێستی دژایەتی بەعس، بە گوێرەی هێڵی گشتی سیاسەتی ئێمە، کارێکی سروشتی و ژیربێژانە بوو، کە بارزانی بە "هاوپەیمانێکی گرنگ" دابنێین، دژی "دوژمن" واتە، دەسەلاتی نێوەندی"[124]. نێوانی بارزانی و کۆمۆنیستەکانی عیراق هەمووده‌م باش بووە. ئەحمەد بانیخێلانی دەڵێت:"پەیوەندی نێوان حزبی ئێمە و پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرۆک بارزانی، بەگشتی پەیوەندییەکی باش و دۆستانە و برایانە بووە. پێم وایە لە مێژووی سیاسیی کوردستان و عیراقدا، جگە لە حزبی شیوعی و پارتی دیموکرات هیچ دوو حزبێک لە مەیداندا نەبووە هێندەی ئەم دوو حزبە (لەگەڵ ئەو ناکۆکی و پێکدادانەش کە جاروبار روویداوە)پەیوەندی دۆستانە و هاوخەباتی خۆیان پاراستبێ"[125]. پاش کۆنگرەی شەشەمی پارتیی لە تەمووزی 1964دا و وەدەرنانی تاقمی ئیبراهیم –جەلال و دانانی کۆمیتەیەکی ناوەندیی نوێ، ئەنجومەنێک بە ناوی ئەنجومەنی ڕاپەڕاندنی شۆڕش دامەزرا، کە نوێنەری جیاوازی خەڵکی کوردی تێدا بوو. حیزبی کۆمۆنیستی عیراقیش دەچنە لای بارزانی و پێی ڕادەگەیەنن کە باشتر وابوو نوێنەری ئەوانیش لەو ئەنجومەنی ڕاپەڕاندنەدا هەبووایە. بارزانییش پێیان دەڵێت:"چۆن ئێوە نوێنەرتان نییە، ئەی ئەز چمە؟ من نوێنەری ئێوەم"[126]. بەوەدا نێزیکایەتیی بارزانی لە کۆمۆنیستەکانەوە تا ڕادەی ئەوەی خۆی بە نوێنەری ئەوان بزانێت و ڕێزگرتنی ئەوان لێی تا ڕادەی ئەوەی بە نوێنەری خۆیان و سەرۆکی هەموو لایەکی بزانن [127]دەردەکەوێت. هەڵوێستی بارزانی بەرانبەر کۆمۆنیستەکان بووبووە هۆی ئەوەی، کە کۆمۆنیستەکان هەموودەم بارزانییان خۆش بوێ[128]. بارزانی ڕێز و خۆشەویستییەکی تایبەتی لە نێو دڵ و دەروونی خەڵکدا هەبوو و زۆرجاران خەڵک لە سەر ئەوەی، کە داوای لێ

---

[122] الحاج، عزيز، حدث بين نهرين، في تلخيص تجربة حزب القيادةالمركزية ايلول1967-ربيع1969، الجزء الاول،باريس 1994، ص143. حیزبی کۆمۆنیستی عیراق-سەرکردەیەتیی نێوەندی"القيادةالمركزية"، سەنگەری پێشمەرگە و ڕێبەرایەتیی بارزانیان هەڵبژارد، هەر بۆیەش لەگەڵ حیزبی جەلالییاندا کەوتنە جەنگەوە و هەندێکیشیان لەو پێکدادانانەدا لێ کوژران.

[123] چەندین بنکەی پێشمەرگە و چەکدارییان لە : ناوکێلەکان، کلکەسماق، خەرکنێ(بەمۆ)، سلێمانی و شوێنی دیکە کردەوە.

[124] الحاج.، حدث..،ص143.

[125] بانیخێلانی..، بیرەوەرییەکانم..، ل275-276.

[126] سەرچاوەی پێشوو، ل 218.

[127] سەرچاوەی پێشوو.

[128] عەزیز..، خولانەوە..، ل84.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

کراوە جنێو یا قسەیەکی خراپ بە بارزانی بڵێ و نەیگوتووە، ژیانی خۆی لە دەست داوە و کوژراوە[129]. بێگومان ئەو خەڵکەی، کە هەڵوێستی وەهایان هەبووە تەنێ کورد و پارتیی نەبوونە، بەڵکە عەرەب و کۆمۆنیستیش هەبوونە، کە هەمان هەڵوێستیان هەبووە و کورد و پارتییش هەبوونە، کە بە پێچەوانەی ئەوانەوە هەڵوێستیان نواندووە. لە سەردەمی قاسمدا، ڕێژیم بڕیارێکی دەرکرد، کە دەبێ هەموو مامۆستایانی دەڤەری کوردستان برووسکەی پیرۆزبایی و پشتگری بۆ حوکوومەت بکەن و دژی بارزانی و شۆڕشی کورد بدوێن و ئەوەی ئەو کارەی جێبەجێ نەکردبا، لە کار دەر دەکرا. حیزبی کۆمۆنیست دژی ئەو کارە بوو و داوای لە ئەندامان و دۆستانی خۆی کرد، کە وەها کارێک نەکەن و ئەوەیشی بیکردایە بە بڕیاری حیزب(کۆمۆنیست) لە حیزب دەردەکرا. مامۆستایانی سەر بە پارتیی و هەندەک کۆمۆنیستیش ئەو کارەیان کرد و برووسکەیان لێدا. کەم کەس ئەو کارەی نەکرد. ئەوانەشی کە نەیانکرد، بەشێکیان گیران و بەشیکیشیان هەڵاتن و خۆیان شاردەوە. یەکێک لەوانەی کە ئەو کارەیان نەکرد، مامۆستایەکی کۆمۆنیستی عەرەب بوو لە سلێمانی، بە نێوی زوهەیر ئەلزوبەیدی "زهير الزبيدي". ئەو پیاوە برووسکەی نەکرد و جنێوی بە بارزانی نەدا. لە سەر ئەوە گیرا و ئەشکەنجەیەکی زۆریان دا و هەواڵەی بەغدا کرا[130]. ئەحمەد بانیخێڵانی لەو بارەیەوە دەڵێت:"بەشێک لەو هاوڕێیانەمان لە زیندانا مانەوە تا کودەتاکەی هەشتی شوباتی 1963ی بەسەردا هات، هۆی مانەوە و ئازادنەکرانی ئەو کەسانەی کە لەو دەمەدا و لەسەر کێشەی ئاشتی بۆ کوردستان گیرابوون بەوەوە بەسترابوو، گەر جنێوت بە (سەرۆک بارزانی) بدابا و دژی قسەت بکردبا ئازاد دەکرایت و ئەو کارەشت نەکردبایە لە بەندیخانەدا دەمایتەوە. هەرچەندە هەندێ لەو کەسانەی بەناوی پارتیەوە گیرابوون جنێوی خۆیان دەدا و بەردەبوون، بەڵام شیوعیەکان بە کورد و عەرەبیانەوە، تا سەر رەفزی ئەوەیان کرد جنێو بە(بارزانی) بدەن یان دژی راوەستن"[131]. کۆمۆنیستەکان لە نێوان سەرکردەیەتیی بارزانی و تاقمی ئیبراهیم-جەلالدا هەردەم بارزانی و شۆڕشەکەی وییان پێ ڕاست و دروست و شەرعی بووە و لایەنەکەی دیکەیان پێ چەوت و هەڵە و ناشەرعی بووە[132] و پێشیان وابوو کە"سیاسەتی پشتیوانی کردنی حکومەتی عیراق و دژایەتی کردنی شۆڕش، سیاسەتێکی چەوت و خائینانەیە"[133]. بەهائەددین نووری لەم بارەیەوە دەڵێت:"لە تاوانبارکردنی ئەو یاخیبوونەی، کە دەستەیەکی جیابووەوەی نێو پارتیی بە سەرۆکایەتیی ئیبراهیم ئەحمەد، دژی بارزانی ڕایانگەیاند دوودڵیمان نەکرد. ئەم یاخیبوونەمان بە ملکەچکردن بۆ حوکوومەت دانا و لە یەکەم ڕاگەیاندنێکیشدا، کە لە لایەن سەرکردەیەتیی ڕێکخراوی

---

[129] ساڵی 1963 لە نێوان کفری و سەرقەڵادا لە گەرمێنی کوردستان و لەو شوێنەی، کە پێی دەڵێن قاتەکانی کفری، شەڕێکی سەخت لە نێوان پێشمەرگە و لەشکری حوکوومەتدا ڕووی دا. بێجگە لە پێشمەرگە، خەڵکانێکی سەر بە پارتیی و عەشایەری ئەو دەوروبەرەش بەشداریی ئەو نەبەردەیان کرد. بێگومان شەڕ لەو دەشتاییە بێئاوەدا و کەمیی و ناڕێکیی هێزی پێشمەرگە، شەڕێکی نابەرانبەر دەبێ. پێشمەرگەیەکی زۆر لەو شەڕەدا شەهید بوون و چەند کەسێکیش یەخسیر کران. یەکێک لەو کەسانەی، کە دەسگیر کرا، عەبەئامە(عەبدوڵڵا ئیسماعیل) بوو. عەبەئامە، خەڵکی کفری بوو و پارتیی بوو. ئەفسەر و سەربازەکانی حوکوومەت، وەک مەرجێک بۆ نەکوشتنی، زۆریان لەگەڵدا بە قسە و پاشان بە لێدان و ئازاردان هەوڵ دا، کە جنێو بە بارزانی بدات، بەڵام ئەو هەر جنێوی نەدا. پاشان کە زانییان ئەو هەر سوورە لە سەر ڕای خۆی بە دارتەلێکەوە هەڵیانواسی و دیسان داوایان لێکردەوە، کە جنێو بدات و هەڕەشەی کوشتنیان لێ کرد، ئەگەر جنێو نەدات، وەلێ ئەو هەر خۆی ڕاگرت و جنێوی بە زاردا نەهات. ئەوجا ئەوانیش گوللەبارانیان کرد و تەواوی عەبەئامەی بیروباوەڕ و ئاوات و لەش و قارەمانێتییان پارچەپارچە کرد.

[130] عەبدوڵڵا..، بیرەوەری..، ل129-130.

[131] بانیخێڵانی..، بیرەوەرییەکانم..، ل186.

[132] سەرچاوەی پێشوو، ل 250.

[133] سەرچاوەی پێشوو، ل276.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

هەرێمەوە دەرکرا، بە هەڵوێستێکی خیانەتکارانە نێومان برد. داواشمان لە چەکدارەکانی خۆمان کرد، کە بەشداریی لە شەڕی دژ بەواندا نەکەن"[134].

پاش کوودێتای 1968ی بەعس و لابردنی عەبدوڕڕەحمان عارف لە دەسەڵات، بەعسییەکان"جارێکی دی بە توند و تیژی دەستیان کردەوە بە بەربەرەکانێی کۆمۆنیستەکان. ئەوجا ئەوانیش ناچار بوون سەرکردەیەتیی خۆیان بەجارێک ببەنە نێو چیاکانی کوردستانەوە، و ئەمەش مانای وابوو، کە بێ چەند و چۆن پشتگیریی شۆڕشی کورد بە سەرۆکایەتیی بارزانی بکەن، و بەتایبەتی دژی دەستەی تاڵەبانی بوەستن کە بەڕاستی ئەو دەمە وەک بەتالیۆنێکی بەعس شەڕی شۆڕشی کوردیان دەکرد"[135]. بێجگە لە کۆمۆنیستەکان، کە ڕێز و خۆشەویستییان بۆ بارزانی هەبوو، تەواوی خەڵکانی دیکەی بەرهەڵستکار و دژی ڕێژیمی بەعس وەک نەتەوەییە عەرەب و ناسرییەکانیش پشتیوانیی خۆیان بەرانبەر بارزانی دەردەبڕی و تاقمی ئیبراهیم-جەلالیان بە هاوکاری بەعس و بەرەی خیانەت دادەنا[136]. هەڵوێستی گەلێری و ڕەسمیی شیعەش، کە ئەودەمە خودالێخۆشبوو سەیید موحسین ئەلحەکیم، دەمڕاست و ڕێبەریان بوو، ڕێک مەیلی بەلای شۆڕشی کورد و بارزانی و ئاشتی لە کوردستان و دژ بە دەسەڵاتی بەعس - لەو کاتەدا جەلالی لەوپەڕی تێکەڵاوییاندا بوون لەگەڵ بەعسدا- بوو[137]. ئەو بزووتنەوەیەی بارزانی، کە لە نووسین و بڵاوکراوە و ڕاگەیاندنی دەستەی ئیبراهیم ئەحمەد(جەلالی) و بەعسدا بە قەڵای ڕاسترەوایەتی دادەنرا و دادەنرێت، هەمیشە قەڵایەکی قایمی حەوانەوە و حەشارگەیەکی سەختی تەواوی چەپ و کۆمۆنیست و لێقەوماو و هەڵاتووی عیراق و دەوروبەری عیراق بووە. تاقمی ئیبراهیم-جەلال هەرچەند نێوی چەپیان لە خۆ نابوو، بەڵام لە ڕاستیدا هێندەی دنیایەک قینیان لە چەپ و چەپایەتی دەبووەوە و تەنانەت چاویان بە چەپی ڕاستەقینەشدا هەڵنەدەهات.
عەزیز ئەلحاج، کە سکرتێری حیزبی کۆمۆنیستی عیراق –سەرکردەیەتی نێوەندیی (القيادةالمركزية)بوو، بەعس گرتی و ئەویش هەموو نهێنییەکانی حیزبەکەی درکاند و بەتەواوی خۆی دا بە دەستەوە. ئێوارەی 3-4-1969 هێنایانە سەر تەلەڤزیۆنی بەغدا و زۆر شتی ناشیرینی بەرانبەر بارزانی گوت. ڕۆژنامەی ئەلنوور "کە ئەو کاتە بە

---

[134] نوري..، مذكرات..، ص249.

[135] نەبەز، جەمال، گۆڤاری کۆمۆنیستانەی یەکێتی ی تێکۆشین، ستۆکهۆڵم 1988، ل40.

[136] پاییزی 1969، ساڵی دووەمی خوێندنم بوو لە زانستگەی بەغدا. ڕۆژێک بۆ سەردانی برادەرێکم(کاک مارف حەمەغەریب)، کە لە سێیەم ساڵی زانستگە دەیخوێند، لە ئەعزەمییە(أعظمية)وە، کە بەشەناوخۆییەکەمانی لێبوو، چووم بۆ مەیدانی شەهیدان(ساحةالشهداء) لە بەری کەرخ(الكرخ) کە بەشەناوخۆییەکەی ئەوی لێبوو. لەو ئەپارتمانەی ئەودا کۆمەڵێک برادەری دیکەی هەردووکمانی لێبوون، کە هەموویان عەرەب بوون و وەک بیروباوەڕیش چەپ و ناسری و نەتەوەیی عەرەب و شیعە و لایەنگری ڕێکخراوە فەلەستینییەکان و...بوون، بەڵام هەموو دژ بە دەسەڵاتی بەعس بوون. لە ژوورەکەی کاک مارف دانیشتبووین و سەرگەرمی قسە و باس بووین، لەپڕ کاک شێخ حەمەسەعیدی مامە شێخ حەسەن، کە دۆست و خزمی هەردووکمان –مارف و من- بوو، خۆی کرد بە ژووردا. ئەو لە کەلارەوە هاتبوو و کەلاریش ئەودەم قەڵا و بنگەی جەلالییەکان بوو و کاکەشێخ بۆ خۆیشی بڕێک هەواداری وان بوو. برادەرە عەرەبەکان ویستیان بیدوێنن و پرسیاری هەواڵ و دەنگوباسی کوردستانیان لێی پرسیی. ئەویش گوتی کە هەواڵ زۆر باشە و دنیا خۆشە و چ باسی خراپ نییە. کوڕەکان پرسییان چۆن و کەی وایە؟ مەگەر شەڕ و هەرا نییە لە کوردستان. کاکەشێخیش هەر زۆر بە دڵنیاییەوە دەیگوت نەخێر شەڕ نییە و جەماعەتی بارزانی تەواوبوون و حیزب{مەبەستی حیزبی جەلالی بوو} هەموو کوردستانی لەبندەستایە و هیچ نەماوە و بۆ ئەوەی ڕاستیی قسەکەی خۆی بسەلمێنێ و جەخت لە سەر خۆشی و باشیی بارەکە و کۆنترۆڵی جەلالییان و نەمانی لایەنگرانی بارزانی بکات گوتی:"والله كاكه كل كردي جلالي و كل جلالي كردي" واتە: بەخوا کاکە هەموو کوردێک جەلالییە و هەموو جەلالییەکیش کوردە. کوڕەکانیش گوتیان: کاکە هەموو جەلالییەک کوردە، ئەمەیان زۆر ڕاستە، وەلێ بەخوا هەموو کوردێک جەلالی نییە.

[137] ساڵانی 1968 و 1969 من بۆ خۆم بەشداریی ڕێپێوانی حوسەینی و عاشوورام لە باژێڕی کەربەلادا کردووە و ئەو جۆرە دروشمانەم هەم بینیوە و هەم بیستووە و هەمیش گوتووەتەوە.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

(نەوەر) ناوی دەبرا بەواتای قەرەج"[138]، کە بەعسییەکان"لە ساڵی 1969دا ڕێ یان بە دار و دەستەی جەلال تاڵەبانی دا ڕۆژنامەیەک بە زمانی عەرەبی لە بەغدا بە نێوی((النور))ەوە دەر بکەن، بۆ بەربەرەکانێ کردنی سەرکردایەتیی بارزانی. ئەم ڕۆژنامەیە بەتەواوی زوڕناژەنێتیی بەعسییەکانی دەکرد"[139]. ڕۆژی پاشتر، تەنێ بە هۆی ڕق و قین لە کۆمۆنیستەکان، نەک لەبەر هەڵوێستی نوێی عەزیز ئەلحاج، کە ئیدی ئەویش کەوتبووە هەمان سەنگەری ئەلنوورەوە، لەبری ئەوەی بنووسن عەزیز ئەلحاج، وەک —بە حیسابی خۆیان- سووکایەتیپێکردنێک، نووسیبوویان عەزیز ئەلحاج قولی[140]. ڕۆژنامەی ئەلنووری جەلالییان و بیریارانی جەلالی، ئەو سروش و بیر و بۆچوونە "زۆر چەپییە"یان، لە ڕۆژنامەی ئەلسەورە(الثورة)ی ساڵی 1959ی شۆڤینییانی عەرەبەوە بۆ بە میرات مابووە. عەزیز ئەلحاج لەو بارەیەوە دەڵێت:"ساڵی 1959، دوای ئەوەی قاسم، دەستبەرداری چاوبڕکێ لەگەڵ کۆمۆنیستەکان و بەکارهێنانیان وەک بەرانی شەڕەقۆچ دژ بە ناسری و بەعسییەکان، بوو و گۆڕا و کەوتە سەر ڕێبازی دژایەتییان {مەبەست دژایەتی کۆمۆنیستەکانە-شاکەلی}ڕۆژنامەکانی(وەک ڕۆژنامەی ئەلسەورە"الثورة" ی یونس ئەلتائی"یونس الطائي")، بۆ ناوزڕاندنی من و تانووت و گومانکردن لە عیراقیبوونم، پێشبڕکێیان دەکرد، تا ئەوەی کە ناوی(قولی)یان لە بری(عەلی)بۆ باپیرم داهێنا. ئەوەش وەک بەشێک لە هێرشکردنە سەر حیزبی کۆمۆنیست"[141].

خەیروڵڵا توڵفاح(خيرو الله طلفاح)یش لە کتێبێکیدا بە نێوی ئەششعووبییە(الشعوبية)، بۆ سووکایەتیپێکردن و کەمکردنەوەی ڕۆڵی سیاسیی عەزیز ئەلحاج بە"عزيز الحاج قلي"نێوی دەبا[142]. هێشتا ئەو کارەی ئەلنوو و توڵفاح و ڕۆژنامەی ئەسسەورە، لەچاو کوشتنی خەڵکی بێتاواندا —کە لە بیرگەی خەڵکدا هێشتا کاڵ نەبووەتەوە و نەسڕاوەتەوە- دەکاتە هیچ. لە ساڵی 1968دا لە سلێمانی و لە شەقامی سابوونکەران و لەبەردەمی حەمامی موفتیدا، عەلی عەسکەری، کە یەکێک بوو لە سەرانی جەلالی، بە ڕێککەوت تووشی حەمەکوڵەباڵ —بەرپرسیی ناوچەی هەڵەبجەی حیزبی کۆمۆنیستی عیراق(سەرکردەیەتیی نێوەندی-القيادةالمركزية)- دەبێت، هەر لەوێدا و بە بەرچاوی خەڵکانێکی زۆرەوە حەمەکوڵەباڵ دەکوژێت[143]. دیارە پێشتریش دەستی جەلالییان بە خوێنی کۆمۆنیستەکان سوور بووە و ئەوەی حەمەکوڵەباڵ نە یەکەم ڕووداو و نە دوا ڕووداویش بووە. ساڵی 1967، لە هەڵەبجە و لە تۆڵەی "مەجیدی مەلا حامید"، کە بە دەستی ژنێک، کە گوایە کوڕەکەی چەند شەوێک پێشتر بەدەستی ئەو کوژرابوو، کۆکۆییە جەلالییەکان"عوسمانی حاجی حەمە ئەمین و دوو کوڕی خواجە حوسەین، لە ماڵ و دوکانی خۆیاندا، بەبێ تاوان کوشتن. ئەم سیانە هیچ پەیوەندییەکیان بە تێرۆرکردنی ئەو لێپرسراوەی جەلالییەکانەوە نەبوو. ئەوان تەنیا ئەندامی حیزبی شوعی عێراق بوون و کۆنە کێشەیەکی عەشیرەتیشی لە پشتەوە بوو!"[144]. وەک نموونەیەکی دیکەی ڕقی خەستی جەلالییان لە حیزبی کۆمۆنیستی عیراقی" سەرکردەیەتی نێوەندی:القيادةالمركزية "، دەکرێ ئەم وێنەیەش بخەینە بەرچاو. ئەکرەم موحەممەد ئەمین قادر، کە بە ئەکرەمی

---

[138] هەریری..، بۆ ئەوەی..،ل 96. هەژاری موکریانی ئەو ناوەی لێنابوو.

[139] نەبەز..، گۆڤاری..، ل15، ژێدەرەکان.

[140] ئەمە مامۆستای شەهید مەجید کەریم ئەحمەد ئەو کاتی بۆی گێڕامەوە.

[141] الحاج، د.عزيز، ذاكرةالنخيل، المؤسسةالعربيةللدراسات والنشر، بيروت1993،ص35.

[142] علي منهل، القدس العربي،15-5-1996.

[143] محەمەد، کامەران، شاعیر و دەسەڵات، رابوون، ژمارە 17، 1996، ل 57.

[144] نەجمەدین، پشکۆ، لە سێبەری دیوی ناوەوەی ڕووداوەکان، سوێد 1997، ل15.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

حەپسە بەناوبانگ بوو، یەکێک بوو لە لاوە کۆمۆنیستە سەرسەخت و جەربەزە و بوێر و  شۆڕشگێڕەکانی دەڤەری سلێمانی، کە هەمیشە دوژمن لێی دەترسا.  کاک ماجیدی برای ئەکرەمی حەپسە، لەمەڕ دوو ڕووداوەوە، کە ئەکرەمی حەپسە و مستەفا چاوڕەشی پوورزای، کە هەردووکیان ئەو دەمە، سەر بە حیزبی کۆمۆنیستی عیراق "سەرکردەیەتی نێوەندی: القیادةالمرکزیة" بوون و لە سەر دەستی جەلالییان تووشی بوون، وەک فیلمێکی سینەمایی دەگێڕێتەوە و دەڵێ : "کاتێک جەلالییەکان بوونە پاشکۆی ڕژێمی بەعس و بوونە پیاوکوژیان، کەوتبوونە ڕاوی خەڵکی دیموکرات و کۆمۆنیستەکان. بێگومان ئەکرەمی حەپسە و کاک مستەفا و هاوڕێکانیشیان لەو ڕاونان و هەوڵی کوشتنانە بێبەش نەبوون. دوای چەند جارێک لە هەوڵی کوشتن و لەناوبردنیان، پاییزی 1967 جارێک جەلالییان بە کۆمەڵێکی 15-20 کەسەوە، هاتنە سەر ماڵمان{لە گەڕەکی سابوونکەران لە سلێمانی-شاکەلی}، بۆ گرتن و کوشتنی ئەکرەم. ئەو شەوە لە هاوڕێیانی خۆی کەسی لەگەڵ نەبوو. تەنیا بوو و تەنیا دەمانچەیەکیشی پێبوو. هەموو لە هەیوان دانیشتبووین. کە چەکدارانی جەلالی هاتن، ئەکرەم خۆی خستە ژوورەوە و دەمانچەکەی ئامادە کرد. لە پاڵ پەنجەرەکەدا دانیشت و هاواری لێکردن، کە بڕۆن، دەنا یەک لە دوای یەک هەموویان دەکوژێت. پاش ماوەیەک هاوار و دەنگەدەنگ، جاشەکانی 66 بە سەرشۆڕی و لەترسا ماڵەوەیان بەجێهێشت و ڕایان کرد. جاری دووەم لە ساڵی 1968دا بوو. جەژنی ڕەمەزان و زستان بوو. جەلالییان بە هێزێکی زۆر و بێژمارەوە دووبارە هاتنەوە سەرمان. ماڵەکەمان دوو دەرگای هەبوو. یەکێکیان لە سەر جادەی سەرەکی بوو و ئەوی تریان لە سەر کۆڵانێکی باریک و تەسک بوو. بەرانبەر بە ماڵێکی دی. کە لە دەرگا درا و باوکم بەرەو دەرگاکە دەچوو بیکاتەوە، لە دەرگای دووەم درا. ئەکرەمی برام هاواری کرد: باوکە وەرە ژوورەوە دەرگا نەکەیتەوە! ئەکرەم هەستی کرد مەسەلە چییە. کاتێک لە پەنجەرەوە سەیری دەرەوەمان کرد، دەبینین جاشوولکەکان بڵاوبوونەتەوە و سەر جادە و سەربان و هەموو لایەکیان گرتووە. هەر لەو کاتەدا کاک مستەفا عەلائەددینی گەرمکەرەوەی ژوورەکە و کارەبای هەموو کوژاندەوە. هەرچی نوێن و شتی گەورەی نێوماڵ هەبوون، بۆ نموونە مەکینەی دروومان، خرانە بەر دەرگا و پەنجەرە بچووکەکەی، کە بەسەر کۆڵانەکەدا دەیڕوانی. پاش چەندجارێک لە دەرگادان، جەلالییان هاواریان کرد: ئێوە لە ماڵەوەن، وەرنە دەرەوە، بە سەری مەلا مستەفا، بە بارزانی هیچتان لێ ناکەین{سوێندخواردنیان بە مەلا مستەفا و بە بارزانی، بۆ ئەوە بووە خۆیان وا پێشان بدەن، کە پێشمەرگەی بارزانی و پارتین، چونکە پارتی و بارزانی لەگەڵ هەردوو حیزبی کۆمۆنیستی قیادەی مەرکەزی و لێژنەی مەرکەزیشدا نێوانیان باش و خۆش بوو-شاکەلی}. ئەکرەم و کاک مستەفا تکایان لێکردن، کە بڕۆن و پێیان گوتن، کە هەرگیز خۆ بەدەستەوە نادەن. ئەم بەزمە زۆری خایاند، بەڵام بێسوود بوو. تکایان لێکردن، تەقە نەکەن، چونکە ژن و منداڵ و پیری لێیە، بەڵام ئەو خوێنڕێژانە هیچیان بە خەیاڵدا نەدەهات و دەستیان کرد بە دەستڕێژکردن. ئیتر لە تەواوی پەنجەرە و دەرگای  سەر جادەی سەرەکی و کۆڵانەوە تەقە و دەسڕێژیمان لێدەکرا. باوکم، دایکم، نەسرین و پەروینی خوشکم، زاهیری پوورم، کچە پوورێکم، ئەکرەم و کاک مستەفا و خۆم لە نێو ماڵەکەدا بووین. تەقە و دەستڕێژیان زۆری خایاند. من و زاهیری پوورزام بریندار کراین. هەردووکمان فیشەک بەر قاچمان کەوت. من لە گۆشتی ڕانمی دا و دەرچوو، بەڵام زاهیر لە ئێسکی ڕانی دا و ئێستاش ئەو ڕانە پێکراوەی 5 سێنتیمیتر لە ڕانەکەی تری کورتترە و دەشەلێت. ئەکرەم و کاک مستەفا هەر هاواریان بەسەردا دەکردن، کە بڕۆن و ئیدی واز بێنن، دەنا دەیانکوژن، بەڵام ئەوان هەر بەردەوام بوون. لەبەر ئەوەی خانووەکەی ئێمە بەرز بوو، ئەکرەم و کاک مستەفا دەیانتوانی بە ئاسانی زۆریان لێ بکوژن، بەڵام خۆیان نەیاندەویست ئەو کارە بکەن. یەکێکیان، کە هەر وازی نەدەهێنا و دزەدزەی دەکرد، خۆی گەیاندە بەر دەرگای



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ژوورەکە و هەر دەستڕێژی دەکرد. هەرچەندە چەند جارێک ئەکرەم و کاک مستەفا هاواریان لێ کرد و داوایان لێ کرد بگەڕێتەوە، بەڵام کابرا کەللەڕەق و بەقین بوو و هەر ملی دەنا، ئیدی لەو بەینەدا کوژرا. پاش چەند سەعاتێک بێدەسەلاتانە و سەرشۆڕانە، جەلالییان گەڕانە دواوە و 100-200 میترێک دوورکەوتنەوە. هەر لەو کاتەدا خەڵکی گەڕەک بە کۆمەڵ و ورووژم خۆیان کرد بە ماڵدا و پۆلیسیش بەسەردا هات و ئێمەیان خستە نێو ئۆتۆمبیلەکانی پۆلیسەوە و بردیانین و ئەکرەم و کاک مستەفاش تێکەڵ بە خەڵکی کۆڵان بوون و بۆ خۆیان دزەیان کرد و دەرچوون"[145]. ئەکرەمی حەپسە، لە 10-12-1985دا، لە لایەن ڕێژیمی بەعسی بەغداوە لە سێدارە درا و شەهید بوو. شەهید ئەکرەمی حەپسە، دوای دوورکەوتنەوەی لە حیزبی کۆمۆنیستی عیراقی"سەرکردەیەتی نێوەندی:القيادةالمركزية"، ماوەیەک لەگەڵ کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستاندا دەبێت و دواتر وازیان لێ دێنێ و وەک چەپ و مارکسییەکی سەربەخۆ دەمێنێتەوە. لە زیندانیشدا  و تا شەهیدبوونیشی، ورەبەرز و خۆڕاگر دەبێت. مستەفا چاوڕەش، کە سەر بە هەمان حیزبی کۆمۆنیست دەبێت، دواتر وازیان لێ دەهێنێت و دەچێتە لای پارتیی دیموکراتیی کوردستان. لە نامەیەکیدا بۆ عەلی عەبدوڵڵا،  کە لە 18-9-1977دا نووسراوە، مەسعوود بارزانی دەڵێت:"...هەڵگری نووسراو مستەفا چاورەش یەکێک بوو لە ئەندامانی قیادەی مرکزی حزبی شیوعی و ئێستا وازی هێناوە بە رەغبەتی خۆی، کورێکی زیرەک و تێگەیشتو بو لە ناو ئەوان و هاتۆتە لامان استعدادی خۆی پیشان ئەدات کە ئیش بکات بەپێ ی بەرژەوەندی میللەتەکەمان و لە خەتی شۆڕش و پارتیمان لانەدات و سودی زۆر ئەبێ بە رای ئێمە خۆی خەڵکی سلیمانیە تکایە ئێوەش بیبینن و تەنزیمی علاوەی لەگەڵ بکەن بە هۆی کاک محمد رحیم بۆ مستقبل و مجالیشی بدەنێ ئیش بکات بۆ وەقفی ئەو خەڵکەی بونەتە کلکی بەعس و کوردیان فرۆشتوە ئومێد ئەکەم احترامی بگرن و سودی لێ وەربگرن.. "[146]، مستەفا چاوڕەش، پاشتردەچێتە ڕیزی کۆمەڵە و یەکیەتی نیشتمانی کوردستانەوە و تا ئێستاش یەکێکە لە سەرانی ئەوان. بێگومان دوژمنایەتیی ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی و پێڕەوانیان و وەچەکانی دواتریشیان بە کۆمۆنیستە عیراقییەکان، هێندە لە بەرچاو و زەق بووە، کە بە هیچ شتێک نەشاردراوەتەوە"دوژمنترین تاقمی هوردە بۆرژوای کوردستانی بە هوردە بۆرژوای کوردی خۆ بە عێراقی زان، دەستەی((یەکێتی ی نیشتمانی ی کوردستانی))یە بە سەرۆکایەتی جەلال تاڵەبانی"[147]. ڕووداوەکانی 1983ی پشتاشانیش، کە هەر لە ناوەڕاستی مانگی نیسانی 1983وە نیشانەکانی وەدەرکەوتبوو و یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان بە پێزانین و چرای کەسکی حوکوومەتی بەعس، ڕێگەی بۆ خۆش دەکرد و  نەوشیروان مستەفای بۆ تەرخان کردبوو، هەروا کتوپڕ و بێ بەرایی نەبوو، بەڵکە پێشتر ئامادەیی بۆ کرابوو و نەخشەی بۆ داڕێژرابوو و وەک مەرجێکیش، بۆ نێزیکبوونەوەی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، لە ڕێژیمی بەغدا و قایلبوونی بەعس بە گفتوگۆ لەگەڵیاندا، دەبوو یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، پەلاماری هێز و پارتییە سیاسییەکانی دیکەی کوردستانیان، بە تایبەت پارتیی دیموکراتیی کوردستان و حیزبی کۆمۆنیستی عیراق و ئەوانی دیکەیان، بدایە، لێ یەکیەتیی نەک هەر هێرشی کردە سەر ئەو دوو حیزبە، بەڵکە حیزبی سۆسیالیست و پاسۆکیشی پێوە دا و پەلاماری هەموویانی دا.

---

[145] کاک "ماجید موحەممەد ئەمین قادر" ی برای شەهید "ئەکرەمی حەپسە"، کە ئێستا نێشتەجێی ئەڵمانیایە، ئەو باسەی لە نامەیەکیدا، لە کۆتایی 1999دا، بۆ کاک "بەختیار مستەفا" ی نێشتەجێی سوێد نووسیوە و منیش بە ئیجازەی هەردووکیان سوودم لێ وەرگرت. کاک ماجید، خۆیشی بە تەلەفۆن ئەو باسەی بۆ خۆم گێڕاوەتەوە.

[146] محمود، محمد حاجی، ڕۆژژمێری پێشمەرگەیەک، بەرگی سێ یەم 1987-1991، چاپی یەکەم، چاپخانەی تیشک، سلێمانی 2001، ل352.

[147] نەبەز، جەمال، بیری نەتەوەیی ی کوردی نە بیری "قەومیەت"ی ڕۆژهەڵاتی و نە بیری"ناسیۆنالیزم"ی ڕۆژاوایی یە، ستۆکهۆلم1984، ل261.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

یەکیەتیی نیشتمانیی، بۆ ئەوەی تەدارەکی ئەو کارە ببینێت و خۆی بۆ ئامادە بکات، هەر لە مانگی 1982/10دا، نەوشیروان مستەفا و جەلال تاڵەبانی، بۆ خۆیان لەگەڵ هەرسێ بەڕێوەبەرانی ئاساییشی کەرکووک و سلێمانی و هەولێر، لە گوندی (گۆڕەشێر)ی سەر سنووری عیراق و ئێران، جڤینێکیان کرد و بە مەرجەکانی عیراق قایل بوون[148] و ئیدی کەوتنە ڕێگەخۆشکردن بۆ کارەکەیان و نەوشیروان مستەفای ڕێبەری ئەو شەڕانە، چالاکانە خەریکی کۆکردنەوەی هێزێکی گەورەبوو بۆ پەلامارێکی لە ناکاو. تەواوی ئەو کەلوپەل و پێویستییە سەربازییە پڕتفاق و ڕێکوپێکەی یەکیەتیش لە ناوچەکەدا بۆ ئەو خۆئامادەکردنە، لە ڕژێمی بەعسەوە نێردرابوو و لە ڕێگەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە(حدکا) بە یەکیەتیی گەیشتبوون[149]، سەلماندنێکی ئاشکرا و لەبەرچاوی ئەو ڕقە خەستەی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانە، کە درێژەپێدانی بیروباوەڕی ئیبراهیم ئەحمەد-جەلال تاڵەبانییە، لە هەموو چەپ و کۆمۆنیستێک. نەوشیروان مستەفا، کە لە ساڵی 1981دا، لەلایەن حیزبی سۆسیالیستی کوردستانەوە گیرابوو و بەو گوندانەی کوردستاندا وەک دیل دەیانگێڕا و بەکۆششی حیزبی کۆمۆنیستی عیراق-هەرچەندە بۆ خۆی وا ناڵێت و بە قارەمانیەتی خۆی دەیداتە قەڵەم- بەردرا، هێندەی ڕق لە کۆمۆنیزم و حیزبی کۆمۆنیست بووە کە"مردنی لا باشتر بووە وەک لەوەی حزبی شیوعی ڕزگاری بکات و لەناو جەماوەرەکەدا دەنگ بداتەوە کە حزبی شیوعی شەخسی دووەمی یەکیەتییان لە کوشتن ڕزگار کردووە، کە ئەوەش سیاسەتی ئاشتیخوازانەی شیوعییەکان ئەسەلمێنێت، لەوانەیە بەوە ڕازی بووبێت، کە حسک بە هەموو کوردستاندا بیگێڕێت و ریسوای بکات، بەڵام نەک حزبی شیوعی سەرکەوتنێکی مەعنەوی و سیاسی لە کوردستاندا بەدەست بهێنێت"[150]. نەوشیروان مستەفا، کە لەوەتی لە نێو شۆڕشی کورددا بووە تا ئەو کاتەی پشتاشان و ئەوانە "جگە لە شەڕی چەنگیان لە هیچ شەڕێکی دژی ڕژیم بەشداری نەکردوە لە کوردستان"[151]، لەژێر دروشمی "تۆڵە بەسەبرە ئەمما بە زەبرە"دا، هێرشی دڕندانەی خۆی لە پشتاشان دەستپێکرد و بۆ ئەوەی دەست نەپارێزی و قڕان بخاتە نێو کۆمۆنیستەکان و حیزبە کوردییە نەیارەکانی دیکە و تاقیان لێ ببڕێت، دروشمی"با پەرێزمان پاکژ بێت"یشی بە سەر دروشمی پیشوویدا کرد "نکۆڵی لەوە دەکات کە لە شەڕی((پشتاشان))دا هیچ دیلێک کوژرابێت، کەچی هەم خودی چەکدارەکانی یەکێتی و هەم ئەو ئافرەتانەی حشع{واتە: حیزبی شیووعی عیراقی-شاکەلی} کە ئێستا ماون و هەندێکیان لە هەندەران دەژین، شایەتی زیندووی گوللەباران کردنی کۆمەڵێک چەکداری بەدیلگیراوی ((جود))ن"[152]. کوشتنی دەیان لاو و ژن و کچی کورد و عەرەب و کادری بژیشکی و دیل و سووکایەتی و یاریکردن بە لاشەکانیان لەو ڕووداوانەدا، بێجگە لە سادیزم وەک چوارچێوەی دیتن و سروشتی بیرکردنەوەی هێڵی ئیبراهیم ئەحمەد-جەلال تاڵەبانی و پێڕۆیانیان، شتێکی دیکە ناگەیەنێت. هەرچەندی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان و چەکدارانی جەلالی ئەو هەڵوێستە توند و دڕندانەیان لەهەمبەر کۆمۆنیستان نواندووە و ئەو کارانەیان دژیان کردووە، کەچی هەندێک لە کۆمۆنیستان هەر لە سەر

---

148 ڕێبوار(ئاسی ڕەباتی)، هەڵوێستی یەکێتی و تاڵەبانی دەربارەی شۆڕشی کوردستانی باشوور، بەشی یەکەم،سوێد1989،ل44.

149 ڕەشید، قادر(ئەبوشوان)، پشتاشان لەنێوان ئازار و بێدەنگیدا، 1998،ل10-11.

150 سەرچاوەی پێشوو، ل78.

151 محمود، محمد حاجی، ڕۆژژمێری پێشمەرگەیەک، بەرگی یەکەم 1982-1986، ل170-171. ساڵ و شوێنی چاپ و نێوی چاپخانەی نەنووسراوە.

152 نەجمەدین..، لە سێبەری ..، ل59. جود: واتە: بەرەی نیشتمانیی دیموکراتی: الجبهەالوطنیەالدیمقراطیە، کە پێکهاتبوو لە: حیزبی کۆمۆنیستی عیراق، پارتیی دیموکراتی کوردستان، حیزبی سۆسیالیستی کوردستان و پاسۆک.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

هەڵوێستە نەرم و نابەرپرس و خەمسارد و ناشۆڕشگێڕەکانی خۆیان بەردەوام بوونە و بە هیچ شێوەیەک لە ئاستی ئەو کۆست و کارەساتە مەزنەی، کە بە سەریاندا هاتووە نەبوونە و هەرگیز وەک پێویست و ئەرک و باوەڕ و دیدیش نەیانتوانیوە دژ بە کارەکانی ئەوان(جەلالی) ڕاوەستن و بەریان پێ بگرن. فاتیح ڕەسووڵ، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی عیراق و نووسەری کتێبی"چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی خەباتی گەلی کورد"، کە ناوی 82 کەسی لە کوژراوانی حیزبی کۆمۆنیست، کە 46یان عەرەبن و 36یان کورد، ڕیز کردووە و نامەکانی نەوشیروان مستەفا و سەرانی دیکەی یەکێتی و بەیاننامەکانی حیزبی کۆمۆنیست و پاسۆک و سۆسیالیست و ئەوانی دیکە، ڕادەی توندڕۆیی و تاکڕەوی و یەکملیی و شەرفرۆشتنی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان(بیروباوەڕی ئیبراهیم ئەحمەد-جەلال تاڵەبانی) پێشان دەدەن. سەرباری ئەو هەڵوێستە دوژمنانەی یەکیەتیی لە کۆمۆنیستەکان و ئەو هەموو شتانەی کە ڕوویانداوە، مرۆڤ کە هەرسێ بەرگی ئەو کتێبەی فاتیح ڕەسووڵ دەخوێنێتەوە، هەڵوێستی ناشۆڕشگێڕانە و سازشکارانە و مەراییکارانە و تەنانەت جەلالییانەی نووسەری ئەو کتێبەی بۆ دەردەکەوێت. فاتیح ڕەسووڵ تەنانەت هەر بە "کاک"، نێوی نەوشیروان مستەفای کوژەری هاوڕێیانی دەبات و ناتوانێت شتێکی دیکەی پێ بڵێت [153]. بێگومان تەنێ هەڵوێستی فاتیح ڕەسووڵ وا نەبووە، بەڵکە هەڵوێستی هەندێک لە سەرانی حیزبەکەی فاتیح ڕەسووڵ، کە لەتاو گیانی خۆیان نواندیان پاش گرتنیان لە لایەن هێزەکانی جەلالییەوە- ئەو بڵاوکراوەیەی لە لایەن مەلا ئەحمەدی بانیخێلانی و کەریم ئەحمەدەوە لەگەڵ جەلال تاڵەبانیدا مۆر کرابوو -کە هێشتا خوێنی هاوڕێیانی حیزبەکەیان لە پشتاشان وشک نەبووبووەوە، هیچ لەوەی فاتیح ڕەسووڵ شۆڕشگێڕانەتر نەبووە ئەگەر ترسنۆکانەتر نەبووبێت. ڕێککەوتنی "بەهائەددین نووری"یش لەگەڵ مەلا بەختیاردا، لەو سەروبەندەدا، هەر دەکەوێتە ڕیزی ئەو هەڵوێستە ناشۆڕشگێڕانەی سەرانی کۆمۆنیستەکانەوە. نواندنی هەڵوێستی ناشۆڕشگێڕانە و سازشکارانە لە لایەن سەرانی حیزبی کۆمۆنیستی عیراقەوە و بە تایبەت لە لایەن ئەوانەی، کە پاشتر بوونە بنەما و بناخەی ڕێکخراوی کۆمیتەی ناوەندی(اللجنةالمركزية)، دیاردەیەکی نوێ نەبوو و لەمێژ بوو حیزبی کۆمۆنیستی عیراق دوچاری بووبوو و بووبووە نیشانە و سیمایەکی ئەو حیزبە. لە پاش کۆنگرەی ئابی 1964، کە ئیدی هێڵی لادەر و ڕاسترەو لە نێو حیزبی کۆمۆنیستی عیراقدا زاڵ بوو، لە نێو هەرێمی کوردستانی ئەو حیزبەشدا هەمان هێڵ زاڵبوو. لەنێو ئەو حیزبەدا و هەرێمی کوردستانەکەیشیدا دەنگگەلێک بڵند بوونەوە، داوای هەڵوەشاندنەوەی حیزبی کۆمۆنیستی عیراق و تێکەڵکردنی بە"یەکیەتیی سۆسیالیستیی عەرەب-الاتحادالاشتراكي العربي"، کە ڕێکخراوێکی حوکوومەتیی بوو و عەبدوسسەلام عارف دایمەزراندبوو، دەکرد، فاتیح ڕەسووڵی، بەرپرسی ڕێکخستنی سەربازیی لە کەرکووک و ئەندامی هەرێمی کوردستانی ئەو کات و دواتر ئەندامی کۆمیتەی نێوەندیی حیزبی کۆمۆنیست، یەکێک بوو لەو دەنگانە [154]. فاتیح ڕەسووڵ، لەسەردەمێکدا، کە حوکوومەتی بەعس کەوتووەتە ڕاونانی کۆمۆنیستەکان، واتە ساڵی 1978 و ئیدی کۆمۆنیستان هەڵدێن و ڕوودەکەنە چیا و باس لە خەباتی چەکداریی دەکەن، ڕێک لەو کاتەدا هەوڵی خۆشاردنەوە و خۆبزرکردن و بڕینی پێوەندی بە ڕێکخراوەکەی خۆیەوە و بە ئەبوو حیکمەتی بەرپرسی و بەو هاوڕێیانەی، کە حوکوومەت نەیگرتوون و خۆیان شاردووەتەوە، دەدات. هەر بۆ ئەوەش دەچێتە بەغدا و دەرفەتی سەفەری قادر ڕەشید(ئەبوو شوان)، کە بۆ وەرگرتنەوەی هەندەک چەک دەچێتە بەغدا، دەقۆزێتەوە و دەیەوێ لەوێ خۆی وەشێرێ. لە ڕێگەش باسی یادداشتێک دەکات، کە حیزبی کۆمۆنیست بە

---

[153] رەسول، فاتح، چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی خەباتی گەلی کورد، بەرگی سێیەم، سوید1994، ل260-264.

[154] عبدالكريم..،أضواء..، الجزءالرابع(18تشرين الثاني1963-17-30تموز1968)،ص102.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

حوکوومەتی بەعسی داوە، بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوانیان و کۆلێک دڵێ بەو یادداشتە خۆشە - لە کاتێکدا کە کەس لە سەرکردەیەتی و بنکردەیەتی حیزبی کۆمۆنیست نەماون، کە بگەڕێنەوە جێی خۆیان- و چاوەڕوانی نوێکردنەوەی دۆستایەتییە لەگەڵ بەعسدا. ڕەسووڵ، لە کاتێکدا وا دەڵێت، کە زیاتر لە دوو هەزار ئەندامی حیزبەکەی لە هەولێر گیراون و ئەشکەنجە دراون و پاکانەیان پێکراوە. هەر بەوەدا دیارە، کە ڕەسووڵ خۆی شاردووەتەوە و ئاگای لەو ماڵوێرانییەی حیزبەکەی نییە! کە ئەبوو شوان دەگەڕێتەوە بۆ هەولێر دیسان فاتیح ڕەسووڵی لەگەڵ دێتەوە.، فاتیح ڕەسوڵ بۆ ئەوە دەچێت بۆ بەغدا، کە عەبدوڕەززاق ئەسساف"عبدالرزاق الصافي"ئەبو موخلیس، ڕێگەی بدات لە بەغدا بمێنێتەوە. بەڵام ئەسساف پێی وتبوو باشترە بگەڕێتەوە بۆ لای ڕێکخراوەکەی لە هەولێر. ئەو کاتە فاتیح ڕەسوڵ نەیدەزانی، کە هاوڕێیانی دەنێردرێنە دەرەوە بۆ ناوزەنگ، ئەبوو حیکمەت پێی نەوتبوو. ئەبو حیکمەت تێبینی خۆی لەسەر خۆشاردنەوەی فاتیح ڕەسوڵ لە ڕێکخراوەکەی و هەڵوێستی وی هەبوو. هەڵوێستی فاتیح ڕەسوڵی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستیش، هەر وەک هەڵوێستی ئاشبەتاڵانەی "زەکی خەیری" بۆ لەباربردنی تێکۆشانی چەکداری و هەڵوێستی عەبدولڕەزاق ئەسساف و تەسلیمکردنەوەی 700 پارچە چەک بە بەعس و دواییش بە دەستی خاڵییەوە هاتنەدەرەوەی بۆ "خەباتی چەکداری"لە پشتاشان و هەڵوێستی ئەندامانی ئەنجومەنی جێبەجێکردن و ئەنجومەنی یاسادانان، کە ئەوانیش چەکەکانیان دەدەنەوە بە بەعس و بە دەستی پەتییەوە دێنە دەرەوە، دەبێت و ئەویش چەکەکەی دەداتەوە حوکوومەتی بەعس و بەدەستی پەتییەوە دەچێتە دەرەوە بۆ "خەباتی چەکداریی"، کە سەرجەم هۆیەکانی ئەو قەیرانە ناوخۆییانەی حیزبی کۆمۆنیستن، کە بە دەستیانەوە دەناڵێنێت[155]. ساڵی 1987 لە ئۆردووگای سەریاسی لای کرماشان، سێ چوار لاوی خەڵکی هەڵەبجە و سلێمانی، کە کاتی خۆی وەک سەربازی هەڵاتوو لەو دەمەی ڕووداوەکانی پشتاشاندا ڕێیان دەکەوێتە بارەگاکانی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، بۆیان گێڕامەوە، کە هەندەک لەو ژنانەی، کە بە دەستی چەکدارەکانی یەکیەتیی کوژراون، ئاوس دەبن و ئەو چەکدارانە هەر بە قەمەی تفەنگەکانیان زگیان دەدڕن. هەروەها هەندێ لەو کۆمۆنیستانەی، کە چەکدارانی یەکیەتیی بە یەخسیری دەیانبەن بۆ بارەگاکانی خۆیان و هەواڵ دەدەن بە نەوشیروان مستەفا، کە ڕێبەری شەڕی براکوژی و سەرکردەی هێزەکای یەکیەتیی دەبێت، کە ئەو یەخسیرانەیان هێناوە، ئەویش دەپرسێت: ئەوانە کێن؟ دەڵێن: کۆمۆنیستەکانن. ئەویش دەڵێت: ئەو سەگانەتان بۆ گەیاندووەتە ئێرە، دەبوو هەر لە ڕێگە لە کۆڵتان بکردنایەوە، برۆن تەواویان کەن. دوای چەند دەقیقەیەک دەنگی دەستڕێژ وهاڕەی گوللە دەبیسترێت و یەخسیرەکان تەواو دەکرێن. ئەو سادیزمە ئەگەر لە خەڵکانی دیکەدا کەمتر وەدیار کەوێت، لەکن نەوشیروان مستەفای ڕێبەری ئەو شەڕانە، وەک ڕۆژی نیوەڕۆ خویا و لەبەرچاوە. نەوشیروان" فەرمانی تالان کردنی ئاشقۆلکە و قرناقە و پشت ئاشانی دەرکرد و جل و پێڵاو لەبەر شەهید دابکەنن و ئەگەر شەهیدێک یەک دیناری پێبێ لە گیرفانی دەردەکرا. ژن دەکوژرا و سوکایەتی پێ دەکرا"[156]. هەڵوێستی پێشمەرگەیەکی کۆمۆنیستی عەرەبی خەڵکی ناسرییە(الناصرية)، کە جەلالییان بە دیل دەیگرن، گەلێک لە هەڵوێستی سەرانی حیزبی کۆمۆنیست بوێرانەتر بووە. سابیر کۆکەیی، کە چەکداری یەکێتی نیشتمانی کوردستان بووە و بەشداریی شەڕەکانیانی کردووە لەمەڕ شەڕی قرناقا و پشتاشانەوە و ئازایەتی ئەو پێشمەرگەیەوە دەڵێت:"لە ئاکامی هێرشەکە دیلێکی بەرەی جودمان دەستگیر کرد، دەرچوو شیوعی و عەرەب بوو، زۆر ئازا بوو،

[155] ڕەشید..، پشتاشان..،ل98-104.
[156] محمود..، ڕۆژژمێری..،ل170-171.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئەم بەردو ئەو بەردی لەگەڵ دەکردین تا گرتمان هەشت (مەخزەن)ی لە چەکەکەی تەقاندبوو. هۆی خۆبەدەستەوە نەدانیمان لێ پرسی، لە وەڵامدا ووتی: زەمیرم قەبووڵ ناکات تەسلیم بە جەلالیەت بم..کابرای عارەب قەبووڵی نەبوو خۆ بە دەست جەلالیەت بدات، بەڵام ئەحمەد بانیخێڵانی و بەهاددین نوری(سەرکردایەتی کرێکارانی جیهانی) لەگرتنیاندا داوایان کردبوو بیان بەن بۆ لای هەڤاڵی تێکۆشەر جەلال تاڵەبانی"[157]. کۆکەیی، لە باسی بەدیلگرتنی سەرانی حیزبی کۆمۆنیستدا، کە دەڵێ : ئەحمەد بانیخێڵانی و بەهائەددین نووری بوون، شاشە. ئەحمەد بانیخێڵانی و کەریم ئەحمەد بوون، نەک بەهائەددین نووری. ئەحمەد بانیخێڵانی و کەریم ئەحمەد لە 8-5-1983دا گیران و لەگەڵ جەلال تاڵەبانیدا ڕاگەیاندنێکی هاوبەشیان دەرکرد و تیایدا دژی شەڕی نێوخۆ ڕاوەستان و داوای دۆستایەتییان"دۆستایەتی دیل و دیلگر!" لەگەڵ یەکێتیدا کرد. کۆمۆنیستەکان و بەتایبەت ئەوانەی خوارەوەیان ئەو کارەیان پێ خراپ بوو و بە ناڕاست و ناڕەوایان زانی[158]. دیارە تەنیا پێشمەرگەپیاوەکان نەبوونە، کە ئازایەتی بنوێنن، بەڵکە پێشمەرگەژنەکانیش ئازایەتییان نواندووە. لەنێو ئەو ژنەکۆمۆنیستانەدا، کە جەلالییان بە یەخسیری دەیانگرن، "فریشتە" ناوێک و "فەیرووز خانمی خێزانی فاتیح ڕەسووڵ" دەبن، کە بەدیلی دەیانبەن بۆ بارەگاکانی خۆیان و لەوێش سووکایەتییان پێدەکەن، بەڵام ئەوان هەڵوێستێکی مەردانەیان دەبێت و سەرزەنشتی سەرکردە و چەکدارەکانی یەکیەتیی دەکەن و ریسوایان دەکەن[159]. هەر لەو سەروبەندەدا، کە "ڕێژی یەکجار زۆری جەلالییان لە ژن و لە شەهید و لە کۆمۆنیست و لە فەرهەنگی مرۆڤ و ئیسلام و کورد!!!" پێشان دەدا، دەکرێ باسی "عەشتار" بکرێت، کە کچەپێشمەرگەیەکەی کۆمۆنیست و عەرەب دەبێت و "لە سەنگەرەکەیدا شەهیدیان کرد، لە تەنیشت تۆپە دوورهاوێژەکەیەوە، کە نەوشیروانی سەغڵەت کردبو و.. چەکدارەکانی ینک کە دێنە ناو گوندەکەی پشتاشانەوە، بە پاچ و پێمەڕە ئەکەونە گۆڕی ئەو شەهیدە..بۆ دەرهێنانی تەرمەکەی و بە حسابی خۆیان لەگەڵ تەرمەکەیدا چەک شاراوەتەوە، تەرمەکەش هەروا بەجێئەهێڵن و کە لە دواییدا چەند کەسێکی خێرخوازی گوندەکە دیسان تەرمەکە ئەخەنەوە ناو گۆڕەکەو دایئەپۆشنەوە"[160]. پشتاشان، بێجگە لە دەرخستنی ڕقی خەستی جەلالییان لە کۆمۆنیستەکان و خەڵکانی دیکە، هەوڵ و تەقەلایەکی جەلییانەش بوو، بۆ پتر نێزیکبوونەوە لە ڕێژیمی بەغدا و خۆبەدەستەوەدان بەو و وەدەستخستنی برێک چەشە بۆ درێژەپێدان بە لەنێوبردنی نەیارانی ڕێژیم. لەو شەڕانەشدا "چەندەها ئافرەت و دیلیان تێدا سەربڕی و دەستیان بۆ ناموسی ئافرەت بە شێوەیەکی دڕندانە درێژکرد و هەموو نەریتێکی دیموکراتی و مرۆڤایەتی و بگرە دینی و خێڵایەتیشیان خستە ژێر پێیانەوە، تەنها لە پێناوی نێزیک بوونەوەیاندا لە رژێمی بەغدا"[161]. لە مانگی 7-1984دا، لە شەڕێکدا لە نێوان هێزێکی حیزبی سۆسیالیست و هێزێکی حیزبی کۆمۆنیستی عیراق لە لایەک و هێزی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان لە لایەکی دیکەوە، لە دەشتی هەولێر و شەقڵاوە و قەڵاسنجە و دەوروبەری، پاش شەڕ و پێکدادانێکی دوو ڕۆژی و زیانێکی زۆر لە هەموو لایەک، هێزەکەی یەکیەتیی، کە پتر زیانی لێدەکەوێت، دیسان خۆ کۆدەکاتەوە و پەلامار دەداتەوە و زیانێکی زۆر بە هێزەکەی حیزبی کۆمۆنیست دەگەیەنێت. موحەممەدی حاجی مەحموود، کە ئەو کاتی یەکێک بوو لە سەرانی حیزبی

---

157 کۆکەیی، سابیر، ناڵەی پێشمەرگەیەک بۆ مێژوو، بەشی یەکەم، 2001، ل147 و148.

158 محمود،، ڕۆژمێری..، ل117.

159 رەشید،، پشتاشان..، ل16-17.

160 سەرچاوەی پێشوو.

161 ڕێبوار(ئاسی ڕەباتی)، هەڵوێستی یەکێتی و تاڵەبانی دەربارەی شۆڕشی کوردستانی باشوور، بەشی یەکەم،سوێد1989،ل45.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

سۆسیالیستی کوردستان و له ڕێبەره سەربازییەکانی ئەو حیزبەش بوو، لەمەڕ دیلکوشتن و ڕەوتاری چەکدارانی یەکیەتیی لەهەمبەر کۆمۆنیستەکانەوە دەڵێت:"ئەو هێزەی حزبی شیوعی بەتایبەتی ئەوانەیان عەرەب بون له تینوێتی دا ماندوبون و زۆر لەو پێشمەرگانه له تینوێتی دا میزی خۆیان دەخواردەوە، (9)کەس له حزبی شیوعی گیران و پاشان هەر لەوێ یەکێتی گولەبارانی کردن"[162]. یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، زۆر پاش شەڕی پشتاشانیش هەر شەڕی به کۆمۆنیستەکان فرۆشتووه و هەوڵی لەنێوبردنیانی داوه و بەدیلی کوشتوونی. ڕێباز، که کادر و فەرماندەیەکی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان بوو، له بیرەوەرییەکانی خۆیدا به نێوی(قەندیل بەغدای هەژاند) وشەی (دیلکوژەکان) بۆ چەکدارانی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، بەکار دێنێت و به شەرمەوە باس له دیلکوشتن و ئەو شەڕانه دەکات که له 2-6-1985دا، واته له سەردم و کاتی گفتوگۆی یەکیەتیی و حوکوومەتی بەعسدا دژ به حزبی کۆمۆنیستی عیراق کران. له برووسکەیەکیدا دەڵێت:" له ڕێبازەوە بۆ مەڵبەندی چوار ((مام هیدایەتمان به دیل گرتووه، تکایه فەرمان بدەن!))، له مەڵبەندی چوارەوە بۆ کاک ڕێباز((مام هیدایەت له گوندەکەی خۆیان بکوژن!)). مام هیدایەت چەکدارێکی حشع{حیزبی کۆمۆنیستی عیراق-شاکەلی} بووه و برووسکەکەش له ماڵی خۆیاندا کراوه"[163]. نەوشیروان مستەفا دەڵێت:"تەقەلا دەدەین خۆمان له بیروڕای چەپگەری توندوتیژ ڕزگار بکەین. دژی بیر و ئایدیۆلۆژیای(ماو)ین، پەیوەندیمان به کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران هەیه، له کردەوە و هەڵوێستی هەرزەکارانەیان رازی نین"[164]. وەک هاوکێشەیەکی ماتماتیکی، یەک هەنگاو دوورکەوتنەوە له بیروباوەڕی چەپ و کۆمۆنیزم و هەڵوێستی هەرزەکارانەی ماویزم بەلای هێڵی ئیبراهیم ئەحمەد-جەلال تاڵەبانییەوە، دەکاته یەک هەنگاو —ئەگەر دوو هەنگاویش نەبێت- نێزیکبوونەوە له داپڵۆسین و لەنێوبردن و کوشتنی خەڵکانی چەپ و کۆمۆنیست، واته: باجی ئەو دوورکەوتنەوەیه چەپ و کۆمۆنیستان دەیدەن. کوشتنی(ئەبووبەکر عەلی) شاعیریش، که داکۆکی له خەڵکانی چەوساوه و چینی پێشێلکراوی خانووه قوڕەکانی شاری سلێمانی دەکرد و مرۆڤێکی چەپ و هەواداری کۆمۆنیسته کرێکارییەکان بوو، له ساڵی 1994دا، لەسەر دەستی چەکدارەکانی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان هەر بەشێکه له دوژمنایەتیکردنی چەپایەتی و کۆمۆنیزم و چەپ و کۆمۆنیستان.

---

[162] محمود..، ڕۆژژمێری..، ل205-206.

[163] نەجمەدین..، له سێبەری ..، ل60-61.

[164] ڕەسول،فاتح، چەند لاپەڕەیەک له مێژووی خەباتی گەلی کوردمان، ڕووداو و بەڵگەنامە1980 و 1981، بەرگی دووەم، سوید1992،ل115.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com